

**د.ئیسماعیل ئیبراهیم مستەفا**

- پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە بەشی عەرەبی کۆلیجی زمان/ زانکۆی سلێمانی.
- بڕوانامەی ماستەر ساڵی ٢٠٠٧ لە زانکۆی سلێمانی لە ئەدەبی عەرەبی.
- بڕوانامەی دکتۆرا ساڵی ٢٠١١ لە زانکۆی سلێمانی لە ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخ.
- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر و دەستەی کارگێڕی سەنتەری زەهاوی.
- خاوەنی چەند کتێبێکی دانراو و وەرگێڕدراو و چەندین توێژینەوەو وتار لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا و بەشداری چەندین کۆنگرە و کۆنفرانسی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی.

نووسینی: د. فەتحی مەلکاوی

وەرگێڕانی: د. ئیسماعیل بەرزنجی

# پوختەی کتێبی
# بونیادی هزری




له بڵاوکراوەکانی
سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی (٤٥)

پوختەی کتێبی بونیادی هزری

و: د.ئیسماعیل بەرزنجی

مختصر
البناء الفكرى




سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

**سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی**

سەنتەرێکی کوردستانی ناحکومی ناسیاسییە، گرنگیی دەدات بە توێژینەوە و تاوتوێکردنی پرسە هزرییە بنەڕەتییەکان بۆ دووبارە هێنانەگۆی دەق و تێکستە پیرۆزەکان و چۆنیەتی دابەزاندنی چەمکە مەعریفی و بەبایەخەکانی ئیسلام لە بوارە جیاوازەکانی سەردەمدا،

**ئامانجەکانی سەنتەر:**

- بوژاندنەوەی بیرو هزر و بەکارخستنی مەعریفەی ئیسلامی لە ناوەندە زانکۆیی و پەروەردەییەکاندا، بە پشتبەستن بە بەهرە و توانا خودییەکانی ئەکادیمیانی کوردستان و جیهانی ئیسلامی و ئەزموونی بیرمەندانی مسوڵمان.
- پەرەپێدان و پەسەندکردنی ڕوانگەی زانستی مەنهەجی لە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە هزرییەکاندا و بێلایەنبوون لە پرسە خیلافییەکاندا و خۆبەدوورگرتن لە بڕیاری پێشوەخت و شێوازی سۆزدارانە و هەوڵدان بۆ بابەتیبوون.
- کاراکردنی کەلەپووری دەوڵەمەندی ئیسلامی و سوودوەرگرتن لە سەرچاوە گرنگەکانی بیری ئیسلامی لە کۆن و نوێدا و سەرلەنوێ هێنانەگۆی چەمکە فیکرییە دوێنراوەکان لە مێژووی ئیسلامیدا، بە ڕەچاوکردنی گۆڕانەکانی سەردەم.
- پەرەپێدانی چەمکی ئیعتیدال لە کایە فیکری و مەعریفییە جیاوازەکاندا و خۆبەدوورگرتن لە تێپەڕاندن و بەزایەدان.
- سەنتەر کاردەکات بۆ سەرلەنوێ و بەردەوام خوێندنەوەی هەردوو پەڕاوی قورئان و بوونەوەر بەپێی مەنهەج و میتۆدی زانستی و بەبێ چاولێکەری، بەڵکو بە نەفەسێکی تازە و بە سوودوەرگرتن لە عەقڵی ڕاشکاو و نەقڵی سەلمێنراو.

پوختەی کتێبی

# بونیادی هزری

نووسینی: د. فەتحی مەلکاوی

وەرگێڕانی: د. ئیسماعیل بەرزنجی

# پوختەی کتێبی بونیادی هزری

....................................................

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی
ژمارە (٤٥)

- نووسینی: د. فەتحی مەلکاوی
- وەرگێڕانی: د. ئیسماعیل بەرزنجی
- بابەت: هزری
- دیزاین: ڕەوشت محەمەد
- چاپ: یەکەم

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (١١٧٦)ی ساڵی ٢٠١٧ پێدراوە

# ناوەرۆك

پێشەکی وەرگێڕ .......................... ٥
پێشەکی .......................... ٧

## بەشی یەکەم: هزر لە سەرچاوە ئیسلامیەکاندا

یەکەم: هزر لە قورئان و سوننەتی پیرۆزی پێغەمبەردا .......... ١٢
دووەم: هزر لە کەلەپووری ئیسلامیدا .......... ١٤
سێیەم: هزر یەکتاپەرستی، دەروونپاکی و ئاوەدانیە .......... ٢٢
چوارەم: هزر باوەڕ و زانست و کردارە .......... ٢٥
پێنجەم: زاراوەی فیکری ئیسلامی .......... ٣٣
شەشەم: هزر و سۆز .......... ٣٦

## بەشی دووەم: بونیادی هزری و ئاستەکانی

یەکەم: بونیادی هزری بونیادنانە، بەڵام لە هزردا .......... ٤٢
دووەم: قۆناغەکانی بونیادنانی هزری و ئاستەکانی .......... ٤٤
سێیەم: دیالۆگی زانست و هزر .......... ٥٠
چوارەم: جوڵەی هزر و هزری بزووتن .......... ٥٤
پێنجەم: قوتابخانە فیکرییەکان .......... ٥٩

## بەشی سێیەم: بونیادی هزریی کۆمەڵگا و ئوممەت

یەکەم: شووناسی هزریی .......... ٦٦
دووەم: بونیادی فیکری لە نێوان چەقبەستن و نوێبوونەوەدا .......... ٦٨
سێیەم: بە بازاڕکردنی بیروبۆچوونەکان .......... ٧١
چوارەم: پێویستی ئوممەت بە سەرکردەی زانستی و هزریی .......... ٧٣

## بەشی چوارەم: نەخشەکانی بونیادی هزری


یەکەم: نەخشەی سەرچاوەکانی بونیادی هزری .................................. ٨٧

دووەم: نەخشەی بابەتەکانی بونیادی هزری .................................. ٨٩

سێیەم: نەخشەی میکانیزمەکانی بونیادی فیکری و ئامرازەکانی .............. ٩٤

چوارەم: نەخشەی پێوانی بونیادی هزری .................................. ٩٨

پێنجەم: نەخشەکانی مێژووی بیروبۆچوونەکان .................................. ١٠٢

شەشەم: نەخشەکانی هزری جوگرافی و جوگرافیای هزر .................................. ١٠٤

حەوتەم: پرەنسیپەکانی قبوڵکردنی بیروبۆچوونەکان .................................. ١٠٧


## بەشی پێنجەم: هزر و زمان


یەکەم: رەهەندی مێژوویی پەیوەندی هزر بە زمانەوە .................................. ١١٢

دووەم: جوان دەربڕین لە نێوان هزر و زماندا .................................. ١١٥

سێیەم: تیۆرەکانی پەیوەندی نێوان هزر و زمان .................................. ١١٧

چوارەم: هزر و گەشەکردنی توانا زمانیەکاندا .................................. ١٢٢

پێنجەم: تێکدانی فیکر و زمان .................................. ١٢٥

شەشەم: قسەکردن و وتەی دەروون .................................. ١٢٦


## بەشی شەشەم: ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی هزر و...


یەکەم: گەشەپێدانی بیروبۆچوونەکان .................................. ١٣٤

دووەم: سەرهەڵدانی ناوەندەکانی توێژینەوە و ئامانجەکانیان .................. ١٣٦

سێیەم: لەبارەی بابەتی ناوەندەکانی توێژینەوە .................................. ١٤٢

چوارەم: ناوەندەکانی توێژینەوە و راگەیاندن .................................. ١٤٩

پێنجەم: ناوەندەکانی توێژینەوە لە جیهانی عەرەبیدا .................................. ١٥٠

شەشەم: پرسەکانی مسوڵمانان لە ناوەندەکانی توێژینەوەی رۆژئاوادا ........ ١٥٥

حەوتەم: ناساندێکی هەندێك ناوەندی توێژینەوە لە جیهاندا .................. ١٥٨

## بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

## پێشەکی وەرگێڕ

**خوێنەری بەڕێز**....

ئـەم نووسـراوەی بەردەسـتت، پوختـەی کتێبێکـی گـرنگ و بـەپێزە، هەرچەندە زیاتر لە تیۆرەوە نزیکە و بەشێوەیەکی ئەبستراکت چارەسـەری بابەتەکەی کردووە و خۆی دوورگرتووە لە شێوەگرتنی ناوچەیەك و ئاڕاستە و کەسایەتییەکی دیاریکراو، بـەڵام تیـۆرێکی زۆر بەسـوودە بـۆ دامەزرانـدنی بونیـادێکی فیکـری ڕەسـەن و پتـەو، نووسـەر جگـە لـەوەی کەسـایەتییەکی فیکـری بـەهێز و دامـەزراوە، هەوڵیـداوە بابەتییانـە و ئەکادیمییانـە و بـەبێ بڕیاری پێشوەختە یان لایەنگری، لەو باسە گرنگە بدوێت.

گرنگی ئەم پوختەکراوە لە دوو خاڵدایە:

١ ـ بابەتێکی فـراوان و گرنگـی کورتکردووەتـەوە بـەبێ ئـەوەی زیـان بـە مەبەستی سـەرەکی بگەیـەنێت، ئەمـەش لەبەرئەوەیـە کـە خوێنـەری ئێستا زیـاتر مـەیلی بـەلای بابــەتی کـورت و پوختەوەیـە و کـەمتر حەوسـەڵەی خوێندنەوەی بـەردەوام و دوور و درێـژی هەیـە، ئەمـەش هۆکـاری زۆرە کـە ئێرە جێگای باسکردنی نییە، بۆیە پوختەکار ویستوویەتی زۆرتـرین خوێنـەر ڕاکێشێت بۆ خوێندنەوەی بابەتەکە.

٢ ـ خودی نووسەری بابەتەکە هەستاوە بە پوختەکردنی کتێبەکە، ئەمەش وایکردووە بیرۆکەی سەرەکی و هێڵە گشتییەکانی بە باشی پوخت بکرێنەوە.

بەڵام سەبارەت بە وەرگێڕانەکەی، ئەوا بەندە هەوڵیداوە بە ئاسانترین دەربڕین، مانا بگەیەنێت و پابەندی وەرگێڕانی مانا بووم، بەتایبەتی لە بابەتێکی فیکری ئاوا ئەبستراکت و تیۆرییدا، گەیاندنی مانا لە سیاقدا باشترین بژاردەیە، ئەمە سەرەڕای کێشە بەردەوامەکەی وەرگێڕان، کە بریتییە لە کەمی زاراوە و چەمك و نەبوونی کۆدەنگی لەسەریان لە زمانی کوردیدا، هەروەها هەندێك لە زاراوە ئیسلامیەکان هەر بەو داڕشتە عەرەبیەی کە هەیە ناسراون لە کوردیدا و ئەگەر بەرامبەریشیان هەبێت لەوانەیە مەبەستی خۆیان نەپێکن، یان ئەو مانایە نەگەیەننە زەینی خوێنەر کە مەبەستە، هیوادارم توانیبێتم کارێك بکەم بۆ خزمەتی کلتوور و ڕۆشنبیری کوردی و بواری فیکری بەتایبەتی.

**وەرگێڕ**

**٢٠١٦/١٢/٣١**

# پێشەکی

لەم دوو دەیەی کۆتاییدا، ژمارەی ئەو کەسانەی بەدوای "نووسراوە فیکرییەکان"دا دەگەڕێن لە زیادبوونێکی بەرچاودایە، بەتایبەتی لەناو چینی گەنجانی مسوڵماندا، یەکێك لە هۆکارەکانی گەڕان و وێڵبوونی ئەو گەنجانەش بە دوای ئەو نووسینانەدا دەگەڕێتەوە بۆ بێزاربوونیان لە ئاڕاستەی زانستی–فیقهی، یان ئاڕاستەی ڕۆشنبیری–حەرەکی، کە هەردوو ئاڕاستەکە باڵیان کێشاوە بەسەر بەشێکی زۆری گەنجان لەو پانتاییە مێژووییەی، کە بە سەردەمی ڕابوونی ئیسلامی ناسراوە و بریتییە لە چارەکی کۆتایی سەدەی بیستەم، هەر لە هەمان سەردەمدا، ژمارەیەك پڕۆژەی فیکری لە بازنە ئیسلامیەکەدا دەرکەوتن، ئەگەرچی خاوەنی هەندێك لەو پڕۆژانە لە ناو دامەزراوە تەقلیدییە ئیسلامیەکەدا نەناسرابوون، هەروەك چۆن لەناو بازنە تەقلیدیەکەی بزووتنەوە و ڕێکخستنە ئیسلامیەکانیشدا ناسراو نەبوون، وە ئەم دیاردەی ڕووکردنە نووسراوە فیکرییەکان، پرسیارگەلێك ڕووبەڕووی هزرڤان و بیرمەندان و بەرنامە و قوتابخانە فیکرییەکان دەکاتەوە، هەروەها ئەو چەمك و زاراوانە و پەیوەندییان بە بوارەکانیترەوە، کە هاوتەریب و یەکتربڕن لەگەڵیاندا.

مەنهەجی پشتپێبەستراو لەم کتێبەدا، پێناسەیەکی کۆتایی و بێ چەندوچوون ناکات بۆ هیچ یەکێك لەو چەمکانەی دەیانخاتە ڕوو، بەڵکو

مانـای چـەمکەکان شـیدەکاتەوە لـەو سـیاق و کێڵگـە دەلالیـەی کـە تێیـدا دەردەکـەون، بـۆ ئـەوەی خـەمی خوێنــەر فـراوان ببێـت بـۆ تێگەیـشتن و هەرسـکردنی ئـەو بابەتانـە، بـە زمـانێکی ئـازادی کـراوە بەسـەر فرەیـی لـە دەربڕینە زمانیەکاندا و جۆراوجۆری لە گۆشەنیگای تێڕوانینەکاندا، هەروەها لــە هەڵــچوونی ویژدانییــدا، وە یــەکێك لــە ڕەگــەزەکانی ئــەم مەنهەجــە ناونەهێنانی ئەو کەسایەتییانەیە کە نوێنەرایەتی ئاڕاستە هزرییەکان دەکەن، کە لێرەدا باسیان دەکرێت، ئەمەش بۆ ئەوەی دوور بکەوینەوە لە دزەکردنـە ناو بونیادی فیکری خوێنەر بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی لە زەینیدا هەن بەو شێوەیەی کە نووسەر دەیەوێ.

ئەم نامیلکەیە کـورتکراوەی کتێبـی (بونیـادی هزریـی چـەمك و ئاسـت و نەخـشەکانی)ە، کـە هـی هـەمان نووسـەرە کـە ئـەم پوختەیـەی نووسـیوە، هیـوادارین خوێندنـەوەی ئـەم پوختەیـە ئاسـانکاری بێـت بـۆ هەنـدێك لـە خوێنەران، کە بە تەواوی لـە نـاوەڕۆکی کتێبەکـە تێبگـەن، وە پاڵنـەرێکیش بێت بۆ هەندێکیتریان، کـە کتێبەکـە بـە تـەواوی بخوێننـەوە، بێگومـان ئـەم پوختەیە پەیکەری بنەڕەتی کتێبەکەی پاراستووە لە ڕووی پێکهاتـەی بـەش و ناونیشانە لاوەکییەکانی ناو هەر بەشێك، بەشێوەیەك نـاوەڕۆکی پوختەکـە بووەتە نزیکەی یەك لەسـەر سـێی ئەسـڵی کتێبەکـە، کورتکردنەوەکـەش لـە هەندێ بابەتی درێژ و نموونە و تێکستی وەرگیراوە کە لابردنیـان لـە گرنگـی کتێبەکە کەمناکاتەوە.

**والحمد لله رب العالمين**

# بەشی یەکەم

# هزر لە سەرچاوە ئیسلامیەکاندا

# پێشەکی

جێی خۆیەتی کە بەشی یەکەمی ئەم کتێبە (بونیادی هزری)، بە جەختکردنەوە لەوە دەستپێبکەین کە ئێمە باس لە هزری ئیسلامی دەکەین، بۆیە سەرچاوەی بنەڕەتییمان لەمبارەیەوە مەرجەعیەتی ئیسلامیە لە سەرچاوە بنچینەییەکانی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) بە پلەی یەکەم، دواتر تێگەیشتنی زانایانی ئیسلام لە قورئان و سوننەت بە درێژایی مێژوو، ئەوەی کە ناومانناوە کەلەپووری ئیسلامی، وە بۆ ئەوەی مانای فیکر کورت نەکرێتەوە لە تەنها ئەو شتانەی لە کەلەپوری ئیسلامیدا جەختی لێکراوەتەوە، وەك سەرقاڵبوونی دڵی مرۆڤ بە یەکتاپەرستی خوای گەورە و پشتکردنە دونیا، وە مەسەلەی ئاوەدانکردنەوەی زەوی بە شەریعەتی خوا و چەسپاندنی دادگەری لێدەربکرێت، ئەوا باسمان لە هەندێك جۆری تێگەیشتن کردووە کە لە دەقەکانی ناو کەلەپووردا ئەوەیان لێدەخوێندرێتەوە کە فیکر تەنها بریتی بێت لە خواپەرستی و زوهد، ئەمەش بۆ ئەوەی جەخت بکەینەوە لەوەی کە ئەو دەقانە لە چوارچێوەی کۆمەڵگایەکی ئیسلامیدا نووسراون، کە تێیدا حەقیقەتەکانی یەکتاپەرستی و تەزکیە و ئاوەدانکردنەوەی زەوی، یەکتری تەواو دەکەن و هەریەکێك لەو بوارانە پسپۆڕ و زانای تایبەتی خۆی هەیە.

## یەکەم: هزر لە قورئان و سوننەتی پیرۆزی پێغەمبەردا

هزر گوزارشتە لە کارێك کە مرۆڤ پێی هەڵدەستێ، وە ناوە بۆ ئەنجام و بەرهەمی ئەو کارە، بیری کردەوە، بیر دەکاتەوە لە شتێك، واتە چالاکییەکی زەینی ئەنجامدەدات، کەواتە بیرمەندە، بیرکردنەوەش بەگەڕخستنی ئەقڵە لە شتێکی زانراو بۆ گەیشتن بە نادیارێك، وە لە قورئانی پیرۆزدا ڕەگی (فکر) لە هەژدە شوێندا هاتووە، بە پێنج دارشتەی جیاواز، بۆ نموونە:

- فَكَّرَ: لە ئایەتی ١٨ی سورەتی (المدثر).
- تَتَفَكَّروا: لە ئایەتی ٤٦ی سورەتی (سبأ).
- يَتَفَكَّرون: یانزە جار هاتووە، بۆ نموونە لە ئایەتی ١٩١ی سورەتی (آل عمران) و ١٧٦ی سورەتی (الأعراف).

دیارە دارشتەی (التَفَكُّر) مانای تەنها بیرێکی ئاسایی نییە بەو شێوەیەی کە باوە، بەڵکو بیرکردنەوەیەکی بەئاگایی و بەردەوام و پێداچوونەوەیە، هەروەکو لە قورئانیشدا بیرکردنەوەو تێفکرین ئاوێتەبوونە لەگەڵ بابەتی بیرلێکراوە لە دونیا و دوارۆژدا ﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ قُلْ فِيهِمَا إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَا أَكْبَرُ مِن نَّفْعِهِمَا وَيَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ قُلِ الْعَفْوَ كَذَلِكَ يُبيِّنُ اللّهُ لَكُمُ الآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ * فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْيَتَامَى قُلْ إِصْلاَحٌ لَّهُمْ خَيْرٌ وَإِنْ تُخَالِطُوهُمْ فَإِخْوَانُكُمْ وَاللّهُ يَعْلَمُ الْمُفْسِدَ مِنَ الْمُصْلِحِ وَلَوْ شَاء اللّهُ لأعْنَتَكُمْ إِنَّ اللّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ (البقرة ٢١٩-٢٢٠)، واتە بۆ ئەوەی تێفکرین بۆ ئوممەت درووست ببێت لە کاروباری دونیا و دوارۆژدا.

دوای وردبوونەوە لە ماناکانی ڕەگی (الفکر) لە قورئانی پیرۆزدا، دەتوانین کۆمەڵێك ڕەگەز دیاریی بکەین، کە مانای فیکرمان بۆ دیاریی دەکەن، ڕەگەزەکانیش ئەمانەن:

ـ پرۆسەی خستنەکاری توانای هزری، یان بەگەڕخستنی فیکر و عەقڵ لە کاروباری زانراو و دیار بۆ بەدەستهێنانی ئامانج و مەبەستی نوێ و دیاریکراو.

ـ پرۆسەیەکی بەردەوامی سەرقاڵبوونە بە دوای خەمی فیکری و سووربوون لەسەری تا بەدەستخستنی ئەنجامی درووست.

ـ هەمیشە بابەتێك هەیە بۆ بیرلێکردنەوە، پێویستی بە کۆکردنەوەی زەین و هۆش هەیە لەسەر ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی و وردەکاری و فراوانی بابەتەکە.

ـ گرنگ ئەنجامی تێفکرینە، کە بریتییە لە ئامانجی بەدەستهاتوو لە ئەنجامی بەگەڕخستنی عەقڵ و ئەو پەند و وانەیەی کە لەو ئەنجامەوە وەردەگیرێت.

بەڵام لە فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ)دا لە چەند شوێنێکدا (الفکر) هاتووە بە مانای عەقڵ و تێڕوانین و تێڕامان، بۆ نموونە فەرموودەی ڕەبیعەی کوڕی کەعب کە ئیمامی ئەحمەد لە موسنەدەکەیدا دەیگێڕێتەوە: (ففكّرتُ فِي نفسي فَعَرفْتُ أنَّ الدُّنيا منقطعةٌ زائلةٌ)، واتە لە دەروونی خۆمدا بیرم لە دونیا کردووە بۆم دەرکەوت کە کۆتایی دێت و لەناودەچێت.

## دووەم: هزر لە کەلەپووری ئیسلامیدا

لە کەلەپووری ئیسلامیدا زاراوەی (الفكر والتفكّر) لە نووسینی زۆرێك لە زانایاندا هاتووە وەکو پرۆسە، وە هەندێکجار لە ناونیشانی کتێبەکانیاندا هاتووە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەو توانایەی دانەری کتێبێك بەکاریدەبات بەرهەمی هزری ئەو نووسەرەیە لە بابەتی کتێبەکەیدا، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت هەموو بابەتێکی نووسراو لە کتێبێکدا هزر بێت لە کەلەپووری ئیسلامیدا، بەڵام کتێبگەلێك هەن کە فیکریان کردووە بە بابەتی توێژینەوەیان، یان چەند بەشێکیان بۆ تەرخانکردووە، بۆیە دەبێت بزانین ئەوان چۆن لە فیکر گەیشتوون و دەلالەتەکەیان ڕوونکردووەتەوە یان نەخشەی بونیادنانیان کێشاوە.

لێرەدا تەنها ئاماژە بە سێ کەس لە ئەهلی زانست دەکەین، کە سەردەمێکی دوورودرێژ لە نێوانیاندا هەیە و هەریەکێکیان شێوازی پێگەیشتن و ژینگە و قوتابخانەیەکی تایبەتی خۆی هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕانانی بابەتە عەقڵیەکان و تێفکرین لەلای هەموویان وەکو یەکە، ئەوانیش بریتین لە: یەکەم: حارسی موحاسیبی (٢٤٣ك کۆچی دواییکردووە) کە باسی عەقڵ و ماناکانی و جیاوازی خەڵکی تێیدا کردووە، ئەویش لە کتێبی (عەقڵ و تێگەیشتن لە قورئان)(١)، دواتر ئەم کتێبە بوو بە مەنهەج و ڕێبازی ئەو بۆ نووسینەکانیتری، دووەمیان: ئەبو حامیدی غەزالی (٥٠٥ك

[1]. المحاسبي، الحارث بن أسد، العقل وفهم القرآن، قدم له وحقق نصوصه: حسين القوّتلي، دمشق، دار الفكر، ١٩٧١.

کۆچی دواییکردووه) کە بەشێکی ناوازەی نووسیوە لە (إحياء علوم الدين)دا بە ناونیشانی (كتاب التفكر) و بەشی نۆیەمی (ربع المنجيات)ە، بەڵام سێیەم کەس ئیبنو قەییمی جەوزیە (٧٥١ك کۆچی دواییکردووە)، ئەویش کتێبێکی گەورەی نووسیوە دەربارەی زانست و تێفکرین (مفتاح دار السعادة ومنشور ولاية أهل العلم والإرادة)، دەبینین ماوەی نێوان زانای یەکەم و دووەم نزیکەی دوو سەدەیە و نێوانی دووەم و سێیەمیش نزیکەی دوو سەدە و نیوە.

یەکێك لە کتێبە بڵاوکراوەکانی ئیمامی موحاسیبی بە ناونیشانی (العقل وفهم القرآن – عەقڵ و تێگەیشتن لە قورئان)ە، لە بنەڕەتدا دوو کتێبە، یەکەمیان: ماهیەتی عەقڵ و مانا و جیاوازی خەڵك تێیدا، دووەم: تێگەیشتنی قورئان و ماناکانی، لە کتێبی یەکەمدا وا دەردەکەوێت کە حارسی موحاسیبی هەڵوێستی خۆی ڕوونکردووەتەوە دەربارەی ئەو جەدەلەی بەرپاکرابوو لەسەر ڕاستی و درووستی ئەو فەرموودانەی ڕیوایەتکراون لەبارەی عەقڵەوە، ئەمەش وەکو کاردانەوە بەرامبەر کلتووری ئەو سەردەمەی تێیدا دەژیا کە سەردەمی موعتەزیلە بوو، کاتێك موعتەزیلە گرنگییان بە پێگەی عەقڵ دەدا لە دینداو بۆ ئەمەش پشتیان دەبەست بە کۆمەڵێك فەرموودە دەربارەی عەقڵ، ئەوا زانایانی فەرموودە بە پێشەوایەتی ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، ڕووبەڕوویان دەبوونەوە بە ئینکارییکردنی ڕاستی ئەو فەرموودانە، بەڵام هەڵوێستی موحاسیبی کە سەرەتای ژیانی بە زانستی فەرموودە دەستپێکردبوو، ئەوەیە کە ئەم فەرموودانە لەگەڵ مانای ئایەتەکانی قورئاندا یەکدەگرنەوە، وە هاوەڵان و شوێنکەوتووان و

شوێنکەوتووانی ئەوانیش، وتەگەلێکیان گێڕاوەتەوە دەربارەی عەقڵ، کە لە سیاقی ئەو فەرموودانە دەرناچن، موحاسیبی لەم کتێبە بچووکەیدا –لە ڕووی قەبارەوە– وەکو کتێبە گەورەکەی (پاراستنی مافەکانی خوای گەورە)، بە قورئانی پیرۆز دەستپێدەکات، دواتر بە سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ)، ئینجا بە ئەسەری هاوەڵان و شوێنکەوتووان، وە هەر لەسەر ئەم بنەمایەش جەختدەکاتەوە لەسەر پێویستی تێگەیشتنی عەقڵانی ئەوەی لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە لە لایەن بڕوادارەوە، واتە بە باشی لێی تێبگات و بڵاویشی بکاتەوە، بۆیە دەبینین چەندین جار گوزارشت لە عەقڵ لە وتەکانیدا دووبارە دەبێتەوە، تەنانەت لە زۆربەی بڕگەکانی کتێبەکەیدا، بۆ نموونە ((عقل عن الله...) (فالفهم والبيان يسمى عقلاً، لأنه عن العقل كان)[1].

موحاسیبی کۆتایی کتێبەکەی (العقل) دەهێنێت بە ڕوونکردنەوەی مانای عەقڵ و پێگە و چەقبوونی و کاریگەری لەسەر مرۆڤ وەکو تاك، ئەو دەڵێ: (بەندە نابێت بێنیاز بێت لە تێفکرین و ڕوانین و یادی خوا، بۆ ئەوەی پەندوەرگرتنی زیاتر بێت و زانستی زیاد ببێت و بەرزتر بێتەوە لە ڕێز و چاکەدا، هەرکەس تێفکرینی کەم بێتەوە، پەند وەرگرتنی کەمدەبێتەوە، ئەوەی پەندوەرگرتنی کەمبووەوە، زانستی کەم دەکات، ئەوەی زانستی کەمبووەوە، نەزانی زیاد دەکات و کەموکوڕی دەردەکەوێت، نە تاموچێژی چاکەکردن دەکات و نە دڵنیایی جێگیر دەبێت و نە بۆن و بەرامەی دانایی دەکات، زانستی ئەو کەسە هیچ سوودێکی نییە کە بە زمان زانیاری فێربووە

[1]. المحاسبي، العقل وفهم القرآن، مرجع سابق، ص٢٠٩.

و به دڵ پیتەکانی لەبەرکردووە، بەڵام پشتی کردووەتە تێڕامان و وردبوونەوە لە ماناکانی و گەڕان بەدوای سنوورەکانیاندا.. چ دڵخۆشیەك دەگات بە دڵخۆشی زانین و ڕۆحی دڵنیایی و مەعریفەی بەرز و زۆری پەیبردن، ئەمانە بە دەست نایەن تەنها بە جوان تێڕامان و زۆر بیرکردنەوە و هزری بەردەوام نەبێت)[1].

هەر دەربارەی کاریگەری ئیمامی موحاسیبی لەسەر فیکری ئیسلامی، ئاماژە بۆ وتەیەکی ئەبو حامیدی غەزالی دەکەم لە کتێبەکەیدا (المنقذ من الضلال)، کە سەراسیمە و دوودڵ بووە، هەوڵیداوە لەو سەراسیمەییە ڕزگاری ببێت بە هەڵێنجانی ڕایەکی گونجاو لەو بۆچوونە زۆرانەی کە لە سەردەمی ئەودا لەلای گرووپ و ڕەوتە جیاوازەکان هەبووە، سەرەتا بە نووسینەکانی موتەکەللیمەکان و دواتر فەیلەسوفەکان تا ڕای باتینییەکان و لە کۆتاییدا سۆفیەکان، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دەستی کردووە بە (فێربوونی زانستەکانیان لە میانەی خوێندنەوەی کتێبەکانیان وەکو (قوت القلوب)ی ئەبو تاڵیبی مەککی و کتێبەکانی حاریسی موحاسیبی..)[2]، هەرچەندە ئەبو حامیدی غەزالی ناوی هیچ یەکێك لە کتێبەکانی موحاسیبی نەهێناوە کە خوێندوویەتیەوە، بەڵام کتێبەکەی خۆی (المنقذ من الضلال) لە زۆرێك لە مانا و چەمکەکانیدا لە قسەکانی موحاسیبی دەچێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی

---

[1]. سەرچاوەی پێشوو، ص٢٣٥-٢٣٦.

[2].الغزالي، حجة الإسلام أبو حامد، المنقذ من الضلال والموصل إلى ذي العزة والجلال، تحقيق: جميل صليبا وكامل عياد، بيروت، دار النفائس، ط١٩٦٧،٧، ص١٠٠-١٠١.

زۆرێك لەو بابەتانەی کە غەزالی لە (الإحیاء)دا باسیکردوون، لەسەر مەنهەج و ڕێبازی (الرعایة)ی موحاسیبیە.

هەروەها غەزالی لە باسی (التفکّر)دا لە (ربع المنجیات)ی (إحیاء علوم الدین)دا دەربارەی حەقیقەتی هزر و بەروبوومەکەی و ڕەوگەی هزر و چۆنیەتی تێفکرین لە درووستکراوەکانی خوای گەورە دەنووسێت[1]، هزر سەرەتا و کلیلی هەموو خێرێکە، وە هەموو زانست و مەعریفەیەك لێکەوتەکانیان لە حاڵ و کردارەکان لە هزرەوە سەرچاوە دەگرن، غەزالی دەیەوێت سەرنج بۆ ئەوە ڕاکێشێت کە فیکر کلیلی چوونە ناو خودی مرۆڤە، بەشێوەیەك دوای ئەوەی بابەتەکانی فیکر ڕاست و ڕێك دەبن، زانست بەرهەم دێنێت، بەرهەمی ئەو زانستەش چەسپاندنی حاڵی باشە لە ناو دڵدا، بەرهەمی هەموو ئەمانەش کە بەرجەستە دەبێت کارو کردەوەی ئەندامەکانی مرۆڤە[2].

ئەبو حامیدی غەزالی قسەیەکی حەسەنی بەسری دەگێڕێتەوە کە دەڵێت: (ئەهلی عەقڵ بەردەوام وتەکانیان دەگێڕایەوە بۆ هزر و هزریشیان دەکردە وتە، تا کاتێك قسەی دڵیان کرد دانابیان بەرهەمێنا)[3].

هەروەها ئیبنو قەییمی جەوزی جیاوازی نییە لەگەڵ ئەبو حامدی غەزالی، دەربارەی جەختکردنەوە لەسەر بەهای عەقڵ و گەورەیی تێفکرین و

---

1. الغزالي، حجة الإسلام أبو حامد، إحياء علوم الدين، وبذيله المغني عن حمل الأسفار في الأسفار في تخريج ما في الإحياء من الأخبار، بيروت، المكتبة العصرية، ٢٠٠٤، ج٥، ص٣-٣٤.
2. هەمان سەرچاوە.
3. هەمان سەرچاوە.

ڕوونکردنەوەی سوودەکانی بۆ مرۆڤ، بەڵام ئیبنو قەییم قۆناغەکانی تێفکرین دیاریدەکات، تەنها بۆ مەبەستێکی ئەخلاقی، ئەویش چاکسازییە لە مرۆڤدا، هەروەها دەستگرتنی بە هزریەوە، بۆ ئەوەی لە فەرمانەکانی خوای گەورە دەرنەچێت و سەرلێشێواو نەبێت، لەبەرئەوەی خێر و خۆشی و ئاسوودەیی لە گەنجینەیەکدا هەڵگیراون کە کلیلەکەی تێفکرینە، هەروەها پێنج شتمان بۆ دیاریدەکات، کە بازنەی تێفکرین پێکدەهێنن، ئەوانیش: فیکر بەرهەمەکەی زانستە، بەرهەمی هەردووکیشیان ئەو حاڵەیە کە بەسەر دڵدا دێت، بەرهەمی ئەمەش ویستی مرۆڤە، بەرهەمی ویستیش کار و کردەوەیە... کەواتە هزر کلیلی سەرەتا و دەسپێکی هەموو خێرێکە، بەگشتیش جیاکەرەوەی هەموو گوێڕایەڵیەك فیکرە، وە بنچینەی هەموو سەرپێچیەکیش لەلایەنی بیرۆکەوەیە)[1].

ئەوەی سەرنجڕاکێشە، ئەوەیە کە دابەشکاریەکەی ئیبنو قەییم بۆ بابەتی تێفکرین هاوشێوەی دابەشکاری ئەبو حامیدی غەزالیە، بەڵام بەشێوەیەکی ورد و فراوانتر، نەك هەرئەوە، بەڵکو زۆربەی ئەو قسە وەرگیراوانەی کە ئیبنو قەییم لە کتێبی (مفتاح دار السعادة)دا هێناویەتی، کە هی زانایانی پێشوون، هەمان ئەو قسانەن کە غەزالی وەك بەڵگە لە کتێبی (إحياء علوم الدين)دا وەریگرتوون، ئەگەرچی هەردوو زانای پایەبەرز، سەردەمێکی دوو سەدە و

---

[1]. ابن قيم الجوزية، أبو عبدالله محمد بن أبي بكر بن أيوب، مفتاح دار السعادة ومنشور ولاية العلم والإرادة، تحقيق عبدالرحمن بن حسن بن قائد، الرياض، دار عالم الفوائد للنشر والتوزيع، ١٤٣٢هـ/٢٠١١م، ص٥٦٢.

نیوی له نێوانیاندا هەیە و هەریەکەیان سەر بە ڕەوتێکی جیاوازی فیقهی و ئاڕاستەی کەلامی فەلسەفین، هەروەها ئیبنو قەییم لە کتێبێکی تری دا بە ناونیشانی (الفوائد – سوودەکان)، دەچێتەوە سەر قسەکردن لەسەر تێفکرین، تێیدا بە درێژی باسی پەیوەندی نێوان بیرەکان و کردارەکان و ئەو گۆڕانکاری و گەشەکردنەی لەنێونیاندا ڕوو دەدات، دەکات و دەڵێت: (سەرەتای هەموو زانستێکی تیۆری و هەموو کردارێکی سەربەستانە، ئەندێشەو بیرۆکەکانن، کە وێناکردن بەرپا دەکەن، وێناکانیش ویست درووست دەکەن، ویستیش دەبێتە هۆی کردار، زۆر دووبارەکردنەوەی کرداریش دەبێتە خوو، کەواتە چاکبوونی هەموو ئەم قۆناغانە بە چاکبوونی بیر و ئەندێشە دەبێت، هەروەها خراپبوونیشیان بە خراپی ئەو سەرەتایەیە)[1].

ئیبنو قەییم جیاوازی دەکات لە نێوان بیرکەوتنەوە و تێفکرین و دەڵێت: (تێفکرین و بیرکەوتنەوە بنچینەی دۆزینەوەی ڕێگای ڕاست و سەرفرازبوونن، کە دوو جەمسەری ئاسوودەین،... بزانە تێفکرین داوای دڵە بۆ زانستێك، کە بوونی نییە بە ڕێگای شتێکی ترەوە، کە بوونی هەیە، ئەمە حەقیقەتەکەیەتی، ئەگەر شتێکی زانراو نەبێت کە ببێتە سەرچاوەی فیکر، ئەوا فیکر هەرگیز بەدی نایەت، چونکە فیکر بەبێ شتێکی پەیوەست پێوەی کە بەهۆیەوە بیری پێ بکرێتەوە مەحاڵە، ئەو بابەتە پەیوەستانە شتە زانراو

---

[1]. ابن قيم الجوزية، أبو عبدالله محمد بن أبوبكر بن أيوب، الفوائد، القاهرة، مكتبة الجامعة، ط٤، ١٩٨٠، ص٢٢٨.

و بەدەستهاتووەکانن، خۆ ئەگەر ئەو شتەی مەبەستە خۆی بەردەست بێت، ئەوا پێویست بە بیرلێکردنەوە ناکات، هەرکاتێك ئەمە زانرا ئەو بیرکەرەوە لە پێشەکی و بنەماکانەوە دەچێتە سەر ئەو شتەی مەبەستیەتی، هەرکات زەفەری پێبرد و بەدەستیهێنا، ئەوا شوێنی کردن و نەکردنی کارەکە و ئەوەی پێویستە لێی دوور بکەوێتەوە بیری دەکەوێتەوە، کەواتە بیرکەوتنەوە مەبەستی تێفکرینە و بەرهەمیەتی.... هەرکات بیری کەوتەوە، بەو بیرکەوتنەوەیە تێی ڕادەمێنێ و تێ دەفکرێت مادام عاقڵە، چونکە زانست و ویست لە سنوورێکدا ناوەستن، بەڵکو هەمیشە کەسی عاقڵ لە نێوان زانست و ویستدایە، ئەگەر مانای ئەوە زانرا کە ئایات و نیشانەکانی خوای گەورە بیرخەرەوە و ڕێنیشاندەرن و کەسێك کە دڵی کوێرە بەهۆیانەوە دەبینێت، وە لە بێئاگاییەکەی بە ئاگا دێتەوە، ئەوا ئەوکاتە پێچەوانەی زانست یان دڵکوێریەکە بە تێڕامان لادەچێت، یاخود غەفڵەت و بێئاگاییەکە بە بیرکەوتنەوە نامێنێت)[1].

بێگومان دووان لە بارەی فیکرەوە لە کەلەپووری ئیسلامیدا، کورت نابێتەوە لە تەنها قسەی ئەم سێ زانایەدا، بەڵکو بە کەمی دەبینین کتێبێك دەربارەی عەقیدە، یان کەلام، یان ئوسوڵی فیقھ و تەفسیر، سەرەڕاری کتێبەکانی تەزکیە و تەسەوف نووسرا بێت و باسی فیکر و تێفکرین و بیرکەوتنەوە و تێڕامان و عەقلبڕین و وردبوونەوە و پەندوەرگرتن نەکات، ئەمانە و چەندین باسی تر، کە پەیوەندییان بە هزری مرۆڤەوە هەیە.

---

1. ابن قيم الجوزية، مفتاح دار السعادة ومنشور ولاية العلم والإرادة، مرجع سابق، ص٦٠٦-٦٠٧.

## سێیەم: هزر یەکتاپەرستی، دەروونپاکی و ئاوەدانیە

جێگای خۆیەتی کە شتێك ڕوونبکەینەوە لێرەدا، پێشئەوەی بەدحاڵیبوونێك ڕوو بدات لە وتەکانی موحاسیبی و غەزالی و ئیبنو قەییم و ئەوانیتریش، کە دەربارەی دەروونپاکی (التزکیة) نووسیویانە، ئەویش ئەوەیە کە گرنگی ئەوان بە بابەتەکانی عەقڵبڕین و تێفکرین و بیرکەوتنەوە کە مرۆڤ دەیکات، بۆ ئەوەی پارێزکاری زیاتر ببێت و زوهد بکات لە دنیادا و ڕوو لە دواڕۆژ بکات، مەبەست ئەوە نییە کە مرۆڤ هیچ شتێك و بەشێك لە دنیا بەدەست نەهێنێت و هەوڵی بۆ نەدا، بەڵکو شتگەلێکی وەکو دانیشتن لە وانەی زانایان و ئامادەبوون لە دەرسەکانیان و گەڕان و بەدەستهێنانی زانست و بەدەستخستنی ڕزق و ڕۆزی و چاك بەڕێوەبردنی پیشە و کار و کاسبی ژیان وەکو بازرگانی و کشتیاری و هەر پیشەیەکی تر، هەموو ئەمانە بەش و دەسکەوتی دنیایین، هەمووشیان پێویستیان بە عەقڵبڕین و تێفکرین و بیرکەوتنەوە هەیە، ئەمە سەرەڕای تێفکرین و بیرکردنەوە لە پاداشتی مسوڵمان لە جەنگ و بەرەنگاری و ئامادەیی لەو پێناوەدا، وە دەتوانین لە قسەی ئەو سێ زانایەی پێشوو ئەوە تێبینی بکەین، کە بێئاگانەبوون لەو پێویستیانەی کە دەبنە هۆی ئاوەدانکردنەوەی دونیا.

هەر تێڕامانێك لە ئایەتەکانی قورئان و وردبوونەوەیەك لە نیشانەکانی بوونەوەر و پەندوەرگرتنێك لە بەسەرهاتی ڕابردووان، هەمووی بۆ ئەوەیە لە کۆتاییدا بگەین بە باوەڕهێنان بە خوای درووستکەر، بە تاکوتەنهایی و ناو و سیفەتەکانی، ئینجا هەوڵێکی بەردەوام بۆ پاککردنەوەی دەروون بە

داواکردنی ڕەزامەندی ئەو درووستکەرە تەنهایە و دوورکەوتنەوە لە ڕق و قینەی، بەڵام ئایا چی بەدەست دێت لە ڕێگای گەیشتن بەو کۆتاییە؟ پێش گەیشتن و لە میانەی هەوڵدان، چۆن بەردەوامی تێفکرین و پەندوەرگرتن و تێڕامان لەو پێناوەدا نابێتە هۆی بونیادنانی فیکر و زانست و تێگەیشتن و داهێنان؟

ئەی یاسا و ڕێسا و تیۆرەکان لە کوێوە دێن ئەگەر داڕشتنی زانستیان بۆ نەکرێت لە زانست و تێگەیشتن و داهێنان و ئەوەی پێویست بکات لە پێوان و ئەزموونکردن؟

ئەی بەهای ئەم زانستگەل و داهێنانە زۆرانە لە چیدایە ئەگەر جێبەجێ نەکرێن لە ژیانی کردەییدا و نەبنە هۆی سوودگەیاندنی ڕاستەقینە بۆ ڕێبوارانی ڕێگای ژیان لەسەر ئەم زەویەدا، هەروەها هەڵگرتنی ئەمانەت لە دنیادا و هەستان بە فەرمانی جێنشینایەتی لەسەر زەوی و تێگەیشتن لە مانای ئایەتەکانی دەستەبەرکردنی کەون بۆ مرۆڤ و تێڕامان لە ئایەتەکانی تواناداران پێی.

بێگومان بازرگانی و پیشەسازی و کشتیاری و یاسادانان کە ئاسایش دابیندەکات و وردەکاری پەیوەندی نێوان تاکەکان و گرووپ و وڵاتان ڕێکدەخات، هەروەها کاروباری کۆمەڵگا و ئابووری و سیاسی.... هەموو ئەمانە زانستگەلێکی بەسوودن، بۆچی ئیمانداران بە ڕۆژی دوایی پێش خەڵکی تر پێیانەگەیشتن پێش خەڵکیتر، بە تێفکرین و تێڕامان؟ ئایا

نەدەکرا ئەم زانستانە گەشە بکەن و ببونایە بە درێژکراوەی ئەو تۆوەی زانایانی پێشوو چاندیان و گەورەیانکرد لە بواری فیقهی هەڵسوکەوتەکاندا؟

ئەگەر ئایەتەکانی یەکتاپەرستی و دەروونپاکی و ئاوەدانی بەیەکەوە کۆبکرێنەوە، ئەوا هەریەکە لە ئایەتەکانی بوونەوەر و ئایەتەکانی تایبەت بە دەروون و ئایەتەکانی تایبەت بە کۆمەڵگا و مێژوو و هەموو ئایەتەکانی تری قورئانی پیرۆز، دەبنە ناونیشان و بابەتی تێفکرین و تێڕامان و پەندوەرگرتن، وە دەبنە پرۆژەی توێژینەوەی قووڵ، کە ئاسمانی زانست ڕۆژ لە دوای ڕۆژ فراوانتر دەکەن، وە ئوممەتی ئیسلامیش دەخەن پێگەی پێشەوایەتی و سەرکردایەتی جیهان و پێشەنگی.

لەلایەکیترەوە پێویستە ئەوەش ڕوون بکەینەوە کە عەقڵبڕین و تێفکرین و بیرکەوتنەوە، هەروەك چۆن مسوڵمان پێیان هەڵدەستێت بۆ پێویستی دونیا و دواڕۆژی، ئاواش غەیری مسوڵمان پێیان هەڵدەستێت بۆ بەدەستهێنانی زانست لە ژیانی دنیادا، وە هەندێك لە خەڵکی بەشێوەیەك قووڵ دەبنەوە لە تێفکرین لە زانست، کە دەبنە جێگای سەرسوڕمان.

## چوارەم: هزر باوەڕ و زانست و کردارە

ئەگەر ئیسلام لە جەوهەریدا باوەڕ و زانست و کردار بێت، ئەی پێگەی هزر لەنێوان ئەم سێ چەمکەدا لە کوێدایە؟

زانایانی ئیسلام لە میانەی ئەو نموونانەی هێنامانەوە، جەخت دەکەنەوە لەسەر فیکر و بەها چارەنووسسازەکەی بە نیسبەت مرۆڤەوە، وە ئەوەمان بۆ ڕوون بووەوە، کە فیکر ڕەگەزی بنچینەییە بۆ هەرسێکیان، دووبارە لێرەدا ئەو وتەیەی ئیبنو قەییم بیردەخەینەوە، کە دەڵێت: (سەرەتای هەموو زانستێکی تیۆری و هەموو کردارێکی سەربەستانە ئەندێشەو بیرۆکەکانن، کە وێناکردن بەرپا دەکەن، وێناکانیش ویست درووست دەکەن، ویستیش دەبێتە هۆی کردار، زۆر دووبارەکردنەوەی کرداریش دەبێتە خوو، کەواتە چاکبوونی هەموو ئەم قۆناغانە بە چاکبوونی بیر و ئەندێشە دەبێت، هەروەها خراپبوونیشیان بە خراپی ئەو سەرەتایەیە)[1]، وە بە سەرنجدان لە هاوپەیوەستە قورئانییەکان (الاقترانات القرآنية – مەبەست لێیان ئەو چەمکانەن کە لە ئایەتەکاندا بەیەکەوە دێن) لە ئیمان و زانست و کردار، دەتوانین پێگەی فیکر دیارییبکەین لەناو ئەم سێ چەمکەدا.


### ١- پەیوەستی باوەڕ بە زانستەوە:

لە ڕاستیدا پەیوەستبوونی ئیمان بە زانستەوە لە ئیسلامدا، پەیوەستبوونی ئیمانە بە فیکرەوە، چونکە بەهۆی هزرەوە نیشانە و

---

1. ابن قيم الجوزية، أبو عبدالله بن أبي بكر بن أيوب، الفوائد، تحقيق محمد عزيز شمس، مكة المكرمة، دار عالم الفوائد للنشر والتوزيع، ١٤٢٩هـ، ص٢٥٢-٢٥٣.

بەڵگەکانی خوای گەورە دەناسرێن و دڵنیایی ڕاستەقینە و درووست پەیدا دەبێت، وە بەبێ تێفکرین لە نیشانە و بەڵگەکانی خوای گەورە، باوەڕبوون دەبێتە بۆماوەیی و کارێکی ڕۆتین، نەك باوەڕبوونێکی خودی و بونیادنراو لەسەر یەقین، مرۆڤ بۆ کارکردن بە ناوەڕۆکی شەریعەت، پێویستی بە بیرکەوتنەوەی ڕەگەزەکانی شەریعەت و تێڕامان لە ماناکانی و پەندوەرگرتن لە بەسەرهاتەکانی ئەو مێژووەی دەیگێڕێتەوە هەیە، وە لە تێڕوانینی ئیسلامیدا زانست مانایەکی فراوانی هەیە، ئەمەش بۆ ئەوەی بگونجێت لە گشتگیری تێفکرین لە گۆشەنیگای ئیسلامیەوە، ئەو زانستەی تێفکرین بەرهەمی دەهێنێت، زانستە بە شتەکان، کە زانستە سروشتی و مادیەکان دەگرێتەوە، هەروەها زانینی حەقیقەتی هەڵسوکەوت و دەروون و کۆمەڵگایە، کە ئەمانەش زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەلایەتییەکانن، وە زانستی بابەتی بیروباوەڕ و ئیمانە کە ئەمانەش زانستە شەرعییەکانن، هەموویان دەکرێ زانستی سوودبەخش بن.



خوای گەورە بەهای زانستی سوودبەخشی بەرز نرخاندووە و هانی فێربوونی داوە و پلەی زانایانی بەرزکردووەتەوە، ئەوەش ڕوونە کە چۆن خوای گەورە پلەی هەندێك لە بەندە هەڵبژێردراوەکانی خۆی لە ناو خەڵکیدا بەرزکردووەتەوە، بە زانستی بەسوود، بۆیە بەهای زانست لەوەدایە کە کەسی زانا زانستەکەی لە بوارێکی سوودبەخشدا بەکاربهێنێت، (زولقەرنەین) زانستەکەی خستە خزمەتی بواری ئەندازیاری و ئاوەدانی و زانستی کانزاکان، بۆ ئەوەی دیوارێکی بەربەست درووست بکات و بەندە بێ دەسەڵاتەکان لە نێوان دوو بەنداودا بپارێزێت لە خراپەکاری یەئجوج و مەئجوج، هەروەها (یوسف) پێغەمبەر (سەلامی خوای لەسەر بێت) زانستەکەی لە بواری ئابووری و دابینکردنی خۆراکدا خستەگەڕ، بۆ ئەوەی گەلانێك لە برسێتی بپارێزێت، کە لە میسر و دەوروبەری دەژیان، (نوح) پێغەمبەریش (سەلامی خوای لەسەر بێت) ئەو زانستەی کە خوا پێی بەخشیبوو لە دارتاشیدا کەشتیەکی گەورەی پێ درووستکرد، بۆ هێشتنەوەی ئەوانەی ئیمانیان پێ هێنا لەگەڵ ئەو گیانەوەرانەی مرۆڤ پێویستی پێیان بوو تا لە لافاوەکەدا لەناو نەچن، ئەمانەو هەموو چیرۆکەکانیتر کە لە قورئاندا هاتوون، بانگەوازن بۆ گرتنەبەری هۆکارەکانی زانست لە ژیاندا، کە بۆ هەمووان دەستەبەرن، بەمەرجێك دەستیان پێوەبگیرێت و بگیرێنەبەر.

ئەو کەسە بەهەڵەداچووە، کە پێی وابێت فیکر و ڕۆشنبیری بوارێکی تایبەتن بە کۆمەڵێك کەسەوە، کە جیاوازن لە کەسانێك کە سەرقاڵی بابەتی

ئیمانن، وەکو ئەوەی بابای خاوەن فیکر پێویست نەبێ ئیمان و ڕەوشتی جوانی هەبێت، یان بە پێچەوانەوە، بڕواداری لەخواترس عیبادەتی زۆربێت و خوردوخۆراکی کەم بێت لە دنیادا، ئەوا جاهیل بێت و خاوەنی هیچ زانستێك نەبێت و هیچ فیکر و ڕۆشنبیریەکی نەبێت.

### ٢- پەیوەستی باوەڕ بە کردارەوە:

لە قورئانی پیرۆزدا لە پەنجا و یەك ئایەتدا، ئیمان پەیوەستە بە کردەوەی چاکەوە، کە وشەکانیان بەیەکەوە هاتوون، بۆ نموونە ﴿وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُم فِي الْأَرْضِ﴾ (النور: ٥٥)، مانای شەرعی باوی ئیمان لەلای زانایان بریتییە لە وتن بە زمان، و بەڕاست زانین لە دڵەوە، کردار بە ئەندامەکانی لەش، یاخود بریتییە لە ڕوانین و کردار، بە ڕوانینی زانست و هزر بەدی دێت و بە کرداریش وەڵامی پێویستیەکانی ئەو بینینە دەدرێتەوە بە هەڵسوکەوت و مومارەسە، پەیوەستبوونی (الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ) لە قورئانی پیرۆزدا بەزۆری بە دارِشتەی (کۆ-الجمع) دێت، ئەوانەی ئیمانیان هێناوە کۆمەڵێکن، ئەوانەشی کاری چاکە دەکەن کۆمەڵێکن، کەواتە کۆمەڵی مسوڵمان یەکیانگرتووە و کۆبوونەتەوە لەسەر تێڕوانینێکی زانستی، دواتر کردەوە چاکەکانیان بەپێی ئەو تێڕانینە کردووە، ئەمەش مانایەکی گرنگ دەبەخشێت بۆ سەرلەنوێ هەستانەوەی شارستانی ئەم ئوممەتە، بە بونیادنانی تێگەیشتنێکی هاوبەش لە نێوان تاکەکانی ئەم کۆمەڵ و ئوممەتە، ئەو تێگەیشتن و وێنا هاوبەشەش ئیمانە، کە سەرچاوەی هەموو کارێکی چاکە.

### ٣- پەیوەستی زانست بە کردارەوە:

جیاوازی لە نێوان زانایاندا نییە لەسەر چەمکی عیبادەت لە ئیسلامدا، کە بریتییە لە هەموو ئەو کردەوە خۆویستانەی کە مرۆڤ ئەنجامیان دەدات، بە ئومێدی وەرگرتنی پاداشت و نزیکبوونەوە لە خوای گەورە، وە وەکو جێبەجێکردنی حوکم و پەیڕەوەکانی دینی خوا، بێگومان زانینی ئەو شتەی کە کردەوەی مرۆڤ بەهۆیەوە دەبێتە عیبادەت و نزیکبوونەوە لە خوای گەورە، پێویستی بە زانستە، هەروەها زانینی حوکمەکانی خوا و پەیڕەوەکانی بۆ جێبەجێکردن، دیسانەوە پێویستی بە زانستە، بۆیە زانایان باسی (پێویستی زانستیان کردووە بۆ کردار)[1]، وە باسی هاوپەیوەستی هەردووکیان کردووە، کەواتە (خواپەرستی دوو بەشە: زانست و کردار، وە حەق ئەوەیە کە بەیەکەوە بن، لەبەرئەوەی زانست وەك بناغە وایە و کرداریش وەکو بینا، هەروەکو چۆن بناغە بە تەنیا هیچ نییە ئەگەر بینای لەسەر نەکرێت، ئاوەهاش هیچ بینایەك جێگیر نابێت بەبێ بوونی بناغەیەکی قایم، بەوشێوەیەش، نە زانست بەبێ کردار هیچ گرنگیەکی هەیە و نە کرداریش بەبێ زانست، جێگای خۆی دەگرێت)[2]، لەوەش ڕوونتر فەرموودەی پێغەمبەرە (ﷺ) کە کردار زانستە، لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە

---

[1]. الخطيب البغدادي، أحمد بن علي بن ثابت، اقتضاء العلم العمل، تحقيق محمد ناصرالدين الألباني، دمشق، المكتب الإسلامي، ١٩٨٤م.

[2]. الراغب الأصفهاني، أبو القاسم الحسين بن محمد المفضل، تفصيل النشأتين وتحصيل السعادتين، بيروت، دار مكتبة الحياة، ١٩٨٣، ص٨٥-٨٦.

(ڕەزای خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، باشترین کردەوە چیە؟ ئەویش فەرمووی: زانیاری دەربارەی خوای گەورە، کابرا وتی ئەی پێغەمبەری خوا، من لە کردار دەپرسم و تۆ باسی زانستم بۆ دەکەیت؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: کارو کردەوەیەکی کەم بە زانستەوە سوودبەخشە، بەڵام کردەوە هەرچەند زۆر بێت، بە نەزانین هیچ سوودێك ناگەیەنێت)[1].

پەیوەندی نێوان زانست و کردار، وەکو پەیوەندی نێوان ئیمان و ئیسلام وایە، باوەڕ لە ڕەگەزی زانستە، بەڵام ئیسلامی دیار لە ڕەگەزی کردارە، بۆیە (باوەڕ، ملکەچبوونە بۆ حەق، دانپێدانان و دڵنیاییە)، بۆیە خوای گەورە وەسفی باوەڕ و زانستی بەیەکەوە کردووە، دەفەرمووێ ﴿إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ﴾ (فاطر:٢٨) و دەفەرموێت ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ﴾ (الأنفال: ٢)، (وجل القلب) مانای ترسان و ملکەچیە بۆ حەق، کە بڕوای پێ بهێنێت و دڵنیا بێت لێی، ئەمەش بنچینەی باوەڕبوونە[2].

---

1. ابن عبدالبر، أبو عمر يوسف بن عبدالبر، جامع بيان العلم وفضله، تحقيق: أبو الأشبال الزهيري، الدمام، دار ابن الجوزي، ط١، ١٩٩٤، باب جمع في فضل العلم، ج١، حديث رقم:٢١٤، ص٢٠٢.

2. الراغب الأصفهاني، أبو القاسم الحسين بن محمد بن المفضل، الذريعة إلى مكارم الشريعة، تعليق: محمود بيجو، دمشق، دار إقرأ، ٢٠٠١، ص١٢٦.

## ٤- بیرەکان و بەرنامەکان:

پوختەی قسان دەربارەی پەیوەندی هزر بە باوەڕ و زانست و کردارەوە ئەوەیە کە هزر ڕەگەزێکی بنچینەیی ئەم سێ چەمکەیە، وە بۆمان دەرکەوت کە زانست بە مانا قورئانیەکەی فراوانە بەشێوەیەك کە زانست بە شتەکان و زانست بە هەڵسوکەوت و زانست بە بیروباوەڕ دەگرێتەوە، بەڵام فیکر سێ بۆچوون لەخۆی دەگرێت: تێڕوانینێکی بەڵگەئامێزە لە زانراوەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەزانراو، وە تێڕوانینێکی هەڵسەنگێنەرە، لە شتەکان دەکۆڵێتەوە، لەو ڕووەوە کە سوود بە مرۆڤ دەگەیەنن، هەروەها تێڕوانینە بۆ داهاتوو، کە بۆ ئەنجام و کۆتایی بابەتەکان دەڕوانێت و وێنایان دەکات.

(لەمەشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پەیوەندی نێوان زانست و هزر بەمشێوەیەیە:

أ ـ زانست پێویستی بە فیکرە بۆ ئەوەی مەشروعیەتی خۆی پێ بەدەست بهێنێت، زانست ویستراو و مەشروع نابێت تا سوودبەخش نەبێت، سوودبەخشیش نابێت تا هەڵگری فیکرێك نەبێت، ئەوەی کە پێی دەوترێت زانستی سوودبەخش، تەنها ئەو زانستەیە کە بە هزر ئاوێتە دەبێت.

ب ـ فیکر پێویستی بە زانستە بۆ ئەوەی بەڵگەی بوونی بەدەستبهێنێت، فیکر ڕاست و درووست نابێت تا حەقیقی نەبێت، وە حەقیقیش نابێت تا زانستێك لەخۆی نەگرێت، ئەوەی پێی دەوترێت فیکری ڕاست و درووست، تەنها ئەو فیکرەیە کە ئاوێتەی زانست بووە)(١).

---

[1]. عبدالرحمن، طه، سؤال العمل: بحث عن الأصول العلمية في الفكر والعلم، الدار البيضاء وبيروت، المركز الثقافي العربي، ٢٠١٢، ص٣٠٤.

بەڵام پەیوەندی هزر بە کردارەوە، ئەوا راغیبی ئەسفەهانی کە دەربارەی بەشەکانی کردار دەدوێت، کە لای ئەو، کردار گشتگیرترە، بەمشێوەیە کورتی دەکاتەوە: (کرداری مرۆڤ سێ بەشە، دەروونی پوخت، کە بریتییە لە بیرەکان و زانستەکان و ئەوەی پەیوەندی بە کردارەکانی دڵەوە هەیە، هەروەها جەستەیی پوخت، کە بریتین لە جوڵەکانی مرۆڤ، وەکو ڕۆیشتن و هەستان و دانیشتن، هەروەها درووستکراو، ئەویش ئەو کردارانەن مرۆڤ دەیانکات بە بەشداری جەستە و دەروون، وەکو پیشە جۆراوجۆرەکان و پیشەسازی)[1]، بەڵگەنەویستیشە کە ئەو بیر و زانستەی دڵ پێی هەڵدەستێت و دەیخوازێت هەر ئەوانەشن دەبنە هۆی کار و کردەوەی جەستەیی، تەنانەت پێویستیەکانی ئیمان و گوێڕایەڵی بۆ خوای گەورە و ڕەوشتی جوانیش، هەروەها هەر ئەو بیروباوەڕ و زانستەی لە دڵدایە دەبێتە پاڵنەر بۆ کرداری پیشەسازی و بەرهەمهێنان و فێربوونی پیشەی بەسوود و خزمەتکردنی خەڵکی بەوشێوەیەی کە ژیانیان دەیخوازێت.

زانست، ئیمان بەرهەم دەهێنێت، ئیمانیش کردار بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کاتێك خاوەن زانستەکان دەزانن کە ئەم قورئانە حەقە و لەلایەن پەروەردگارەوە هاتووە، بڕوای پێ دەهێنن و لەسەری جێگیر دەبن و دڵیان ئارام و ملکەچ دەبێت، بەوەش ئەو بڕوادارانە شایستەی ئەوە دەبن خوای گەورە هیدایەتیان بدات بۆ ڕێگای ڕاست لە دین و لە دنیاشدا، ئەمەش فەرموودەی خوای گەورەیە ﴿وَلِيَعْلَمَ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَيُؤْمِنُوا بِهِ فَتُخْبِتَ لَهُ قُلُوبُهُمْ وَإِنَّ اللَّهَ لَهَادِ الَّذِينَ آمَنُوا إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ (الحج: ٥٤).

---

[1]. الراغب الأصفهاني، الذريعة إلى مكارم الشريعة، مرجع سابق، ص٣٠٤.

## پێنجەم: زاراوەی فیکری ئیسلامی

زاراوەی هزری ئیسلامی یان فیکری ئیسلامی، نوێیە و بەکارهێنانی لە سەدەی بیستەمدا بڵاوبووەتەوە، ئەمەش بۆ جیاکردنەوەی ئەوەی کە بیرمەندانی مسوڵمان دەیانەوێت وەك ئەڵتەرناتیڤێکی ڕەسەن ببێتە جێگرەوە بۆ ئەو ڕەگەزە فیکرییانەی لە ڕۆژئاواوە هاتوون و لەناو مسوڵماندا بڵاوبوونەتەوە، ئەم زاراوەیە لە کەلەپوور و مێژووی ئیسلامدا ناسراو نەبووە بەم وشەیە، ئەگەرچی چەمك و مانای فیکر و تێفکرین لە قورئانی پیرۆز و کەلەپووری ئیسلامیدا کۆن و بەربڵاو بووە، لە پانتاییەکی زەمەنی گەورەدا.

ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە ناومانناوە فیکری ئیسلامی، لە نووسینەکانی سەرەتای مێژووی ئیسلامیدا بە زاراوەیتر بەکارهاتووە، وەکو زانست و فیقه، ئەمانە دوو زاراوە بوون زووتر چوونەتە مەیدانی نووسین و کۆکردنەوەی زانستەکانەوە، ئەوسا زاراوەی (الفقه في الدين) بەمانای تێگەیشتن لە دین بووە بە ڕەهایی، پێش ئەوەی ببێتە زاراوە بۆ زانستێکی دیاریکراو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەناو هاوەڵاندا هەبووە بە زانستێك لە زانستەکان ناسراوە، بۆ نموونە زەیدی کوڕی سابیت زاناترینی هاوەڵان بووە بە زانستی میرات، وە لە هەموویان زاناتر بە حەڵاڵ و حەرام موعازی کوڕی جەبەل بووە، وە مێژووی ئیسلام بە درێژایی چەند سەدەیەك نموونەی زۆری بەخشی بە فیکر و داهێنانی لە هەموو بوارەکانی زانستدا پێشکەش کردووە، کە ئەمانە هەندێکیانن:

- جاحز، له سەدەی دووەمی کۆچی، کە دەربارەی فیکری ئابووری نووسیویەتی.

- حاریسی موحاسیبی، له سەدەی سێیەمدا، کە دەربارەی فیکری دەروونی نووسیویەتی.

- قابیسی، له سەدەی چوارەمدا، دەربارەی فیکری پەروەردەیی نووسیویەتی.

- ماوەردی، له سەدەی پێنجەمدا، دەربارەی فیکری سیاسی نووسیویەتی.

- زەرنوجی، له سەدەی شەشەمدا، کە دەربارەی فیکری پەروەردەیی نووسیویەتی.

- ئیبنو خەلەکان، له سەدەی حەوتەمدا، دەربارەی فیکری مێژوویی نووسیویەتی.

- ئیبنو خەلدون، له سەدەی هەشتەمدا، دەربارەی فیکری کۆمەڵایەتی و ئاوەدانی نووسیویەتی.

بەڵام هەندێك له ئەهلی زانست لەناو بازنه ئیسلامیەکەدا، خۆشحاڵ نین بە قسەکردن دەربارەی فیکری ئیسلامی، بەڵکو پێیانخۆشه قسه دەربارەی زانسته ئیسلامیەکان بکرێت، بەو چوارچێوه تەقلیدیەی کە هەیە و لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا سەریهەڵدا، وەکو دواتریش دەبینین هەندێك پێییانوایه زانست تەنها زانستی شەرعییە، کە ئەوان پسپۆڕییان تێیدا هەیە، هەرچی زانستەکانیترە پاشکۆی ئەون، ئەمانە وایدەبینن کە زاراوەی فیکر پشتکردنه له زانستی ڕاستەقینە، هەروەها پێیانوایه گرنگیدان بە فیکری

ئیسلامی پشتبەستراو بە ڕەخنەی عەقڵی و تێڕوانینی مەقاسیدی، بەکەمگرتنی دەقەکان و ڕاکردنە لە جێبەجێکردنیان.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم خۆدوورگرتنەی پسپۆڕانی تەقلیدی زانستە شەرعیەکان، نموونەگەلێکی زۆرمان لە نووسەران و پسپۆڕان و چالاکان هەیە کە هیچ گومان لە مسوڵمانبوون و سەرچاوەی ئیسلامی و جیهادی فیکریان نییە، بەرهەمێکی زۆر و جێگای ڕێزیان هەیە لە بەخشینی زانستی و فیکری و کرداری، ئەوان لە پسپۆڕیدا جیاجیا و جۆراوجۆرن، هەیانە سەربازین و هەیانە ئەندازیاری و دکتۆرین و هەشیانە پسپۆڕی کیمیا و فیزیا و دەروونزانی زۆر بواری ترن، بەڵام جێگای ئینسافە لێرەدا کە ئاماژە بەوە بکەین، هەندێك کەس لە بواری هزری ئیسلامیدا ناسراون، یان خۆیان لەو بوارەدا دەناسێنن، بەڵام نامۆ و دزەکردوون بۆ ناو فیکری ئیسلامی و شەڕێکی گەورەیان لەو بوارەدا بەرپاکردووە کە وزە و توانایەکی زۆری بەفیڕۆ داوە، لەوانەیە هەوڵی هەندێکیان بەرهەمی هەڵگۆستنی هەڵە بێت و خودی هەوڵەکە لە نیازپاکیەوەیە، بەڵام زانستی لەگەڵدا نییە، بەڵام هەندێکیان کاری بەرنامە بۆداڕێژراو و فێڵبازیە، مەبەست لێی بەرپاکردنی بێسەرەوبەرەیی و بەلبەلەی فیکریە لە کۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا.

**شەشەم: هزر و سۆز**

بونیادنانی فیکریی جەدەلێکی فیکری وشك نییە، خاڵی بێت لە هەست و سۆز، بەڵکو ئیمانە و هانی کردار دەدات، بونیادی هزری حاڵەتێکی عەقڵی و ویژدانیە، کە لێیانەوە جۆرەها هەڵسوکەوت و کردار سەرچاوە دەگرێت بەرامبەر بە شتەکان و خەڵکی، ئەگەر فیکر درککردنی مرۆڤ بێت بە خودی خۆی و دەروربەری، ئەوا سۆزی مرۆڤ ڕەگەزێکی سەرەکی پێکهێنەری مرۆڤە، بۆیە پەیبردن بەو هەست و سۆزە هیچی کەمتر نییە لە درککردنی زانست و مەعریفەی پێویست بۆ بڕیارگرتن، یان ئەنجامدانی کردارێك.

ئایا بیرەکان خاڵین لە هەست و سۆز، یان دەکرێت لە یەکتری جیابکرێنەوە؟ یان ئەگەر ئەو جیاکردنەوەیەش گونجاو بێت، ئایا بەرژەوەندیەك هەیە لە جیاکردنەوەیاندا؟

کاتێك حوکم دەدەیت بەسەر بیرۆکەیەکدا بەوەی باشە یان خراپە، یاخود کاتێك پێتوایە ئەو بیرۆکەیە ئیجابیە یان سەلبیە، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە کە تۆ وەڵامی پرسیارێك دەدەیتەوە کە دەپرسێت: چ هەستێکت هەیە بەرامبەر ئەو بیرۆکەیە؟

بوخاری لە صەحیحەکەیدا دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (دادوەری لە نێوان دوو کەسدا ناکات، دادوەرێك کە تووڕە بێت)[(١)]، ئەم

---

[1]. البخاري، محمد بن إسماعيل، صحيح البخاري، دمشق، دار ابن كثير، ٢٠٠٢، حدثنا آدم حدثنا شعبة حدثنا عبدالملك بن عمير سمعت عبدالرحمن بن أبي بكرة إلى ابنه –وكان بسجستان – بأن لايقضي بين اثنين وأنت غضبان، فإني سمعت النبي (ص) يقول: "لايقضين حكم بين اثنين وهو

فەرموودەیە بنچینەی تێگەیشنی پەیوەندی نێوان فیکر و سۆزە، هەروەها ئیمام ئەحمەد دەربارەی هەمان بابەت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (خۆشەویستیت بۆ شتێك کەڕ و کوێرت دەکات)[1].

مالیکی کوڕی بەدری وایدەبینێت کە حاڵەتی هەڵچوون یەکێکە لە ڕەهەندە کاریگەرەکان لەسەر جیاوازی تاکەکان لە ڕێژەی بیرکردنەوە، (چونکە تێفکرین پێویستی بە ئاسوودەیی و دڵنیای هەیە و هێوری دەروونی و جەستەیی هەیە.... هەروەها کۆمەڵێك توێژینەوەی ئەزموونگەرایی جەخت لەوە دەکەنەوە کە لە کاتی دڵەڕاوکێو شڵەژاندا توانای زەینی کەم دەبێتەوە بۆ چارەسەری کێشەو گرفتەکان)، وە حاڵەتی دەروونی هەندێکجار دەبێتە نەخۆشیەکی ڕوون، بۆ نموونە: تووڕە و ترسنۆکەکان توانای تێفکرین و تێڕامانیان لاوازە، ئەوانەش کە خوای گەورە گرفتاری کردوون بە شێتی و بیرکۆڵی و ڕەفتاری ڕەق و نەگونجان، ئەوا دیسان توانای تێفکرین و بیرکردنەوەیان نییە[2].

---

غضبان" كتاب الأحكام، باب هل يقضي القاضي أو يفتي وهو غضبان، حديث رقم ٧١٥٨، ص١٧٦٨.

1. أبو داود، سليمان بن الأشعث، سنن أبي داود، بيروت، دار الجيل، ١٩٩١، كتاب الطب، باب الهوى، حديث رقم (٥١٣٠) عن أبي الدرداء، ج٤، ص٣٣٦.

2. بدري، مالك، التفكر من المشاهدة إلى الشهود: دراسة نفسية إسلامية، هيرندن، المعهد العالمي للفكر الإسلامي، ط٣، ١٩٩٣، ص٩٠-٩١.

# بەشی دووەم:

# بونیادی هزری و ئاستەکانی

# پێشەکی

ئەم بەشی دووەمە تایبەتە بە قسەکردن لەسەر بونیادی هزری و دەرکەوتەکانی لە زاراوە هاوچەرخەکاندا، وە وا سەیری بونیادی فیکری کراوە کە "پرۆسەیەکە" بەپێی بۆچوونێکی دیاریکراو دروست دەبێت، وە بە چەند قۆناغێکی یەك لە دوای یەکدا تێدەپەڕێت، هەروەها دەگاتە چەند ئاستێك و هەریەکێك لەو ئاستانە دەبێتە نیشانەیەك بەسەر کەسایەتیەکی ناسراوی ناو کلتووری هاوچەرخەوە، بۆنموونە: بیرمەند، ڕۆشنبیر، زانا، بانگخواز، چاکساز، فەیلەسوف، هەر یەکێکیشیان بونیادێکی فیکرییان تایبەت بە خۆیان هەیە، هەروەها ئەم بەشی دووەمە لە بونیادی هزری، دەڕوانێت گۆڕانکاری لە کاتدا، وە جووڵە لە شوێندا، دەکرێت هاوەڵناوی تاکەکەس بێت یاخود کۆمەڵ و ئوممەت، بۆیە باسمان لە جووڵەی فیکر و فیکری بزاوت کردووە، هەروەها باسی بونیادە فیکرییەکانی بزووتنەوە و قوتابخانە فیکرییەکانمان کردووە لەگەڵ ئەو خەسڵەتانەی کە هەریەکێکیان لەویتر جیا دەکاتەوە.

مێژووی ئیسلامی بەکارهێنانێکی چڕوپڕی بەخۆیەوە بینیوە لە زاراوەکانی وەکو زانست و فیقه، ئەمەش وایکردووە کەسانێك دووربکەونەوە لە بەکارهێنانی زاراوەگەلێکی تری وەکو فیکر وەك هێمای بەهای بەخشینی

تاك يان كۆمەڵ، بۆیە جەختمان لەوە کردووەتەوە کە ئێمە نامانەوێت بەرامبەری یەکتری یان لەبری یەکتری بەکاری بهێنین، بەڵکو سیاق زاراوەی گونجاو دیاریدەکات، وە هەر یەکێك لەو زاراوانە بەهای خۆی هەیە  و بۆ شوێنێك دەگونجێت زیاتر لەوانیتر، وە دەکرێت هەریەکێك لەوانە خراپ بەکاربهێنرێت.

**یەکەم: بونیادی هزری بونیادنانە، بەڵام لە هزردا**

بونیادی هزری دوو کلیلە وشەن لە چالاکی مرۆڤدا، هەر یەکێکیان سەرچاوەی کردارێکن، وە هەریەکەیان ئاماژەن بۆ کردارێك و بۆ ئەنجامەکەشی، فیکر بابەتێکە بونیاد دەنرێت، بونیادنانیش کردارێکە بابەتەکەی فیکرە، کارکردن بە فیکریش شەرەفمەندترین کارە، فیکر وەك جەستەیەکی تەواو و کامڵ ناچێتە ناو مرۆڤەوە، وە کەسیش ناتوانێت بەسەریەکەوە و بە یەکجار لە کەسی وەربگرێت، بەڵکو مرۆڤ بونیادی دەنێت خشت لە دوای خشت. چەمکی بونیادنان هاوڕێی پلاندانان و ڕێکخستن و بەرجەستەکردنە، بەرامبەرەکەشی کۆکردنەوەی هەڕەمەکی و بێ پلانیە، چەمکی فیکر لەگەڵ زانستێکی پتەو و ڕۆشنبیریەکی داڕژاو و پەیبردنی دروستدا هاوڕێیە، بەڵام دژەکەی چاولێکەری بێ زانست و شوێنکەوتەیی بێ بەرچاوڕوونی و دەمارگیری کوێرانەیە، ئەوەی فیکری نەبێت ئەوا کار و کردەوەیەك دەکات کە ملکەچی هەواو نەفسە، جا ئارەزووی خۆی بێت یان شوێنکەوتەی ئارەزووی کەسێکیترە.

هزر یان فیکر، بەرهەمی پرۆسەی تێفکرینە، تێفکرینیش چالاکیەکی زەینی ناوخۆی مرۆڤە کە پێی هەڵدەستێت بەشێوەیەکی هۆشیارانە یان بە

**نائاگایی، ئەم پڕۆسەیەش بەوە دەبێت کە بیرۆکە و ئەندێشە و شتە هەستپێکراوەکان یان هەڵچوونەکان لە زەینی مرۆڤدا بێن و بچن، پێش یاخود لە کاتی هەر هەڵسوکەوتێکی دەرەکی مرۆڤدا، بۆیە فیکر هەوڵێکی مرۆڤە دەکرێ ئەنجامی ڕاست یاخود هەڵەی هەبێت، نە دوورە لە هەڵە و نە پیرۆزیشە، بەقەدەر ئەوەی ئەم فیکرە پشت ئەستوور بێت بە بەڵگەی نەقڵی ڕاست یان عەقڵێکی تەواو و گونجاو بێت لەگەڵ سرووشت و واقیعدا، ئەوا دەکرێت فیکرێکی نزیکتر لە ڕاستی و دوورتر لە هەڵە بێت.**

**زانای دەروونزانی مسوڵمان مالیك بەدری، جیاوازی دەکات لە نێوان تێفکرین وەکو پڕۆسەی تێپەڕینی ئەندێشە بە زەینی مرۆڤدا بەشێوەیەکی ئاسایی و تەقلیدی، وە لە نێوان تێفکرینی بەرزتر لە بیرکردنەوە، کە هەوڵێکی مەبەستدارە بۆ گەیشتن بە ڕاستەقینە لەکارێکدا کە مرۆڤ دەیەوێ درکی پێبکات، ئەمەش لە ڕێگای عەقڵبڕینی کارەکە و کارکردنی دڵ و گەڕان بەدوای بەڵگە و تێڕامان لێی، بیرکەوتنەوەش جۆرێکە لە تێفکرین کە بریتیە لە بە بیرهێنانەوەی شتێك کە ئینسان دەیزانێت دەربارەی بابەتێك و ئەوەی نزیکە لێوەی یان دژیەتی، دەکرێ بیرکەوتنەوە بۆ پەندوەرگرتن و بەرچاوڕوونی بێت، بەڵام تێڕامان (التدبر) ئەوانە هەمووی تێدەپەڕێنێت و لە ئەنجام و کۆتایی شتەکان دەڕوانێت[1].**

---

[1]. بدري، مالك، التفكر من المشاهدة إلى الشهود، دراسة نفسية إسلامية، مرجع سابق، ص٣٥-٤٧، وا باشە ئەم کتێبە بچووکە بخوێندرێتەوە، چونکە ڕوونکردنەوەی دوور و درێژی تێدایە دەربارەی پەیوەندی نێوان فیکر و (التفكر والتفكير والتدبر و التذكر)، وە توێژینەوەیەکی دوور و درێژە لە پاڵ دەقە ئاینیەکاندا بەرهەمی کەلەپووری ئیسلامی و دەروونزانی هاوچەرخ و تیۆرەکانی فێربوون کۆدەکاتەوە، وە پەیوەندی تێفکرین بە زمانەوە ڕوون دەکاتەوە و پەیوەندی بەوەی زانراوە دەربارەی ڕێبازی زانستی لە زانستە مادی و جێبەجێکاریەکاندا.




هێڵکاریەکە سەرچاوەکانی بونیادی هزری و
چۆنیەتی بونیادنانی ڕوون دەکاتەوە

## دووەم: قۆناغەکانی بونیادنانی هزری و ئاستەکانی

مالیك بەدری زیاتر قووڵ دەبێتەوە لە خوێندنەوەی تێفکرین لە کەلەپووری ئیسلامیدا و باس لە حاڵی کەسی ئیماندار دەکات لە پەیوەندیدا بە خوای گەورەوە، لەمەشەوە چوار قۆناغ هەڵدەهێنجێت، کە دەکرێ بیرکردنەوەی مرۆڤ پێیاندا تێبپەڕێت، لە قۆناغی یەکەم و دووەمدا هەموو خەڵکی بە ئیماندار و بێ ئیمانەوە تێیاندا بەشدارن و وەکو یەکن، دواتر ئیمانداران دەگوازنەوە بۆ قۆناغی سێیەم، مالیك بەدری هیچ ناوێکی دیاریکراو لەو سێ قۆناغە نانێت، بەڵام بە قۆناغی چوارەم دەڵێت قۆناغی (شهود).

ئەم خشتەیەی خوارەوە قۆناغەکان و ماناکانیان دیاری دەکات:

| ئاستی تێفکرین | تایبەتمەندی ئاستەکە |
|---|---|
| چوارەم: شهود | حاڵەتێکی ویژدانیە، خاوەنەکەی بەرزدەبێتەوە بە هۆی تێڕامان و یادی خوا و خۆشەویستی، تا وا هەست دەکات لەبەردەم خوای گەورەدا ئامادەیە. |
| سێیەم: ئیمان | لە هەستکردن بە جوانی بوونەوەرەوە بۆ دۆزینەوەی داهێنەر و درووستکەری ئەم بوونەوەرە و دانانان بە گەورەیی و چاکەی. |
| دووەم: چێژی ویژدانی | گواستنەوەیە لە هەستکردنێکی سارد و سڕ بە جیهان و بەرەو تێکەڵبوونی هەستکردن بە جوانی و ڕێکخستنی وردی جیهان. |
| یەکەم: درککردنی ماددی | قۆناغی هەستکردنە بە شتە بەرجەستەکان، یان ئامادەگی ڕووداوە بەرجەستەکان، یاخود شیکردنەوەی هەندێك چەمکی تیۆری. |

هـەروەها مالیـك بـن نـەبی لـە میانـەی قـسەکردن دەربـارەی بونیادنـانی شارستانی، بیرۆکەیەکی جوانی هەیە بۆ جیاوازیکردن لـە نێـوان بونیادنـان و کەڵەکـەکردنی هەڕەمــەکی، کاتێـك باســی جیهــانی ئیــسلامی دەکــات کــە سەردەمێکی دوور و درێژ لە دەرەوەی مێژوودا بـوو، بـەڵام لـە کۆتاییـەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا جارێکیتر بەهۆش خـۆی هاتـەوە بە بانگەوازی چاکسازی و هەسـتانەوەی شارسـتانی، بـەڵام هەوڵـەکانی لـەو

پێناوەدا تـەنها بریتیبـوو لـە هـاوردەکردنی بەرهـەمی شارسـتانی ئـەوانیتر، شارستانی لـە ڕاسـتیدا بەرهەمگـەلێکی ماددیـە و ڕۆح و فیکـر و میکـانیزم و سیستمی خۆیان هەیە، کە نە دەکـڕدرێن و نـە دەخـوازرێن، چـونکە ئەمانـە تایبەتمەنـدی تایبـەتی ئـەو شارسـتانی و ئـەو کۆمەڵگایـەن کـە شارسـتانیەتەکەیان بونیادنـاوە، هـەر کۆمەڵگایـەکیش بەرهەمـەکان هـاوردە بکات بە ڕۆح و فکرەوە، ئەوا شووناسی شارستانی خـۆی لەدەسـت دەدات و دەبێتە درێژکراوەی ئەو کۆمەڵگایەی هاوردەی لێکردووە، بەڵام کۆمەڵگایـەك کە بەرهەمی شارستانی هاوردە دەکات بەبێ ڕۆح و فیکر، ئەوا پەیکەرێك لـە بەرهەمی کەڵەکەبووی بـێ ڕێکخستن دروسـت دەکـات، کـە ڕۆح و فیکرێکـی نییە.

شارستانیەت لە هەموو کۆمەڵگایەکدا – بە ڕای مالیك بن نەبی – بەرهەمی خۆی دەبێت، کە هەڵگری ڕۆح و فیکری خۆیەتی، جیهانی ئیسلامی نەیتوانی شارستانی بونیاد بنێت، چونکە هەر خەریکی کەڵەکەکردنی بەرهەمی مادی ئەوانیتر بوو.




لە کۆکردنەوە و ڕێکخستنەوە بۆ بنباتنان

هەروەها بونیادنانی شارستانی لای مالیك بن نەبی، بەپێی هاوكێشەیەك دەبێت كە بە كارلێكی سێ ڕەگەز پێكدێت:

- مرۆڤ، بەو هێز و توانا فیكری و داهێنەرانەی كە هەیەتی.
- خاك (پارچە زەویەك)، كە توانای مادی و ئابووری پێشكەش دەكات.
- كات (زەمەن)، تێیدا ئەزموون گەشە دەكات و پێدەگات.

ئەم سێ ڕەگەزەش كارلێك ناكەن بەبێ كارای یاریدەدەر، كە بریتییە لەو مەشخەڵە ڕۆحیەی (ئاین) دەبێتە هێزی سۆز و توانای ویژدان[1].

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| مرۆڤ | + | خاك | + | كات | ← توانای ڕوحی | شارستانیەت |
| (سەرچاوەی مرۆیی) | | (سەرچاوەی مادی) | | | | |

پێكهێنەرەكانی بونیادی شارستانیەت لای مالیك بن نەبی

سەرەڕای دیاردەكانی گونجان لە جیهانی بیروبۆچوونەكاندا، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كە جیهانی بیروبۆچوونەكان یەك نموونەن، چونكە كەسەكان هەڵگری وەسفی هزری و هەڵسوكەوتی جیاوازن، ئەم خشتەیەش ئەوە ڕوون دەكاتەوە:

---

1. بن نبي، مالك، شروط النهضة، دمشق، دار الفكر، ١٩٨٦، ص٦٣.

| ناساندن | پۆل |
|---|---|
| کەسێکە پسپۆڕی لە زانستێکی دیاریکراودا دەهێنێت، جا زانستێك بێت وەکو کۆمەڵناسی، یاخود لقێك بێت لەو زانستە وەکو کۆمەڵناسی ئایینی. | پسپۆڕ |
| کەسێکە قووڵ دەبێتەوە لە پسپۆڕییەکەیدا، داهێنانی تێدا دەکات، شتی بۆ زیاد دەکات، کێشەکانی چارەسەر دەکات، کە لەناو پسپۆڕاندا تاوتوێ دەکرێت. | زانا |
| دەکرێ خاوەنی پسپۆڕییەك بێت، یان زانا بێت، دەکرێ هیچیان نەبێت، بەشێوەیەکی گشتی بایەخ بە بوارەکان دەدات کە لە ئەنجامی هەوڵی خودی خۆی لە بونیادنان پێیانگەیشتووە لە ڕێگای خوێندنەوە، یان گفتوگۆکردن، وەکو بواری زمانەوانی، یان هونەری، یاخود ڕامیاری. | ڕۆشنبیر |
| کەسێکە خاوەنی زانست و ڕۆشنبیری و فیکر، هەوڵی دروستکردنی کاریگەری دەدات لە سەر کەسانیتر، بۆ ئەوەی لە حاڵەتێکی فیکری یان هەڵسوکەوتێکەوە بیانگوازێتەوە بۆ حاڵیکیتر، کە پێیوایە باشترە. | بانگخواز |
| کەسێکە تێڕوانینێکی دیاریکراوی هەیە بۆ گۆڕین و چاککردنی واقیع و چارەسەرکردنی کێشەکانی، بەتایبەتی کێشە گشتییەکان، وەکو بواری ئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی. | چاکساز |
| بە گیانی ڕەخنەگری ناسراوە لە کۆمەڵگا و جیهان و بیر و بۆچوونە باوەکان، دژیەکیەکانیان دەردەخات، وە ڕاوبۆچوونی خۆی دادەڕێژێت دەربارەی چەمك و تیۆرە چاکسازیەکان کە بە قووڵی و تۆکمەیی و نوێگەری ناسراون. | فەیلەسوف |

دەرکەوت کە هزر ئەو ناوەڕۆکە جیاکەرەوانەیە کە وەسفی حاڵەتی کەسێك دەکات کە ناومانناوە بیرمەند، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەندێك لەو ناوەرۆکانە هاوبەشن – بە ئاستی جیاواز – لەگەڵ کەسایەتیەکانی تردا وەکو: زانا و ڕۆشنبیر و فەیلەسوف... هتد، بەڵام ئەم ناوەڕۆکانە ڕوون و ئاشکرا و جێگیرن لەلای هەریەکێك لەو کەسایەتیانە، بەشێوەیەك کە دەتوانیت وەسفی بونیادی فیکری، یان بونیادنانی فیکری ئەو کەسایەتیە بکەیت، هەروەکو دەتوانیت باس لە ڕێژەی دەوڵەمەندی و هەژاری فیکری بکەیت لەلای نموونە و ناوی دیاری هەر گرووپێك لەو گرووپی کەسایەتیانەی کە ئاماژەمان پێکرد، بۆ نموونە بەراورد بکە لە نێوان ئاستی قووڵی و جۆراوجۆری لە دەوڵەمەندی فیکری لە نێوان ژمارەیەك لە ڕۆشنبیران یان زانایان.....هتد.

## سێیەم: دیالۆگی زانست و هزر

کاتێك ئێمە لێرەدا باس لە فیکر دەکەین، هیوادارم ئەوە بە خەیاڵی خوێنەردا نەیەت کە بەرزکردنەوەی پێگەی فیکر واتە بەپیرۆزکردنی بیر و بۆچووکانی مرۆڤ، بەڵکو قسەی ئێمە لێرە لەسەر فیکری مرۆڤە کە دەکرێ ڕاست یان هەڵە بێت، هەروەها هیوادارین ئەوەی ڕاستە لە فیکر بەدەستی بهێنین بەپێی مەرجەعیەتی ئیسلامی کە دەیگرینەبەر، فیکری ڕاست و درووست ڕاستە، چونکە لە خودی خۆیدا حەقە، وە لەبەرئەوەی — لە بواری فیکری ئیسلامیدایە — گونجاوە لەگەڵ زانراوە پێویستەکانی ئایندا و تێگەیشتنی ڕاستە لە خودی خۆیدا، وە قووڵە لە ئاستی خۆیدا و سوودبەخشە لە جێبەجێکردندا.

هەروەها ئومێدەوارین کە قسەکردنمان لەسەر هزر، نەبێتە خۆبواردن لە قسەکردنیش لەسەر زانست، چونکە هەندێك لە فێرخوازانی زانست، بەتایبەتی زانستی شەرعی، پێیان باشە زاراوەی زانست بەکاربهێنن، وە ئەوە بە دەروازەیەکی ناسراو دەزانن لەناو کتێبەکانی زانست و کەلەپووردا، بەتایبەتی قسەکردن لەسەر گەورەیی زانست و پلەی زانایان و هەڵنان لەسەر فێربوونی زانست، وە هەندێك لە فێرخوازانی زانستی شەرعی جۆرێك لە گیانی دەمارگیری لە مامۆستاکان و کتێبەکانیانەوە دەگوازنەوە بۆ لقێك لە لقەکانی زانست و پێیانوایە کە بەڕێزترین زانست زانستی فیقهە، یان زانستی فەرموودەیە، یاخود زانستی تەفسیرە....هتد، بەڵام باشتر وایە کە بەرز و بەڕێزی زانست بەوە دیارییبکرێت کە لەپێناویدا ئەو زانستە هاتووەتە ئاراوە،

تا چەند دەبێتە هۆی زیادبوونی پەیوەندی بە خوای گەورەوە و سوود گەیاندن بە خەڵکی، وە ڕێزی هەر زانستێك بەوە زیاتر دەبێت کە تا چەند زەرورەت و پێویستی بوونی هەیە[1].

لە بەرامبەر ئەمەشدا هەندێك ڕۆشنبیر، یان ئەوانەی بانگەشەی ڕۆشنبیربوون دەکەن و هەندێك بیرمەند، یان ئەوانەی بانگەشەی بیرمەندی دەکەن، پێیانوایە هەموو پسپۆڕییە زانستییەکان جا لە زانستی شەرعیدا بێت، یان زانستە سروشتیەکان، تەنانەت زانستە پڕاکتیکیەکانیش، تەنها بەندیخانەیەکی کرداریە و هەڵسوکەوت لەگەڵ بەشێکی وردی زانستدا دەکات، ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەوانەی لەم بوارانەدا کار دەکەن، بێبەش دەکەن لەو شنەی ڕۆشنبیری و فیکریە، کە لەلای ئەمان هەیە و بەهۆیەوە گرنگی دەدەن بە پرسەکانی کۆمەڵگا و ئوممەت، وە بەشداری دەکەن لە چاکسازی لە واقیع و هەوڵی پێشخستنی دەدەن، ئەگەر ئەو بۆچوونەی ئەوان ڕاستیەکیشی تێدا بێت، ئەوا نابێت ناوی کۆمەڵێك زانای دیارمان لەبیربچێتەوە کە زانستەکانیاندا سەرکەوتوو بوون، لەهەمانکاتیشدا لە ترۆپکی ڕۆشنبیری و فیکردا بوون.

ئەوەی جەختی لێ دەکەینەوە لێرەدا، ئەوەیە ئێمە نامانەوێت بەراورد بکەین لە نێوان زانست و فیکردا، بۆئەوەی یەکێکیان باشتر پیشان بدەین لە بەرامبەر ئەویتردا، هەروەکو ئەوەی ناشمانەوێ فیکر لەپێشینەی ڕۆشنبیری

---

[1]. النملة، علي بن إبراهيم، الفكر بين العلم والسلطة من التصادم إلى التعايش، ط٢، الرياض، العبيكان للنشر، ٢٠٠٧، ص١٢-١٦.

و بانگەواز و فەلسەفە دابنێین، بەڵکو دەتوانین بڵێین: زانست هزرە، ڕۆشنبیری هزرە، فەلسەفە هزرە، هەموو ئەمانە فیکری مرۆڤن، هەمووشیان ئەنجامی تێفکرینی مرۆڤن، بەڵام فیکرێکن بە ئاستی جیاواز و بە تایبەتمەندی جیا، دەکرێت هەمووی حەق بێت و هەوڵدەدەین وەکو فیکرێکی ئیسلامی مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، وە ناشمانەوێت ئەو قسەیەی تر ڕەتبکەینەوە کە پێیوایە فیکریش هەر زانستە، ڕۆشنبیری زانستە، فەلسەفە زانستە، ئەمەش لەسەر بنچینەی ئەوەی کە زانست لە سیاقی مەعریفەی مرۆڤایەتیدا بریتیە لەوەی کە مرۆڤ فێری بووە لەسەر ئاستێك لە ئاستەکان، یان لە بابەتێك لە بابەتەکان، لە ئیمامی عەلیەوە گێڕدراوەتەوە لە (النهج البلاغة)دا کە دەڵێت: (...هیچ زانستێك وەکو تێفکرین نییە، ...هیچ ئابڕومەندیەکیش نییە وەك زانست بێت..)[1].

هەوڵی جیاکردنەوەی زانست لە فیکر لەسەر بنچینەی ئەوەی لەکامیاندا مەنهەج و ڕێباز هەیە سوودی نییە، چونکە مەنهەج تەنها بە بانگەشە نابێت بەبێ بوونی حەقیقەتێك، وە دەکرێت مەنهەج ڕێگایەکی ڕاست بێت بۆ گەیشتن بە حەقیقەت، بەڵام دەشکرێت ڕێگایەك بێت بۆ گومڕابوون، هەروەها جیاکردنەوەی زانست لە فیکر لەسەر بنچینەی بوونی بەڵگە، دیسان سوودبەخش نییە، لەبەر هەمان هۆکاری پێشوو، چونکە دەکرێت بەڵگە پشتگیری زانست بکات، هەروەکو دەکرێت پشتگیری فیکر بکات، وە دەکرێت تەنها وەهمێك بێت و پاڵپشتی هیچیان نەکات.

---

[1]. ابن أبي طالب، علي أمير المؤمنين، نهج البلاغة، مختارات، الشريف الرضي، شرح الإمام محمد عبده، بيروت، دار المعرفة، ج٤، ص٢٧.




ئەم دوو کتێبە دەربارەی هزر نوسراوون، هەریەکەیان مەبەستێکی جیای هەیە لەویتر، د.عەلی ئیبراهیم نەملە، مامۆستای زانکۆی ئیمام محمد بن سعودە لە ڕیاز، پسپۆڕە لە زانستی کتێبخانە و زانیاریەکان، د.عەبدوڵڵا بن سالم باهمام- یش سەرپەرشتیاری ڕاهێنانە لە بەڕێوەبردنی ڕاهێنانی پەروەردەیی لە ڕیاز، پسپۆڕە لە بەڕێوەبردنی کار و ڕاگەیاندن (بەبازاڕکردن).

کتێبی یەکەم لە بنچینەدا کۆمەڵە وتارێکی کورتە لە ڕۆژنامەی ڕۆژانەدا دەزوویەکی پەیوەندی بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە کە نووسراوی سەر بەرگی کتێبەکە تەعبیری لێ دەکات، بەڵام کتێبی دووەم کتێبێکی مەنهەجی تۆکمەیە لە ناوەرۆك و لە مەبەستدا، کە بابەتێکە بۆ ڕاهێنان.

هەردوو کتێبەکە باس لە فیکر دەکەن، بە وردی و دوورودرێژی، بەڵام هەریەکێکیان بیرۆکەیەکی بنەڕەتی هەیە کە نووسەر دەیەوێت بیگەیەنێت بە خوێنەر، لەوانەیە ئەو بیرۆکەیە لە ڕستەیەك و دەربڕینێکی کتێبەکەدا ڕاستەوخۆ نەنووسرابێت، بەڵکو لەوانەیە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەبێت و لەڕێگای خوێندنەوەیەکی فیکریەوە بۆ هەردوو کتێبەکە دەربکەوێت، خوێندنەوەی فیکری خوێندنەوەی خوێنەرە، لەوانەیە لەگەڵ خوێندنەوەی نووسەرەکەش یەکنەگرێتەوە.

## چوارەم: جوڵەی هزر و هزری بزووتن

فیکر لەلای تاك دروست نابێت دوور لەو بارودۆخەی دەروون و عەقڵی تاکەکەی تێدا بەرهەمدێت، بەڵکو هۆکار و فاکتەری زۆر هەن کاریگەری ئیجابی، یان سەلبیان دەبێت لە پێکهاتنی فیکردا، هەندێك کەسیش زیاتر لە هەندێکیتر بەو فاکتەرانە کاریگەر دەبن، یان لە قۆناغێکی گەشەکردندا کاریگەرییان زیاتر دەبێت تا قۆناغێکیتر، وە لەبەرئەوەی بیرمەند یان ئەو کەسەی توانایەکی فیکری هەیە بەو سیفەت و تایبەتمەندیانەوە لەدایك نابێت، بەڵکو وەکو هەموو کەسێکی ئاسایی دەستپێدەکات و سەرەتا هیچ نازانێت، ئەوا لەسەرەتای بونیادنانی فیکریدا، بە هەموو ئەو کارتێکەرانەی کە دەکرێ کاریگەری لەسەر کەسایەتی درووست بکەن، ئەو بەئاگایی بێت، یان بەبێ ئاگایی، هەستی هۆگری بۆ ئاین و ئاینزا و تایەفەگەری لای دەچەسپێت، ئەم هەستانە لە دواییدا لەلای دەبن بە ڕاستی حاشاهەڵنەگری فیکری و زۆرجار زۆر بە هەموو هێز و توانایەوە کاریان لەسەر دەکات، وە لە پێناو چەسپاندنیاندا بەڵگە و دەلیلی فیکری دەهێنێتەوە، بەڵام هەندێکجار ئەو ژینگەیە کاریگەری سەلبی دروست دەکات و پێچەوانەی ئەمە ڕوودەدات، کاتێك هەستی دژایەتی و ڕقلێبوونەوەی لا دروست دەبێت بۆ ئەو فیکر و بیروبۆچوونانەی لە ژینگەکەیدا دەیانناسێت، هەوڵدەدات هەڵیانوەشێنێتەوە و خۆیان لێ بێبەری بکات.

بێگومان پەروەردەبوون لە خێزانێکدا و خوێندنی قوتابخانە و ئەزموونی ژیان و هەلی پەیوەندیکردن بە قوتابخانەیەکی فیکریەوە، کە پاشخانێکی

فیکری دیاریکراوی هەبێت... هەموو ئەمانە بەیەك شێوە نین، وە یەکجۆر ژینگە بۆ گەشەکردن و پێکهاتنی فیکری دەستەبەر ناکەن، بۆیە گرنگە لە پەیوەندی نێوان فیکر و بزاوت تێبگەین و لەو ڕەگەزە هاوبەشانەی لەنێوانیاندا هەیە و ئاوێتەبوونی وەزیفەکانیان.

دەتوانین پێشوەخت بڕیاری ئەوە بدەین، کە قورسە بزووتنەوەیەك هەبێت کە هیچ فیکرێکی نەبێت، بۆیە ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ، کە ئەوە چ بیرێکە ئەو بزووتنەوەیە بەرپای دەکات؟ یان ڕێژەی بیرمەندان چەندە لە ڕیزەکانیدا؟ بەهای فیکر چۆنە لەلای؟ بەرنامەی چیە بۆ گەشەپێدانی فیکر و نوێکردنەوەی و فراوانکردنی ئاسۆکانی؟ لەگەڵ ئەوەدا کە دەتوانین بڵێین هزر جوڵەی عەقڵی بیرمەندە کاتێك فیکر بەرهەم دێنێت، بەمەش فیکر و بزووتنەوە دەبنە دوو چەمکی پەیوەست بەیەکەوە، بەهەمانشێوە دەتوانین ئەوە ببینین کە بیروبۆچوونێك هەبێت، بەڵام بزووتنەوەیەك نەبێت بیکاتە واقیع، لەبەرئەوەی کەسێك نییە هەڵیبگرێت و بیجوڵێنێت، لەم کاتەدا هیچ بەهایەك بۆ ئەو فیکرە نامێنێتەوە کە جوڵەیەکی پێ ببەخشێت، بۆ کاریگەری و گۆڕانکاری.

ئەگەر واقیعی بزووتنەوە هاوچەرخەکان شیبکەینەوە، جا بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بن، یان سیاسی، یان فیکری، یاخود سەربازی، ئەوا تێبینی ئەوە دەکەین کە زاراوەی بزووتنەوە لە بنچینەدا ئاماژەیە بۆ حەزی گۆڕینی واقیعی باو، لەمەشەوە چەمکی بزووتنەوە واتە بوونی کۆمەڵێك، یان

ڕێکخستنێك بجوڵێت و کار بکات بۆ گۆڕینی واقیع، لەو پێناوەشدا چەند میکانیزمێکی دیاریکراو بگرێتەبەر.

ئیسلام لە سەرەتای هاتنیەوە، بزووتنەوەیەك بوو لەو واقیعەی ئەوکاتەدا، بەڵام دوای جێگیربوونی دەوڵەت و کۆمەڵگای ئیسلامی لەسەر شێوەیەکی دیاریکراو، لە تێگەیشتن و مومارەسە، بزووتنەوەگەلێکی ئۆپۆزسیۆنی تێدا پەیدا بوو، بەتایبەتی لە کۆتایی خیلافەتی عوسمان (ڕەزای خوای لێ بێت) و هەندێك لەو بزووتنەوانە هەوڵی سەپاندنی بۆچوونی جیاوازی خۆیان دەدا لەو پێناوەشدا توندوتیژیان بەکارهێنا بۆ چەسپاندنی تێڕوانینە شۆڕشگێڕیە ئۆپۆزسیۆنیەکەیان.

توێژینەوەی زۆر کراوە بۆ دیاریکردن و نووسینەوەی مێژووی بزووتنەوە ئیسلامیەکان لە جیهانی ئیسلامیدا، باس لەو بزووتنەوانە و بیروبۆچوونیان دەکات، لەوانە توێژینەوەیەك لە گۆڤاری (مسوڵمانی سەردەم — المسلم المعاصر) ساڵی ٢٠٠١ بڵاوکراوەتەوە[1]، تەنها ئاماژە دەکەین بۆ زاراوەی جوڵەی فیکر و فیکری بزووتنەوە، وە هەندێك لەو نووسراوانەی ئەم زاراوەیەیان بەکارهێناوە، بەتایبەتی نووسینەکانی تەها جابر عەلوانی و ئەحمەد ڕەیسونی.

---

[1]. الزفتاوي، عصام الدين، حوارات حول حركة الفكر الإسلامي المعاصر خلال القرن العشرين– دراسة وتحليل، مجلة المسلم المعاصر، العدد٩٨، السنة ٢٥، اكتوبر– ديسمبر، ٢٠٠٠، ص١٣٩– ١٨٧.

عەلوانی بەم زاراوەیە پێدەچێت بیەوێ شتێکی جیاواز بڵێ لەو مانایەی کە لای زۆرێك بڵاوە، نووسەر لەو ئاماژە کورتەی کردوویەتی، جەختی کردووەتەوە لەسەر (بزاوتی ئوممەت) و ئەو توانایەی پێویستە بۆ گەڵاڵەکردنی (پێکهاتەی فیکری ئیسلامی هاوچەرخ و ئەڵتەرناتیڤ)، وە ئامانج لێی ئەوەیە (بزاوتی ئوممەت بەهێز بکەین، بە خۆراکی فیکری پێویست کە حەوجێی زۆری پێیەتی)[1]. عەلوانی گرنگی بە هزری بزووتنەوە نەداوە بە مانای ئەو بیروبۆچوونانەی بزووتنەوە ئیسلامیەکان بەرپای دەکەن، بەڵکو گرنگی ئەو لەسەر فیکری ئوممەت و بزاوتی ئوممەتە لە جوڵەکردن بەو فیکرە هەروەها جوڵەی فیکر لە گۆڕەپانی ئیسلامیدا.

بەلام ڕەیسونی لە وتارێکی کورتدا بە ناونیشانی "بزووتنەوە ئیسلامیەکان لە فیکری بزووتنەوە و بزاوتی فیکردا"، کە لە چوارچێوەی توێژینەوە ڕەخنەییەکانیدا[2] هاتووە، تێبینی ئەوەی کردووە کە سەرهەڵدانی بزووتنەوە ئیسلامیەکان کە هەڵگری خەمێکی سیاسی بوون،

---

1. العلواني، طه جابر، إصلاح الفكر الإسلامي بين القدرات والعقبات، ورقة عمل، سلسلة إسلامية المعرفة، رقم ١٠، هيرندن والرياض، المعهد العالمي للفكر الإسلامي والدار العالية للكتاب الإسلامية، ط٢، ١٩٨٤، ص٤٣.

2. ئەم وتارە لە ماڵپەڕی ئەلکترۆنی د.ئەحمەد ڕەیسونیدا هاتووە بە مێژووی ٢٠٠٥/٥/١١، لە چوارچێوەی زنجیرەیەك وتار دەربارەی ڕەخنە لە بزووتنەوەی ئیسلامی، وە ئەم وتارە لە کۆمەڵێك ماڵپەری ئەلیکترۆنیدا بڵاوکراوەتەوە و زۆرێك لە نووسەران باسیان کردووە و ئاماژەیان بۆ کردووە، دەتوانیت سەیری وتارەکە بکەیت لە پێگەی ڕەیسونی لەم بەستەرەدا:
www.widesoft.ma\raissouni\def.asp?codelangue=6&info=347

بێهێزبــوون لــە دروســتکردنی زانــا و بیرمەنــد و توێــژەر، ئەوەشــی کــە هەڵکــەوتووە لــەم بزووتنەوانــەدا هەڵکەوتەیــەکی لــەخۆوە بــووە، وە ئــەو فیکــرەی لــە بزووتنەوەکــەدا گەشــەیکردووە فیکرێــك بــووە (لــە پێنــاوی بزووتنەوەکە و پێویستیەکانی ڕووبەڕووبوونەوەدا بووە، هزرێك بووە بەرگری لە هێڵی بزووتنەوە کردووە، لە بەرژەوەندی و ڕێنماییــەکانی بزووتنــەوە، لــە بــژاردە و بەرژەوەندیــەکانی بزووتنــەوە، ئــەوە هــزری بزووتنەوەیــە)، کــە لەڕاســتیدا نزیکــە لــەوەی پێــی بووترێــت — بەشــێوەیەکی گــشتی– فیکــری حیزبــی، یــان عەقڵیــەتی حیزبــی، لەبەرئــەوە (ئــەم فیکــری بزووتنەوەیــە دەستەوســان بــووە لــەوەی هاوتــەریبی گۆڕانکــاری پێــشهاتەکان بێــت جــا لەناوخۆی خۆیدا بووبێت، یان لەدەروەی).

ئەگەر ڕەیسونی لەوە گەیشتبێت کە بارودۆخی سەرهەڵدانی بزووتنــەوەی ئیسلامی بەشــێوەی (بزووتنەوەیــەکی ڕزگــاریخواز بووبێــت... پێویــستیەکی زۆری بە بیرێکی شۆڕشگێڕی ڕێکخراو و ڕەنگگرتوو بووبێت بــە بــژاردەکانی) ئەوا پێیوایە کە بزووتنەوە ئەمڕۆ داواکــراوە و لەســەری پێویــستە کــە ئــەمڕۆ بزووتنەوەیەکی ئیجتیهادی نوێخواز بێــت، لــە نــاو خــۆی و لــە کۆمەڵگاشــدا، لەبەرئەوە پێویستیەکی زۆری بە بیری ئازاد و بیری داهێنەر هەیە، پێویستی بەوە هەیە بزاوتی فیکر ئازاد بکات و بەرەوپێشی بەرێت، بەبێ هیچ ملکەچی و شوێنکەوتەییەك بۆ فیکرێکیتر).

## پێنجەم: قوتابخانە فیکرییەکان

نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، کۆمەڵێك کەسایەتی تێدا دەرکەوت، کە گرنگیان بە هـزری ئیـسلامی دەدا، هەنـدێکیان لـەناو بزووتنـەوە و حیـزب و ڕێکخـراوە ئیـسلامیەکاندا بـوون، هەنـدێکیتریان مامەڵـەیان لەگـەڵ هـزری ئیـسلامیدا دەکـرد لـە هەڵوێـستێکی ڕەخنەگرانـەوە، لـە ئاڕاسـتە هزریـە تەقلیدیەکان جا چ سەلەفی کەلەپووری بێـت، یـان نوێخـوازی سـەردەمییانە، لەو نێوانەدا هەریەکەیان ئاڕاستەیەکی تایبـەت بـەخۆی دیـاریکردبوو لەسـەر بنـەمای مەنهـەجی قوتابخانـە مۆدێرنـەکان و پۆسـت مۆدێرنـەکانی ڕۆژئـاوا، هەندێك لە هەوڵی ئەوانە ئاشکرا و هەندێکیتر نادیاربوو.

کاتێك باس لە هزر دەکەین لەلای تاکی مـرۆڤ ئـەوا دەتـوانین بڵـێین: ئـەو تاکە بونیادێکی هزری دیاریکراوی هەیە، یـان بیردەکاتـەوە، بـەڵام بونیـادی هزری دەکرێت سیفەتێك بێت بۆ کۆمەڵە کەسێك کە یـەك بونیـادی فیکریـان هـەبێت، یـان سـەر بـە قوتابخانەیـەك بـن، قوتابخانـەی فیکـریش دەکرێـت کۆمەڵەیـەکی چاکـسازی بێـت، یـان بزووتنەوەیـەکی ئـاینی، یـان پـارتێکی سیاسی، یان کۆمەڵەیـەکی زانـستی، لـە پـسپۆڕیەکی دیـاریکراودا، هـەروەك دەکرێـت ئاڕاسـتەیەکی فیکـری فـراوان بێـت، کـە بەشـێکی زۆری کۆمـەڵگا بگرێتـەوە، یـان تەنانـەت هـەموو کۆمـەڵگاش، بـۆ شـوێنکەوتووانی هـەر قوتابخانەیەکی فیکری، ڕێبازێکی دیاریکراو هەیە لە ڕوانـین بـۆ بابەتـەکان و مومارەسەی هزری و توێژینەوە و هەڵسوکەوت لەناو ئەم ڕێبازەدا، هەروەکو قوتابخانەی سۆفیزم، یـان سـەلەفیزم، یـان قوتابخانـە فەلـسەفیەکان، ئـەم

ڕێبازە بۆ ڕوانین لە نێوان قوتابخانە فیکریەکاندا، جیاوازن وەکو ئاینزا فیقهیە جیاوازەکان.

نموونەی قوتابخانە فیکرییەکان: کۆمەڵەی برایانی مسوڵمان، حیزبی تەحریری ئیسلامی، قوتابخانەی فرانکفۆرت لە فەلسەفەدا، قوتابخانەی شیکاگۆ لە ئابووریدا، قوتابخانەی ڤیەننا لە زانستە دانراوەکاندا، قوتابخانەی ئیسلامێتی مەعریفە، قوتابخانەی سەلەفیزم.

قوتابخانەی هزری، هەمیشە کۆمەڵێك پێشەنگ و سەرکردەی هەیە کە دەبێ بۆ نووسینەکانیان بگەڕێینەوە بۆ ڕوونکردنەوەی تێزەکانی قوتابخانەکە، ئەوانیش لە کۆمەڵێك بیروبۆچووندا هاوبەشن، هەندێك ئامانجیان هەیە دەیانەوێت بەدی بهێنن، ئەویش بەو هاوکاریی و لێك تێگەیشتنی نێوان ئەندامانی قوتابخانەکە، وە هەر قوتابخانەیەك بەوە دەناسرێت کە کۆمەڵەیەکی پیشەیی، یان زانستی هەبێت، کە چالاکی هەبێت لە چاپ و بڵاوکردنەوە و ڕێکخستنی کۆنگرە و سیمینار و خولی پێگەیاندن.

کەواتە بونیادی فیکری لەناو قوتابخانەیەکدا، بریتیە لە کۆمەڵێك بیروبۆچوون (بیروباوەڕ) و ئاوات (هەست)، کە تێڕوانینی تاکی بۆ پێکدەهێنێت بۆ خۆی و کۆمەڵگاکەی و مێژووی ئێستا و داهاتووی ئەو کۆمەڵگایە، وە بۆ واقیعی ئەو جیهانەی لە دەوریەتی و مێژووی ئەو جیهانە و ئەو مەنهەج و ڕێبازەی کە پێویستە بۆ گۆڕانکاری و چاکسازی لە کۆمەڵگادا

**و چارەسەرکردنی کێشەکانی، کۆی ئەم بیروبۆچوون و ئامانجانە، هەموو ئەندامانی قوتابخانە فیکریەکە تێیدا هاوبەشن[1].**

**ڕاستە بیروبۆچوون و ئاواتەکان لەناو یەك قوتابخانەی هزریدا، زۆرجار وەکویەك نین، ئەمەش لەبەر ئەو جیاوازیە سرووشتیەی لە نێوان تاکەکاندا هەیە، کە لە یەکتریان جیا دەکاتەوە، بەڵام ڕێژەیەکی باش لە هاوبەشی لەنێوان ئەندامانی قوتابخانەکەدا بەسە بۆ ئەوەی ببنە یەك کۆمەڵەی دیار و جیاواز لە کەسانێك کە لەدەرەوەی کۆمەڵەکەن، یان لە کۆمەڵەی تردان.**

---

[1] **. هیوادارم ئەم دەربڕینە وا سەیر نەکرێت کە پێناسەی کۆتاییە، بەڵکو وا لێك بدرێتەوە کە داڕشتە و پێناسەیەکە لە پێناسەکان کە بەهۆیەوە چەمکی بونیادی هزری بناسێنین بەهۆی جیاکردنەوەی دوو ڕەگەزی سەرەکی لەو بونیادەدا، ئەوانیش درکپێکراوە بیروباوەڕییەکان و درکپێکراوەکانی هەڵچوون و سۆز.**

# بەشی سێیەم:

# بونیادی هزریی کۆمەڵگا و ئوممەت

# پێشەکی:

شوناسی هزری دەکرێت ببێتە وەسفی هەر کۆمەڵە و گرووپێك، بچووك بێت یان گەورە، وە ئەم وەسفە کۆی ئەو بیروبۆچوونانە دەگرێتەوە، کە تاکەکانی ئەو کۆمەڵەیە پیادەی دەکەن، هەروەها ڕێگاکانی بیرکردنەوەکە دەیگرنەبەر، وە ئەو بونیادە فیکرییەی کە کۆی بیروباوەڕ و بەها و جۆری هەڵسوکەوت دەگرێتەوە، ئەم بونیادەش لە چەند سەرچاوەیەکەوە پێکدێت، کە دەچنەوە سەر کەلەپووری مێژوویی، یان شێوازەکانی گەشەی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی، یان بەزۆر ڕۆشنبیرکردن لەلایەن سیستمی سیاسیەوە، یان هەر شتێکیتر.

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین هەڵوەستەیەك بکەین لەسەر ئەو فاکتەرانەی شووناسی هزریی تاك و کۆمەڵگا دروست دەکەن، هەروەها ڕۆڵی تاك و کەسانی دەستەبژێر لە داهێنانی فیکر و ڕۆڵی ژینگەی دامەزراوەیی لە ئامێزگرتن و سەرپەرشتیکردن و بە بازاڕکردنی فیکردا، هەروەها لە بونیادنانی سەرمایەی فیکری بۆ کۆمەڵگا و ئوممەت، وە پێگەی ئوممەتی مسوڵمان لە پێشەنگیی فیکریدا.

**یەکەم: شووناسی هزریی**

کۆمەڵگاکان هەمیشە پارێزگاری دەکەن لە شووناسی فیکری و ڕۆشنبیری خۆیان، لە ڕێگای کۆمەڵێك شێواز و ئامڕاز و ڕێوشوێنەوە، لەوانە:

ـ بەرنامەی پەروەردە و پێگەیاندنی خێزانی، کە تاك لێوەی فێری زمانی دایك و زۆرێك لە بەها و دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکان دەبێت.

ـ بەرنامەی فێرکردنی گشتی، کە تاك لێوەی فێری بنچینەکانی زانست و مەعریفە دەبێت دەربارەی مێژووی وڵاتەکەی، جوگرافیای، سیستمەکەی، ماف و ئەرکەکانی کە دەبێت هەر تاکێك لە کۆمەڵگادا پێیان هەستێت.

ـ دامەزراوە فەرمی و تایبەتەکانی کۆمەڵگا، کە گرنگی و بایەخی تایبەتی بە بواری ڕۆشنبیری، یان سیاسی، یان کۆمەڵایەتی دەدەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشداری دەکەن لە بونیادنانی شووناسی نیشتمانی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا، لەناویشیاندا ڕەگەزی فیکری و ڕۆشنبیری، نموونەی ئەم دامەزراوانەش: پارتە سیاسییەکان، کۆمەڵە و سەندیکا پیشەییەکان، ڕێکخراوەکانی گەنجان و وەرزشی، کتێبخانە گشتییەکان و زۆریتر.


ـ یاسا و ڕێساکان، کە تاك دەبێت پێیانەوە پابەند بێت، بەشێوەیەك کە یەکگرتووی کۆمەڵگا بەدی بهێنێت و پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی بکات، هەروەها ئەو سزایانەی کە تاك ڕووبەڕوویان دەبێتەوە ئەگەرهاتو پێچەوانەی ئەو سیستم و یاسایانە ڕەفتاری کرد.

نموونەی ئەم شێواز و میکانیزمانە بەشداری دەکەن لە داڕشتنی عەقڵ و دەروونی تاکەکاندا، وە لە شێوازی هەڵسوکەوتیان لە کۆمەڵگادا،

بەشێوەیەك كە دەتوانیت شووناسی تاك و ئینتیمای بۆ كۆمەڵگاكەی دەستنیشان بكەیت، كەواتە بونیادی فیكری هەر كۆمەڵگایەك دیاری دەكرێت بە كۆی بیروبۆچوون و سۆز و شێوازی هەڵسوكەوتی هاوبەشی نێوان تاكەكانی ئەو كۆمەڵگایە، وە لە كۆمەڵگایەكیتر جیای دەكاتەوە، هەر بەوشێوەیەش كۆمەڵگایەكیتر بونیادێكی فیكری خۆی هەیە، وە بە قەدەر ئەوەی كە كۆمەڵگاكانی ئوممەتی ئیسلامی لە شێوازی گەشەپێدان و بەرنامەی فێركردن و دروستكردنی دامەزراوەی گشتی و تایبەت و سیستمی ژیاندا لەیەك بچن، بە قەدەر ئەوە، بونیادی فیكرییان یەكدەبێت.

كاتێك باس لە ئوممەتی ئیسلامی دەكەین بە مانا دیاریكراوەكەی لە قورئانی پیرۆز و فەرمودەی پێغەمبەر (ﷺ) و كەلەپووری ئیسلامیدا، كە لە مێژووی خۆیدا مانای یەكێتی و تۆكمەیی و هاوكاری و یەكتر سەرخستن بووە، وە لە واقیعی سەردەمیشدا پەرتەوازە و دابەشبوو بەسەر دەوڵەت و تایەفە و ئاینزا و ڕەچەڵەك و زمانی جیاوازدا.. ئەوا پێویستە لەسەرمان كە بیر لە مانای بونیادی فیكریی ئەم ئوممەتە بكەینەوە لە هەردوو حاڵەتەكەیدا، واتە لە حاڵەتە مێژوویەكەی و حاڵەتی ئێستای.

ئەم وێنەیەی خوارەوە شێوازەکانی بەدیهێنانی گونجان لە بونیادی
فیکری لە کۆمەڵگادا ڕوون دەکاتەوە




## دووەم: بونیادی فیکری لە نێوان چەقبەستن و نوێبوونەوەدا

هەندێك لە بزووتنەوەکان بەوە دەناسرێن کە قوتابخانەیەکی هزری بونیاد دەنێن کە تەنانەت دوای مردنی دامەزرێنەرەکەشی بەردەوام دەبێت، وە ڕەگ و ڕیشەی دەچێتە خوارەوە بە قوڵایی واقیعی فیکری و واقیعی کۆمەڵگادا، بەم شێوەیە قوتابخانە فیکریەکە ماوەیەکی دوور و درێژ بەردەوام دەبێت بەبێ گۆڕانکاریەکی ئەوتۆ، هەرچەندە ئەو بیروبۆچوونانەی یەکەمجار داهێنەر و دیاربوون و لەگەڵ ئەوەدا کە دامەزرێنەرانی سەرەتای قوتابخانەکە لێهاتوو بووبن، بەڵام چەقبەستن لەسەر ئەو بیروبۆچوونانە سیفەتی باش نییە، ئەمە واتای نکوڵیکردن نییە لە دامەزرێنەرەکەی، یان بە

کەمزانینی لێهاتوویییەکەی لە داڕشتنی بیروبۆچوونەکاندا، کە پەیوەستن بە شووناسی کۆمەڵگا و ئینتیمای فیکری، وە بە کەم سەیرکردنی ڕێکخستنی بزووتنەوەکە لە شێوەی چەند بیروبۆچوونێکدا نییە کە شایانی جێبەجێکردن و مانەوەبن.

گۆڕانکاری ڕاستییەکە لە ڕاستییەکانی گەردوون، چونکە میلی کاتژمێری ئەم دنیایە ناوەستێت، تەنها فاکتەری کاتیش بەسە بۆ ئەوەی کاریگەری سەرەکی هەبێت لە گۆڕانی شتەکان و کەسەکان و بیروبۆچوونەکاندا، ئەمەش لەبەرئەوەی مرۆڤ بە تێپەڕینی کات گەشە دەکات و ئەزموونی نوێ فێر دەبێت و زانستی زیاد دەکات، لە هەمانکاتدا شتانێکی بیردێتەوە و شتانێك لەبیردەکات، بۆیە لەڕاستیدا چەقبەستن لە هزری مرۆڤدا هیچ بوونێکی نییە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا قسە زۆر دەکرێت لەسەر نوێبوونەوە و نوێکردنەوە و لە هەموو بۆنەیەکدا دووبارە قسە لەسەر کرانەوە و داخران دەکرێت دەربارەی فیکری ئیسلامی، کەواتە ئەمە واتای چییە؟

نوێکردنەوە ڕووکاری زۆری هەیە، لەوانە ئیجتیهادی نوێ بۆ تێگەیشتنی دەق، یان دابەزاندنی دەق بۆ ناو واقیع، یەکێکیتر لە ڕووکارەکان، گواستنەوەی هزری ئیسلامی لە گرنگیدان بە بابەتە بەشەکی و بچووکەکانی ژیانی تاکەکەس و کۆمەڵگاوە بۆ سەرقاڵبوون بە پرسە گشتی و بابەتە هەمووەکیەکانی تایبەت بە ئوممەت و مرۆڤایەتی، یان بەکارخستنی ئەو ئامرازانەی لە واقیعی کۆمەڵایەتی مرۆڤایەتیدا دادەهێنرێن بۆ گشتاندنی مەعریفەی ئاینی و بڵاوکردنەوە و بەرگریکردن لە دین، ڕووکارێکیتر

گەشەپێدانی چەمکەکان و ڕێکخستنی بیروبۆچوونەکان لە پرەنسیپێکی مەنهەجیدا کە کۆتایی بە بێسەرەوبەرەیی فیکری بهێنێت و چوارچێوەیەکی مەنهەجی دروست بکات بۆ جولآن و هەڵسوکەوت لەو چوارچێوەیەدا، بەبێ دەرچوون لە نەگۆڕەکانی ئاین و مەبەستە بالآکانی لە بەدیهێنانی بەرژەوەندی ئەم ئوممەتەدا....و بەوشێوەیە.

شێوەکانی نوێبوونەوە و کرانەوە لە فیکردا، پێویست و ویستراوە و خەڵکی بانگەشەی بۆ دەکەن، تەنانەت ئەگەر نوێخوازیش نەبن، قسەکردنیش لەو بارەیەوە ئاسانە، بەڵام قورسترە لە قسەکردن دەربارەی شێوەکانی چەقبەستن و داخران، کە خەڵکی خراپگۆیی دەکەن و خۆیانی لێبەری دەکەن، لەکاتێکدا کە تێیدا دەژین، بەهەرحاڵ، نوێبوونەوە ڕێژەییە و سیفەتێکی ڕەها نییە، ڕێژەیەکە تا ئەو ئاستەی ئیسلام داوای دەکات، یان تا ئەو ئاستەی لە تواناکانی فێربوون و نوێبوونەوەدا دەبێت، یاخود تا ئاستی هەبوونی کرانەوە بەسەر ئەوانیتردا، لەبەرامبەر ئەمەشدا وەستان و جێگیربوون لەسەر بیروبۆچوون و بنەما، سیفەتێکی پێویستە و تێکگیرانی نییە لەگەڵ ئاڕاستەی نوێبوونەوە، وە نوێبوونەوەش دژی مانەوە و بەردەوامی نییە لەسەر بنەما و هێڵە گشتیەکان و بنچینە گشتیەکاندا، بەڵکو حەق ئەوەیە پارێزگاری بکرێت لە هاوسەنگی نێوان بەردەوامی و جێگیربوون لەسەر بیروبۆچوونە بنەڕەتیەکان لەلایەك و نوێکردنەوە لە پاساوەکانی ئەو جێگیرییە و تێگەیشتنی تازە و دەربڕینێکیتر لە ڕوویەکیترەوە لەلایەکیترەوە.

لێرەوە کەسێك بیەوێت بونیادێکی فیکری دیاریکراوی هەبێت، دەبێت پانتاییەکی کراوە بهێڵێتەوە بۆ نوێبوونەوە و گەشەکردن، ئەوەی دوێنێ کردوویەتی ئەمڕۆ پێیدا بچێتەوە، وە سەیری بونیادە فیکریەکەی خۆی بکات، بۆ ئەوەی بۆی دەربکەوێت کە چی بۆ زیادکردووە و چ گەشەیەکی سەندووە، لە ئەنجامی بیستن و خوێندنەوە و وەرگرتنی ئەزموونەوە.

## سێیەم: بە بازارکردنی بیروبۆچوونەکان

بە بازارکردن زانستێکە چەمك و بنەما و تیۆری خۆی هەیە، کتێبی ئەکادیمی و پیشەیی تایبەت بەخۆی هەیە، هەروەها بەرنامە و ئالیەتی تایبەتی هەیە بۆ بە بازارکردنی شتومەك و خزمەتگوزارییەکان، هەر لەمەوە بیرۆکەی بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونەکانیش چوێنراوە بە بازارکردنی شتومەك لە میانەی ئەو بەها زانستیەی کە بیروبۆچوون هەیەتی، کە دەکرێت لەسەری ڕێوشوێنی پیشەیی و کرداری بگیرێتەبەر کە دەستکەوتێکی مادی هەبێت، لەمەوە بیرۆکەی پێدانی (پێشینەی داهێنان – براءة الاختراع) هاتووەتەوە ئارا بۆ پاراستنی مافی خاوەن بیرۆکەکە و سوودوەرگرتن لێی لەکاتی جێبەجێکردنی لە بازاڕی شتومەك و خزمەتگوزاریەکاندا، هەر ئەمەش بووە هۆی داهێنانی بیرۆکەی (مافی خاوەندارێتی بیرۆکە – الملكية الفكرية)، هەروەها ئابووری مەعریفە و ...هتد.

بەهای ئەو بیروبۆچوونانەی کەسێك هەیەتی دەرناکەوێت ئەگەر هەر لای خۆی بەندیان بکات، بەڵکو بەهاکەیان لەوەدایە کە بڵاوبکرێنەوە و

پەرەبستێنن، وە ببنە پێکهێنەرێکی کاریگەر لە کلتووری کۆمەڵگادا، یان ڕایەکی گشتی لە سیاسەتدا، یاخود مومارەسەیەکی دیاریکراو لە بەکاربرداندا..، وە زاراوەی بە بازاڕکردنی بیروبۆچوونەکان زۆر دوور نییە لە مانای زۆرێك لە زاراوەکانیتری وەکو پەروەردە و گەشەپێدان و بڵاوکردنەوە و پەیوەندی و ڕیکلام و شتنەوەی دەماغ و بەرنامەڕێژی عەقڵەکان و غەزوی هزری و.....هتد، گرنگ ئەوەیە زاراوەی بە بازاڕکردنی بیروبۆچوونەکان جەخت دەکاتەوە لەسەر بەهای زانستی و سوودی پێویست لەو بیروبۆچوونانەی کە دەویسترێ بەبازاڕ بکرێن یان بڵاوبکرێنەوە.

ئایا پرۆسەکانی فێرکردن و وانەبێژی تەنها گواستنەوەی بیروبۆچوونە؟

ئایا ئەوەی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو و خوێندراودا دەگوزەرێت تەنها هەوڵی بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونی ڕاست یان خراپن؟

ئەی باشە ئەو هەوڵانەی کە چاکسازەکان و بانگخوازەکان دەیدەن لە پێناوی گۆڕینی واقیع و چارەسەرکردنی کێشەکانی، لە بنچینەدا دەستپێشخەریی فیکری نین؟

سەرکردەکان لە هەر بوارێکی کۆمەڵگادا توانای پێشەنگی و پێشەوایەتی و کاریگەری لەسەر عەقڵ و دڵی خەڵکی لەکوێوە دەهێنن؟ ئەگەر ئەمە لە ئەنجامی گەشەپێدانی بیروبۆچوون و کردار نەبێت لەسەر بنەمای ئەو بیر و بۆچوونانە؟

چۆن دەزانیت کە تۆ بیروبۆچوونی گەورەت هەیە ئەگەر باسیان نەکەیت و لە هەڵسوکەوت و کردارتدا ڕەنگ نەدەنەوە؟ یان ئەگەر لە زمان و قەڵەمەکەتەوە دەرنەچن؟

ئەم پرسیارانە دەمانگەیەننە ڕاستییەك کە نکوڵی لێناکرێت، ئەوەیش ئەوەیە بەهای بیروبۆچوون — هەر چەندێك بێت ئەو بەهایە — لەوەدا دەردەکەوێت کە لە بەرهەمێنەرەکەیەوە بگوازرێتەوە بۆ وەرگر بە جووڵەیەکی کاریگەر و کرداریی.

## چوارەم: پێویستی ئومەت بە سەرکردەی زانستی و هزریی

### ١ـ سەرکردایەتیکردنی هزریی ئوممەت

ئوممەتی ئیسلامی هەڵگری پەیامی خوایی کۆتاییە، میراتگری سەرکردایەتی لێهاتووی پێغەمبەرە (ﷺ)، سەرچاوەکانی ئەم پەیامەش پارێزراون و هیچ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا نەهاتووە، خوای گەورە خۆی ئەم ئوممەتەی ڕاسپاردووە، کە سەرکردایەتی فیکری ئوممەتانیتر بگرێتە ئەستۆ، بە فەرمانی خوای گەورە شاهیدە بەسەر ئوممەتانیترەوە و ڕێگایان پیشان دەدات و دەبێتە پێشەنگ و ڕێنماییکار لە شوێنکەوتنی ڕێگای ڕاست و فێرکردنی، ئەم ئوممەتەش ئەو کارەی بە باشترین شێوە ئەنجامداوە لە شوێنکەوتووانی پێغەمبەرانیتر، کۆمەڵگای ڕێگای ڕاست و خێر و دادگەری دروستکردووە لە ڕابردوودا، وە ڕووگەی زانست و پێشکەوتن بووە، ئەوانەی شەیدای زانست و فێربوونبوون دەهاتن بۆ دامەزراوە و پەیمانگاکانی تا

زانستی جۆراوجۆر وەربگرن بە هەموو بوارەکانیەوە، فێری بەهاکان ببن بە هەموو ئاستەکانیانەوە، هەڵسوکەوتی شارستانی بەرپا بکەن لە شێوازی ئیدارەدان و ڕێکخستن و بنەماکانی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی، خوای گەورە دەیەوێت ئەم ئوممەتە ئەو پێشەواتیە بگێڕێتەوە، ئەگەرنا دەیگۆڕێت بە ئوممەتێکیتر.

**٢- سەرکردەی پسپۆڕی هزریی**

لەناو ئومەتی ئیسلامیدا چەندین سەرکردەی پسپۆڕ لە هەموو بوارەکانی سەرکردایەتیکردندا دەرکەوتوون، دیارترین بواریش بواری زانستەکان و مەعریفە و بیروبۆچوونەکانە، هەر لە مێژوویەکی زووەوە سووربوون لەسەر پاراستنی ئەوەی بەجێماوە لە پێغەمبەرەوە دەرکەوتووە، ئەویش بە نووسینەوەی فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) و ژیاننامەی، لەم بوارەشدا سەرکردەگەلێك دەرکەوتن لە ڕاویەکان و ئەوانەی زانیاریەکانیان بە لەبەرکردن دەگواستەوە و نووسەران و وردبین و ساغکەرەوەکان، لەمەشەوە چەند زانستێك دەرکەوتن کە گەلانی پێشووتر نەیانزانیووە، لەوانە زانستی ڕیوایەتکردن و فەرموودە و جەرح و تەعدیل و هۆکارەکان، ئەم زانستانەش نووسراونەتەوە و کتێبی تایبەتی تێدا نووسراوە و بوونەتە سەرچاوەی گرنگ بۆ هەموو ئەوەی دواتر پەیدابوو و گەشەیکرد، بەهەمانشێوە کۆمەڵێك سەرکردەی فیکری و زانستی دەرکەوتن لە بوارەکانی وەکو فیقە کە چەند قوتابخانەیەکی فیکری لێکەوتەوە و دواتر بە ئاینزاکان ناسران، وە لە بواری

تەفسیر و ڕاڤەی قورئان و عەقیدە و تەسەوف و پزیشکی و گەردووناسی و بینراوەکان و کیمیا و کشتیاریدا دەرکەوتن، هەموو ئەمانە پێشەوا و سەرکردەی دیار و ناسراون بۆ توێژەران و مێژوونووسان تەنانەت لای ڕۆژئاواییەکانیش ناسراون.

**٣ـ دامەزراوەکان و سەرکردایەتی هزری**

مزگەوت لەسەرەتاوە ئەو دامەزراوەیە بوو، کە تێیدا توانا و ئەزموونی زاناکان گەشەی دەکرد، ڕۆڵی مزگەوت فراوان بوو بەشێوەیەك لە ڕۆڵی زانکۆکانی ئەم سەردەمە دەچوو، لەوانە مزگەوتی زەیتونە لە تونس و قەرەویین لە فاس و مزگەوتی ئەزهەر لە میسر، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگای ئیسلامی چەندین دامەزراوەیتری هێنایە کایە بۆ فێرکردن و ڕاهێنان و شارەزابوون لە بوارە جۆراوجۆرەکانی زانست، لەوانە قوتابخانەکان و وێستگەی کەشناسی و خەستەخانە و بیمارستان و کتێبخانەی گشتی بۆ هەڵگرتنی کتێب و لەبەرگرتنەوەی و وەرگێڕانی، وەك ماڵی حیکمەت لە بەغداد و خانەی حیکمەت لە قاهیرە.

**٤ـ دەستەبژێری هزری و بناغەی ڕێنیسانسی ئەوروپا**

ئەوروپا ئەوەی بەدەستی هێناوە لە پێشکەوتن، لە جیهانی ئیسلامیەوە ناسیوویەتی، بەتایبەتی لە ڕێگای شاندە دیبلۆماسیەکانەوە، کە پاشاکانی ئەوروپا دەیانناردن بۆ دەرباری خەلیفەکانی مسوڵمانان، وە لە ڕێگای

پەیوەندی ڕاستەوخۆوە لە ئەندەلووس و سیقلیە و دواتر لە سەردەمی شەڕی خاچپەرستان، پاشاکانی ئەوروپا شاندی زۆریان دەنارد لە خوێندەواران و خاوەن ئەزموون بۆ لای مسوڵمانان بۆ گواستنەوەی ڕۆشنبیری و زانست، بۆیە لە سەدەی دوانزەی زاینییەوە لە ئەوروپا چەندین سەرکردەی فیکری لە بوارە جۆراوجۆرەکانی زانستدا درووست بوون، ئەم سەرکردانە دەستیان کرد بە بونیادنانی دەستەبژێری فیکری و قوتابخانە و دامەزراوەی زانستی کە پڕبوون لە ئەو کەسانەی کە دەیانویست گەلەکانیان لە دواکەوتوویی ڕزگار بکەن، هەموو ئەم شتانە بەشداریانکرد لە ڕێنیسانس و پێشکەوتنی ئەوروپا.

**٥ـ داهێنانی تاك بنچینەی سەرکردایەتیکردنی هزریە**

هەر زانایەك لەو زانایانە لە پسپۆڕیە جیاوازەکاندا سەرکردەیەکی فیکری سەردەم و شوێنی خۆی بووە، کەسانی پسپۆڕ لە هەموو پسپۆڕیەکاندا نموونەی دەستەبژێر و پێشەنگی فیکریی بوون، ئەگەرچی کۆمەڵ و دامەزراوە و کۆمەڵگاش بە گشتی ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە دیاریکردنی پێگەی فیکر لە ڕابەرایەتیکردنی کۆمەڵگادا، بەڵام ناشتوانین ڕۆڵی تاکەکەس بێ بەها بکەین لە داهێنانی زانستی و هزریدا، چونکە هزر لە تێڕوانینی داهێنەرانە و نوێخوازی و شۆڕشگێڕی نزیکە، کە لە بنچینەدا بیرمەندی تاکەکەس

دایدەڕێژێت[1]، وە ڕێبازی زانستی لێرەدا کۆمەڵێك بیروبۆچوونی بەرهەمهێناوە، دواتر بوونەتە بەشێك لە بابەتی زانست، لەگەڵ ئەوەشدا بوارەکە بە کراوەیی دەمێنێتەوە بۆ گەشەکردن و پێشکەوتن و پێداچوونەوە لە هەموو زانستێکدا، هەرچەندە زاناکان هزری خۆیان بەکاربهێنن و شتی نوێ بدۆزنەوە لە بواری فیکری زانستیدا، بەڵام دەسکەوتی فیکری مرۆڤایەتی کورت ناکرێتەوە لە تەنها بوارێکی تایبەت لە پسپۆڕییە ناسراوەکاندا، ئەمەش وا دەخوازێت زانایان لەناو خۆیاندا هاوکاری یەکتری بکەن، چونکە هەندێك پسپۆڕیی لە نێوان چەند بوارێکدایە یان سنووری پسپۆڕییەکان دەبڕێت، یان فرە لایەنە، یان تەنانەت ئەودیو پسپۆڕیە.

---

1. خوێنەر دەتوانێت سەردانی پێگەی خەڵاتی نۆبڵ بکات بۆ ئەوەی بزانێت زۆربەی ئەوانەی ئەو خەڵاتەیان وەرگرتووە تاکەکەس بوون، تەنانەت کاتێك خەڵاتەکە دەدرێتە دوو یان سێ کەس ئەوا لەبەر دەسکەوتی هەر یەکێك لەو زانایانەیە و خەڵاتەکەش دابەشدەبێت بەسەریاندا، بۆ نموونە سەیری خەڵاتی نۆبڵ بکە لە بواری کیمیادا لەم بەستەرەدا:
https://ar.wikipedia.org/wiki/%D9%82%D8%A7%D8%A6%D9%85%D8%A9_%D8%A7%D9%84%D8%AD%D8%A7%D8%B5%D9%84%D9%8A%D9%86_%D8%B9%D9%84%D9%89_%D8%AC%D8%A7%D8%A6%D8%B2%D8%A9_%D9%86%D9%88%D8%A8%D9%84_%D9%81%D9%8A_%D8%A7%D9%84%D9%83%D9%8A%D9%85%D9%8A%D8%A7%D8%A1.
یان لە بواری ئەدەبدا خەڵاتەکە ١٠١ جار بەخشراوە بە سەرکەتوویەکی تاکەکەس، ٤ جار بەخشراوە بە دوو کەس و ٧ جاریش نەبەخشراوە، سەیری ئەم بەستەرە بکە:
https://ar.wikipedia.org/wiki/%D9%82%D8%A7%D8%A6%D9%85%D8%A9_%D8%A7%D9%84%D8%AD%D8%A7%D8%B5%D9%84%D9%8A%D9%86_%D8%B9%D9%84%D9%89_%D8%AC%D8%A7%D8%A6%D8%B2%D8%A9_%D9%86%D9%88%D8%A8%D9%84_%D9%81%D9%8A_%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%AF%D8%A8.

## ٦ـ زانكۆ لە پێگەی سەرکردایەتیکردنی فیکریدا

بە درێژایی مێژوو گەشەسەندنێکی گەورە ڕوویداوە لە چەمکی زانکۆ و ئەرکەکانیدا لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، تا بەمشێوەیەی ئێستای لێهاتووە کە بووەتە دامەزراوەیەکی گرنگ لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگای نوێ، کە بە سێ ئەرکی گرنگ و بنەڕەتی هەڵدەستێت، کە فێرکردن و توێژینەوەی زانستی و خزمەتی کۆمەڵگایە، لە هەرسێ ئەرکەکەشیدا لە پێگەی پێشەنگیدایە.

هەروەها ئەندامانی دەستەی وانەبێژیش لە زانکۆکاندا ئەندامی خێزانەکانی خۆیان و گەڕەکەکانیانن، بۆیە لە پێگەیەکی گرنگی داناییدان لە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەوانیتردا، ئەوان ئەندامن لە یانە وەرزشی و کۆمەڵایەتیەکاندا و لە دەزگا و کۆمەڵە خۆبەخشەکان و پارتە سیاسیەکاندا، بۆیە چاویان لەسەرە بۆ ئەوەی ئەو ئەزموون و تێگەیشتنەی هەیانە پێشکەشی بکەن لە شیکردنەوەی ئەو ڕووداوانەی ڕوو دەدەن، یان لە هەڵسوکەوتی ژیرانە لەگەڵ بۆنە جیاوازەکاندا، ئەمانەش کۆمەڵێك ئەرکی سەرکردایەتین، کە لەوانەیە مامۆستای زانکۆ خۆی هەڵی نەبژێرێت، یان هەوڵی بۆ نەدا، بەڵام ئەو کۆمەڵگایەی لە دەوروبەریەتی لێی داوا دەکات، یان چاوەڕوانی لێی هەیە.

لە کۆتاییدا، مامۆستای زانکۆ هەیە ئەزموون و فێربوونی خۆی دەخاتە خزمەتی کار و ژیانەوە، بە چاپکردنی کتێب کە تێیدا تێگەیشتنی خۆی بەیان دەکات بۆ هەموو خەڵکی بە گشتی و پسپۆڕیە زانستیەکەی خۆی بەکاردەهێنێت، یان تێڕوانینی بۆ بابەتی گشتی کە مەعریفەی تایبەتی خۆی

و ئەزموونی زانستی و دووربینی کەسی تێکەڵە زۆرجار ئیجتیهادی فیکریشیی تێدایە دەخاتەگەڕ، کە دەکرێت ڕەسەناندن بێت بۆ بۆچوونێکی دیاریکراو لە هێڵە گشتییەکانی کۆمەڵگادا، یان خوێندنەوەی داهاتوو بێت بۆ ئەو هێڵە گشتییانە.

بەمشێوەیە وێنەی سەرکردایەتیکردن کە بۆ زانکۆ کێشراوە لە کۆمەڵگادا، وێنە تەقلیدیەکە تێدەپەڕێنێت، کە بریتیە لە ئەرکێکی دیاریکراو بۆ مامۆستای زانکۆ، بەڵکو پێشڕەوی لە زانکۆ دەخوازرێت لە بوار و ئاسۆی کراوەدا، وە لە مامۆستای زانکۆش دەخوازرێت کە ڕوانینی بریتی بێت لە خوێندنەوەی داهاتوو و بەرهەمی فیکری بەرز و گرنگ پێشکەش بکات.

### ٧- سەرمایەی هزریی

زاراوەی سەرمایەی فیکری، لە چارەکی کۆتایی سەدەی بیستەمدا چووەتە ناو هەردوو زانستی ئابووری (گەشەپێدانی ئابووری) و بەڕێوەبردنەوە (پەرەپێدانی بەڕێوەبردن)، ئەمەش کاتێك توێژەران ئەم زاراوەیەیان جیاکردەوە لە زاراوەگەلێکی دیکە، کە زۆرتر بەکاردەهاتن، وەکو سەرمایەی سرووشتی، کە تایبەتە بە سەرچاوەکان، وە سەرمایەی مادی، کە تایبەتە بە پارە و ماڵی جێگیر، وە سەرمایەی کۆمەڵایەتی، کە تایبەتە بە پەیوەندی و ڕایەڵەی کۆمەڵایەتی، هەروەها سەرمایەی مرۆیی، کە گرنگی دەدات بە توانا و ئەزموون و لێهاتوویی کەسەکان، دواتر بەشێکی گرنگی سەرمایەی مرۆیی بوو بە سەرمایەی فیکریی، کە بریتیە لە

دەستەبژێرێك لەو کەسانەی لە دامەزراوەیەکدان و توانای مەعریفی و ڕێکخستنیان هەیە و بەهۆیەوە دەتوانن بیرۆکەی نوێ دابهێنن، یان گەشە بە بیرۆکە کۆنەکان بدەن بە ئامانجی قۆستنەوەی هەل، چونکە لە ئێستادا زانست و عەقڵ و مەعریفە بوونەتە بنچینەی هەرە گرنگی هێزە ڕکابەرەکان[1].

کەواتە ئەگەر سەرمایەی فیکری بوار بڕەخسێنێت بۆ کۆمپانیایەك، یان کۆمەڵگایەك، یاخود ئوممەتێك کە پێش بکەوێت و سەربکەوێت، ئەوا زۆر گرنگە کە ئەو سەرمایە هزریە بەردەوامی لە نوێبوونەوەدا بێت بۆ ئەوەی بە بەردەوامی پێشکەوتن و سەرکەوتن ببەخشێت، وە ئەگەر گونجاو بێت ئەم زاراوەیە بگوازینەوە بۆ ئوممەتی ئیسلامی ئەوا دەکرێت بپرسین: ئایا ئوممەتی ئیسلامی سەرمایەیەکی فیکری وای هەیە دەوڵەمەندی بکات لە ڕووی فیکری و ڕۆشنبیری و شارستانیەوە؟ وە بیکاتە پێشەنگ و سەرکەوتوو و گرەنتی مانەوەی لەو پێگەیەدا بە بەردەوامی بکات؟

هەر کاتێك ئەم ئوممەتە لە ژێر ڕۆشنایی قورئان و فەرموودەدا بووبێت، پێشەنگ و سەرکەوتوو بووە، وە بە پێچەوانەوە، هەر کاتێك پشتی تێکردبن، سەرگەردان و دواکەوتوو بووە، کەواتە سەرمایەی ئەم ئوممەتە کە بەردەوام لە نوێبووەنەوە و بەخشیندایە، قورئانی پیرۆز و جێبەجێکردنەکانی پێغەمبەرە (ﷺ)، هەروەها ئەو زانستە زۆرانەی لە دەوریاندا پەیدابوون،

---

[1]. المفرجي، عادل حرحوش، وصالح أحمد علي، رأس المال الفكري، طرق قياسية وأساليب المحافظة عليه، القاهرة، المنظمة العربية للتنمية الإدارية، ٢٠٠٣، ص٨-١٨.

بەڵام ئەم سەرمایە فیکریە تەواو نەبووە و کۆتاییهاتبێت، بەڵکو چوارچێوەیەکی هەژموونداره، کە بەردەوام پاڵنەری گەشەپێدان و نوێبوونەوەی بیره، وە هانی داهێنان و دۆزینەوە دەدات و ڕۆحی نوێخوازی و ئیجتیهاد لە هەموو زانستەکاندا بەرز ڕادەگرێت.

مادام ئەم سەرمایە فیکریە قابیلی کار و کارتێکران نییە، کەواتە بەهیچ شێوەیەك لە شێوەکان سەرمایەیەکیتر ناتوانێت جێگای بگرێتەوە و پێشکەوتن و سەرکەوتنی بۆ دابین بکات.

## بەشی چوارەم:


# نەخشەکانی بونیادی هزری

# پێشەکی:

ئەم بەشە لە ژمارەی جۆرەکانی نەخشەی بونیادی هزری دەدوێت، کە تایبەتن بە سەرچاوە و بابەت و میکانیزمەکان و هەڵسەنگاندن و مێژوو و جوگرافیا، هەوڵدەدات ئەو ڕەگەزانە دیارییبکات کە هەر نەخشەیەك پێك دەهێنن، وە ئەو بەرنامانەی دادەنرێن بۆ ئەوەی فیکر لە سەرچاوەکانیەوە وەربگیرێت، وە گرەنتی فرەڕەنگی و جۆراوجۆری بابەتەکانی بکات و پشت بە میکانیزمە پێویستەکان ببەستێت، وە پلانی هەڵسەنگاندن ڕەگەزێکی گرنگی هەر بەرنامەیەکە، لەسەر ئەم بنەمایە ئەم بەشە گفتوگۆ دەکات لەسەر خەملاندنی چۆنایەتی و چەندایەتی ئاستی بەدیهێنانی بونیادی فیکری لەلای تاکەکەس و کۆمەڵ و گرووپەکان، ئەمەش بەوەی کە دەکرێت بونیاد بنرێت لە مکانیزم و ئامرازەکانی پێوان و هەڵسەنگاندن، دیارە ئەمەش کارێکی ئاسان نییە، ئەزموون لەو بوارەدا کەمە و ممارەسەکردنیشی شتێکی مەئلوف نییە.

نەخشە هێڵکاریەکی نواندنە یان وێنەیەکە، ژمارەیەك ڕەگەز، یان چەمك ڕوون دەکاتەوە لەگەڵ پێگە و پەیوەندیەکانیان، بۆیە ڕێگای بەردەم خوێنەر کورت دەکاتەوە بۆ زانینی ئەوەی لە کتێبەکەدا یان بەشەکەدا دەیخوێنێتەوە هەمووی لەیەك شوێندا، وە ئەوەی کە خوێندوویەتیەوە جارێکیتر بیری دەخاتەوە بۆ ئەوەی بە تێڕوانینێکی گشتی دەربچێت، ئەمەش یارمەت ئەوەی دەدات کە ئەم وێنەیە بێتەوە بەرچاو و زەینی هەرکاتێك ئەو نەخشەیەی بەبیر خۆی هێنایەوە.

شێوازی پێغەمبەریش (ﷺ) ئاماژە و ڕەمز و وێنەی تێدابووە، لەوانە کە بوخاری ڕیوایەتیکردووە لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) هێڵێکی چوارگۆشەی کێشا، وە لە ناوەڕاستیەوە ڕاستەهێڵێکی کێشا، کە لە چوارگۆشەکەوە دەرچوو، دواتر هەندێك وردە هێڵی تری کێشا لە دەوری ئەو ڕاستەهێڵە لە ناوەڕاستەوە، وە فەرمووی: "ئەمە مرۆڤە، ئەمەشیان ئەجەلەکەیەتی، کە لە هەموو شوێنێکەوە دەوریداوە، ئەم ڕاستەهێڵەش هیوا و ئاواتیەتی لێوەی دەردەچێت، ئەو وردە هێڵانەش ڕێگرەکانن، ئەگەر لە یەکێکیشیان دەربازی بوو ئەویتریان دەیپێکێت، خۆ ئەگەر لەمەش ڕزگاری بوو ئەوەیتری هەر دەیپێکێت"[1]، ئەمەی خوارەوەش نەخشەیەکە هەوڵدەدات ناوەڕۆکی فەرموودەکە ڕوون بکاتەوە:




هەروەها ئەم بەشە قسەیەکی کورت دەربارەی مێژووی بیروبۆچوونەکان دەکات، هەروەها ئەو ڕۆڵە گرنگەی فیکر لە مێژووی درککردن و مومارەسەی مرۆڤایەتیدا گێڕاویەتی، وە کورتەیەکش دەربارەی بابەتی جوگرافیای فیکر کە تیشك دەخاتە سەر کاریگەری ژینگەی جوگراف جیاواز لەسەر تایبەتمەندیەکانی بونیادی فیکری کە لەو ژینگانەدا پێکدێت.

[1]. البخاري، صحيح البخاري، مرجع سابق، كتاب : الرقاق، باب: في الأمل وطوله، حديث رقم: ٦٤١٧، ص١٥٩٩.

## یەکەم: نەخشەی سەرچاوەکانی بونیادی هزری


گرنگە لە سەرەتادا جەخت بکەینەوە لەسەر گرنگیی جیاوازیکردن لە نێوان جۆرەکانی سەرچاوەی داتاکان، جا لە کەسەکانەوە بێت، یان لە کتێبەکانەوە، یان لە گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنیەکانەوە بێ، لەوانە:

ـ سەرچاوەی داتاکانی مەعریفەی تایبەت، ئەمانە سەرچاوە زیادوەرگرتن و گەشەسەندنن لە بواری پسپۆڕی زانستیدا.

ــ سەرچاوەی داتاکان لە ڕۆشنبیری تایبەت بە پسپۆڕی، ئەمەیان درێژکراوەی بابەتی پسپۆڕیە، بەڵام تا ڕادەیەك سادەکردنەوەی تێدایە و بۆ کەسانی ناپسپۆڕە، وە نزیکترە لە بوارەکانی جێبەجێکردنی کرداریی کە سەرنجی خەڵکی بەگشتی ڕادەکێشێت.

ـ سەرچاوەی داتا لە ڕۆشنبیریی گشتیدا، ئەم سەرچاوانە ناخرێنە چوارچێوەی پسپۆڕیەکی تایبەتەوە، بەڵام داتا و زانیاری و ڕاستی و چەمکانێکیان تێدایە کە ژیانی ڕۆشنبیری خەڵکی بەگشتی دەیخوازێت.

ـ سەرچاوەی داتاگەلی فیکریی، ئەمانە بەزۆری سەرچاوەگەلێکن کە سەر بە قوتابخانە فیکریەکانن، یان ڕاڤەی ڕەخنەگرانەی سەرچاوەکانی تایبەت بەو قوتابخانە فیکرییانەن، ئەم سەرچاوانە هاوبەشییەکیان هەیە لەگەڵ سەرچاوەی ڕۆشنبیری گشتیدا، بەڵام قووڵتر و دیاریکراوتر و وردترن.


نەخشەکانی بونیادی
هزری
نەخشەی ئامرازەکان
نەخشەی
بابەتەکان
نەخشەی
سەرچاوەکان
زانست
ڕۆشنبیری
هــزر
پسپۆڕی لە بوارێکی مەعریفی
توانای داهێنان لە پسپۆڕپیەکەدا
ڕۆشنبیری مەعریفەی گشتی
ڕۆشنبیری مەعریفەی تایبەت
تێڕوانینی ڕاڤەکاری ڕەخنەیی
سەربە قوتابخانەیەکی فیکری
ئامادەبوون لە
کۆنگرە و
سیمینارەکان
گەڕان
سەفەرکردن
خوێندنەوەی کتێب
و گۆڤارەکان
چاوگێڕان بە
ماڵپەڕە
ئەلیکترۆنیەکان
هاوڕێیەتی فێربوون
لە زانا و بیرمەندان

**دووەم: نەخشەی بابەتەکانی بونیادی هزری**

بونیادنانی فیکری پشت دەبەستێت بە سەرچاوەگەلێکی جۆراوجۆر، کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، وە لە سیاقی ئیسلامیدا زۆر پێویستە کە کتێب و توێژینەوە و گفتوگۆکان — ئەوانەی بۆ بونیادی فیکری بەسوودن — جەخت بکەنەوە لە سەرلەنوێ بونیادنانەوەی تێڕوانینێکی گشتگیر بۆ جیهان، کە وا لە مرۆڤ بکات لەو بابەت و پرسانە تێبگات لە فیکری هاوچەرخدا دەوروژێنرێن، بەشێوەیەکی ڕوون و گونجاو لە چوارچێوەی ئەو تێڕوانینەدا، بەتایبەتی ئەو باسانەی کە گفتوگۆ و قسەی زۆری لەبارەوە دەکرێت و ڕای خەڵکیی جیاوازە تێیاندا بەگشتی، وە ڕۆشنبیران و دەستەبژێری فیکری بەتایبەتی، لە نموونەی ئەو باسانە:

١ـ بابەتەکانی بونیادنانی ئوممەت: بریتین لە زمان و ئاین و مێژوو، ئەم بابەتانە شووناسی گشتی ئیسلامی بۆ تاك و کۆمەڵگا و ئوممەت دیاریی دەکات، هەروەها پەیوەندی ئەم شووناسە بە شووناسەکانیتر و ئینتیما لاوەکیەکان دیاریی دەکات وەکو ئینتیمای نیشتمانی و هۆزایەتی و خێڵایەتی و مەزهەبی...هتد، بەهای فیکرێك کە بیرمەند بەرهەمی دەهێنێت لەو کاریگەریەدایە کە لەسەر ئەوانیتر دروستی دەکات، بەڵام ئەم کاریگەریە چۆن بەدی دێت بەبێ پەیوەندی زمانەوانی گونجاو؟ ئاینیش عەقیدە و شەریعەت و ڕەوشتە، بەهۆیەوە کۆمەڵێك بەهای بەرز و بڵند بەدی دێت لە یەکتاپەرستی و دەروونپاکی و ئاوەدانکردنەوە، بەڵام مێژوو تۆماری ئەزموونی مرۆڤە لەسەر زەویدا، لەناویشیدا پەیامی نێردراوانی خودایی،

هەروەها ئەوەی لەلامان گەڵاڵە دەبێت، لە ئەزموون و بیروبۆچوونی زیندوو و وانە و پەندوەرگرتن.


٢ـ بابەتی پرسە وروژێنراوەکان یان ئەوانەی دەبێت بوروژێندرێن: میدیای هاوچەرخ لە ڕێگا جیاواز و کاریگەرەکانیەوە هەواڵ و ڕووداو لە هەموو جیهانەوە دەگوازنەوە بۆ خەڵکی، لەگەڵیدا کۆمەڵێك پرس و کێشە دەوروژێنێت کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نوێ دەبنەوە، قسەو باسی بەردەوامیان لەسەر دەکرێت و داوا لە بیرمەند دەکرێت تێگەیشتنی خۆی لەبارەیانەوە دەرببڕێت یان هەڵوێست لەبارەیانەوە وەرگرێت، لەو بابەتانە پرسی تێگەیشتنی ئیسلامی لە ئازادی و ئازادی ئاینی، پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان، چەمکەکانی جیهاد، هاوپەیمانی و پێکەوەژیان و ئافرەت و گەشەپێدان و ....هتد.

٣ـ بابەتەکانی تێشووی فیکری، کە بەشداری دەکات لە بونیادنانی تێڕوانینی گشتگیر و بونیادێکی فیکری هاوسەنگ بەرهەم دێنێت، ئەمیش چەند جۆرێکی جیاوازە، لەوانە:

أـ کتێبگەلێك لە بارەی هزری چاکسازی و بێداربوونەوە، ئەویش لە پرسەکانی هزر و ڕێبازەکانی تێفکرین دەکۆڵێتەوە، هەروەها مەنهەجەکانی هەڵسوکەوت و پرسی شارستانیەکان لەڕووی سەرهەڵدان و لەناوچوون و یاساکانیانەوە، وە دەربارەی ئەو زانستە پسپۆڕیانەی تایبەتن بەو پرسانەوە، وەکو فەلسەفە و مێژوو و مێژووی بیروبۆچوونەکان.

ب ـ پێشەکی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان، لەمەدا ئەوەندە بەسە کە زانیاری بەدەست بێت دەربارەی چەمك و یاسا و تیۆر و جێبەجێکردنە کرداریەکان، وە یادخستنەوەی ئەمانە لە کاتی بیرکردنەوە لە کێشە وروژێنراوەکان، لەوانەیە پێشینەش بۆ زانستی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕاگەیاندن بێت.

ج ـ ئەدەبیات و پێشەکی زانستەکانی گۆڕین (ئەو زانستانەن کە یارمەتیدەری بەڕێوەبردنی خود و چەسپاندنی بیرکردنەوەن): بە دیاریکراویش زانستی بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی لە بەڕێوەبردنی کات و خود و بەڕێوەبردنی گرووپەکان و زانستی مەنهەجیەت، هەروەها قوتابخانە مەنهەجیەکان و دەروونزانی و پرسە بنەڕەتیەکانی ئەم زانستە لە فێرکردن و گەشەپێدان و گۆڕین.





قوچەکی مەعریفە و ئاستەکانی بەگەڕخستنی ڕەگەزەکانی

ناوەرۆكی زانستی هزری مرۆیی هەرچیەك بێت لە زانستی شەرعی یان سروشتی یان كۆمەڵایەتی... ئەوا شیكردنەوەی ئەم ناوەرۆكە دەربڕی كۆمەڵێك ڕەگەزە كە ئاستی جیاوازیان هەیە لە چەندێتی و تایبەتمەندیە چۆنایەتیەكانیاندا، وە لە نێوان ئەم ڕەگەزانەدا پەیوەندی بونیادگەری و جێبەجێكاری هەیە، وە كۆی ڕەگەزەكانی ئەم ناوەرۆكە زانستیە لە بونیادێكی قوچەكیدا دەردەكەوێت كە بنكە و لوتكەی هەیە، لە بنكەكەیدا لە هەر زانستێكدا كۆمەڵێك ڕاستی تایبەت بەو زانستە هەیە، بەڵام هزری مرۆڤ هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە كە ئەو ڕاستیانە داڕنێت و لێكیان بدات بۆ كەمكردنەوەی ئەو ژمارە زۆرە لە ڕاستیەكان و لە كۆمەڵێك چەمكی دیاریكراودا دایان بنێت، وە مرۆڤ هەوڵ دەدات كە پەیوەندی هۆكاری لە نێوان ئەو چەمكانەدا بهێنێتە دی، كە لە شێوەی یاسا و ڕێسا و هاوكێشەدا دادەڕێژرێن، ئەم پەیوەندییانە چینی سێیەمی قوچەكەكەن، ئەگەر ڕاستیەكان و چەمكەكان و یاساكان ئاستی وەسفكردن بن و دەربڕی واقیعی شتەكان بن وەكو ئەوەی هەن، ئەوا ئەوەی كە ئەمانە ڕاڤە دەكات ئاستێكیترە لە ئاستەكانی بونیادنانی مەعریفی زانست كە لوتكەی قوچەكەكەیە و بریتیە لە تیۆرەكان.

وە ڕێگایەكیتریش هەیە بۆ دەربڕینی ئاستەكانی مەعریفەی زانستی لە هەر زانستێكدا بێت، لەم ڕێگایەشدا تەعبیر لە سادەترین شێوەكانی مەعریفە دەكەین بە زاراوەی داتاكان كە هاوتای ڕاستیەكانە لە قوچەكی مەعریفەدا، وە هەموو داتاكانی پەیوەندیدار بە بابەتێكەوە (زانیاریەكان) پێكدەهێنن،

بەکارخستنی زانیاریەکانیش (مەعریفە) بەدی دەهێنێت، لە کۆتاییشدا مەبەست لە جێبەجێکردنی مەعریفە و بەکارخستنی بەرزکردنەوەی دەروونی مرۆڤ و کۆمەڵگایە بەرەو ئاسۆی کراوە و بینینی جیهان و بەدەستهێنانی دانایی، ئەمەی خوارەوەش نەخشەی بابەتەکانی بونیادنانی فیکریە:



## سێیەم: نەخشەی میکانیزمەکانی بونیادی فیکری و ئامرازەکانی

میکانیزم و ئامرازەکانی بونیادنانی فیکری زۆرن، خوێندنەوە چالاکی بنەڕەتی بەهێزکردنی عەقڵی مرۆڤە، وە گرنگترین میکانیزم بۆ فێربوون و بونیادنانی فیکری و ڕۆشنبیری تاك بریتیە لە خوێندنەوەی مەبەستدار و ئامانجدار و بەرنامە بۆ دانراو، هەموو جۆرە خوێندنەوەیەك بەسوودە، خوێندنەوەی ورد، بیرخەرەوە، بە تێفکرینەوە، خوێندنەوەی گشتی، ڕەخنەگرانە، ئەو خوێندنەوەیەی بەشەکانی دەقی خوێندراوە دەگێڕێتەوە بۆ سەرچاوەکانی، وە چوارچێوەی ئەو سەرچاوانەش دەخاتە ناو ئەو سیستمی مەعریفیەی کە ئینتیمای بۆ هەیە، بەمشێوەیە.


وە یەکەم وشەی کۆتا پەیامی خوای گەورە بە فەرمانکردن دەستپێدەکات بۆ مرۆڤایەتی (بخوێنە)، وە فەرمانکردن بە خوێندن دووجار بەدوای یەکدا دێت، جارێکیان بۆ خوێندنەوەی بوونەوەر بە ناوی خواوە، جارێکیتر بۆ خوێندنەوەی کتێبی خوا و وەحی نووسراو بە قەڵەم: ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ * خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ * اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ * الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ * عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ﴾ (العلق: ١ - ٥)، بۆ ئەوەی وشەی (اقرأ)، وە پەیمانی خوای گەورە بۆ مرۆڤایەتی بمێنێتەوە تا ڕۆژی دوایی، بە خەڵکی دەڵێت: سەردەمی نەزانین کۆتاییهات بە دابەزینی ئەم ئایەتانە، ئەوەی دەخوێندرێتەوە ئەوەیە کە دەبینرێت و فێری دەبین لە جۆرەکانی دروستکراوی خوای گەورە، وە دروستکردنی مرۆڤیش لە گۆشتپارەیەك نموونەی ئەم دروستکراوانەیە، وە ئەوەی دەخوێندرێتەوە هەروەها بریتیە

لەو وەحیەی بە قەڵەم دەنووسرێتەوە، وە دەبێتە ڕێگا و میکانیزمێکی فێربوونی مرۆڤ دەربارەی شتانێك كە نەیزانیون.


پەیوەندی بونیادنانی فیکری بە خوێندنەوەوە پێویستی بەوەیە هەندێك دەق و هەندێك كتێب جار لەدوای جار بخوێندرێنەوە، وە هەندێکجار بۆ پێکانی ئامانجی خوێندنەوە پێویست دەکات لەگەڵ خوێندنەوەی دەقێکدا هەندێك شتیتریش بخوێندرێتەوە لە سەرچاوەیترەوە، لەو سەرچاوانەی مەعریفە کە ئاماژەمان بۆ کرد، لەمەشەوە چەند پرۆسەیەك ڕوودەدات، وەکو بیرکەوتنەوە و تێفکرین و بەراوردکردن و یەکتر تەواوکردن و ئاوێتەبوون، لەوکاتەدا خوێنەر دەتوانێت بیرۆکەیەك یان ڕستەیەك، یاخود بیروبۆچوونێك زیاد بکات بۆ بونیادی فیکری خۆی، وە ئەگەربێتو خوێنەر لە خوێندنەوەوە بگوازێتەوە بۆ نووسین، ئەوا ئەو کاتە توانیویەتی بیروبۆچوونەکان سنووربەند بکات و ڕێکیان بخات، وە ئەوە دەبێتە بەرهەمێکی مەعریفی نووسراو و قابیلی خوێندنەوە بۆ خۆی و بۆ کەسانیتریش.

کەواتە خوێندنەوە ئامرازێکی بونیادی فیکریە و بنچینەی زۆربەی ئامرازەکانیترە کە بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەم، ئەوانیش: تێفکرین و بیرهێنانەوە، وانە و سیمینار و کۆنگرە و کۆنفرانس، توێژینەوە و لێکۆڵینەوە، وە یەکێك لە ئامرازە گرنگەکان هاوڕێیەتی زانایان و بیرمەندان و فەیلەسوفان و چاکسازان و ناودارانی سۆفیەکان و خاوەن ئەزموونی سەرکەوتووە، چوون بۆ لایان و گوێ لێگرتنیان و فێربوون لەسەر دەستیان، پێغەمبەران بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی سەرچاوەی زانست و ڕێنمونی

بوون، دواتر نەوەکانی دوایی بوون بە میراتگری پێغەمبەران تا ئەمڕۆ، لەلای ئەوان ئاینزای فیقهی جۆراوجۆر و قوتابخانەی فیکری و ڕێگای سلوك دەرکەوتووە، ئەمەی خوارەوە هێڵکاریەکە بۆ نەخشەی میکانیزم و ئامرازەکانی بونیادی فیکری:



ئەمەی خوارەوە هێڵکاری تەواوی نەخشەی بونیادی فیکری و بابەت و میکانیزمەکانیەتی:



**چوارەم: نەخشەی پێوانی بونیادی هزری**

پرۆسەی هەڵسەنگاندنی توانستی هەر بەرنامەیەك هیچی کەمتر نییە لە پرۆسەی بونیادنان و جێبەجێکرنەکەی، کەواتە کام میکانیزم گونجاوە بۆ هەڵسەنگاندنی توانستی بەرنامەی بونیادنانی فیکری؟ وە کەی بەکاری بهێنین؟ وە پێویستی بەچی چوارچێوەیەکە بۆ دیاریکردنی ئاستی خوازراو بۆ جۆری بونیادی مەعریفی، یان ڕێژەکەی لەلای تاك، یان گرووپ، یاخود کۆمەڵگا؟ ئایا دەتوانین پێوەرێکی داڕێژراو بونیاد بنێین بۆ ئەو پێوانەیە؟ ئەی یەکەکانی پێوانی گونجاو چین بۆ ئەو پێوانەکردنە؟

ڕۆشنبیری ئیسلامی هاوچەرخ لە ڕەهەندە زانستی — فێرکردنەکەیەوە (ڕەهەندی ئەکادیمی) پێویستی بە میکانیزمی داڕێژراوی پێوانە لە زۆربەی بوارەکاندا، وە بێهێزترین ئەڵقەی پێوان بریتیە لە پێوانی دەروونی و عەقڵی، لەوانەیە وڵاتەکانمان ئەزموونی خۆییان وەرگرتبێت لە پەرەپێدانی ڕەگەزەکانی مەنهەجی فێرکردن لە ئامانج و ناوەرۆك و شێوازدا، بەڵام ئەزموون لە ڕەگەزی چوارەمدا واتە (هەڵسەنگاندن) بێهێزترین ئەڵقەیە.

هەر لەمیانەی قسەوباس دەربارەی بونیادی فیکری، پێشنیازی ئەوە دەکەین جەختی زۆر بکرێتەوە لەسەر دوو جۆر پێوەر و تاقیکردنەوە، ئەوانیش: پێوەری پرۆسە فیکریەکان یان ڕێژەی ممارەسەکردنی کاری فیکری و لێهاتوویی عەقڵی لەلای تاك یان گرووپ، هەروەها پێوەری ڕێژەی بەدەستهێنانی بونیادی فیکری بەپێی نەخشەی فیکری کە ڕەگەزەکانی ئەم ناوەرۆکەی بەسەردا دابەش دەکرێت.

بۆ نموونەهێنانەوە لەسەر ئەدای فیکریی، دەتوانین تاقیکردنەوە و پێوەری لێهاتوویی زانستی بەکاربهێنین، یان لێهاتوویی تێفکرینی لۆجیکی، یان تێفکرینی داهێنەرانە یان ڕەخنەیی، یان هەر پێوەرێکیتر کە توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی هەبێت...هتد.

ڕاستە سەرچاوەی چەندێتی و چۆنایەتی زۆربەی ئەم تاقیکردنەوانە لە دەروونزانی و پەروەردەی ڕۆژئاواییەوەیە، وە هەوڵێکی زۆر دراوە لەم بوارەدا لە پێناو گونجاندنی ئەم جۆرە تاقیکردنەوانە بۆ جێبەجێکردن لە بواری زانستی و فێرکردن لە وڵاتانی خۆماندا، بەڵام زۆربەیان لە بواری زمانەوانی و بیرکاری و زانستەکان بووە، کەمینەیەکی لە بواری زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا بووە، وە کەمتر لەوەش لە بواری زانستە ئیسلامیەکان و فیکری ئیسلامیدا بووە.

عەقڵی مسوڵمان پێشینەیەکی گەورەی هەیە لە زۆربەی بوارەکانی مەنهەج و گەشەپێدانی نموونەی فیکری و میکانیزمەکانی هەڵسەنگاندنی ئەزموون و لێهاتوویی لە بیرکردنەوە و ئەداکردندا، بۆ نموونە لە زانستەکانی فەرموودەدا هۆکار و ڕیوایەت و شارەزایی و پیاوناسی و جەرح و تەعدیل، ئەمانە زانستگەلێکی ڕەخنەیی تەواو بوون، هەروەها زانستی ئوسوڵی فیقه زانستێکی مەنهەجی بێ کەموکوڕی بووە، هەروەها مەنهەجی بیرکردنەوەی زانستی پشتبەستوو بە تێبینیکردن و پێوان و ئەزموونکردن گەشەیکرد و پێشکەوت، پێشئەوەی لە هیچ کۆمەڵگایەکیتردا دەربکەوێت، وە ئیبنو خەلدون ناسرا بەوەی گێڕانەوە مێژووییەکان شیدەکاتەوە لە ژێر ڕۆشنایی

باره دەروونیەکان و ڕووداوە واقیعیەکاندا، هەموو ئەمانە سەلمێنەری ئەوەن کە عەقڵی مسوڵمان کەمتر نەبووە لە عەقڵی ئەوانیتر لە گەشەپێدانی مەنهەجی بیرکردنەوە و نموونەی فیکری و میکانیزمەکانی پێوان.

قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) سەرچاوەی زۆر دەوڵەمەند لەخۆیان دەگرن بۆ گەشەپێدانی میکانیزمی بە پڕەنسیپکردنی مەنهەجی بیرکردنەوە و هەڵهێنجانی بیروبۆچوون و داڕشتنەوەیان و بە جوانترین شێوە ڕانان و مومارەسەکردنیان.

## نەخشەی پێشنیازکراو بۆ داڕشتنی بڕگەکانی پێوانی بونیادی هزری

**١ـ خووگرتن بە ناونیشان و ناو و گرووپە جیاوازەکانی سەرچاوەکانەوە.**

أ ـ کتێبگەلێك دەربارەی زانستە ئیسلامیەکان.

ب ـ سەرچاوەگەلی پڕۆژەو قوتابخانە فیکریەکان.

ج ـ ناوی کەسایەتی فیکری.

د ـ ڕۆشنبیریەکی گشتی دەربارەی ڕووداوەکان لە واقیعدا.

هـ ـ .....هتد.

**٢ ـ شارەزایی دەربارەی دیارترین ناوەرۆك و تایبەتمەندی ئەوانەی لەسەرەوە هاتوون (لە سنووری سەد وشەدا بۆ نموونە).**

أ ـ کتێب.

ب ـ کەسایەتی.

ج ـ دامەزراوە و قوتابخانە فیکریەکان.

د ـ ڕووداو و پرسە هاوچەرخەکان.

**٣ ـ بیرکردنەوە:**

أ ـ لە ئاستەکانی تێفکرین: تێگەیشتن، شیکردنەوە، لێکدان، هەڵسەنگاندن.

ب ـ لە جۆرەکانی تێفکرین: بۆ داهاتوو، یاسا هەمیشەییەکان، ئاوێتەیی لە هەموو زانستەکان، مەقاسیدی... .

**٤ ـ بەرنامەیەك بۆ گەشەکردن**

أ ـ درککردنی ئەو شوێنانەی پێویستیان بە گەشەپێدانە لە بونیادی فیکریدا.

ب ـ دیاریکردنی چۆنیەتی تەواوکردن ئەو شوێنانەی پێویستیان هەیە.

ج ـ دانانی پلانێکی دیاریکراو بە کاتەوە بۆ تەواوکردنی کەم و کورپیەکان. .....هتد.

## پێنجەم: نەخشەکانی مێژووی بیروبۆچوونەکان

مێژوو گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوەی ئەو ڕووداوانەی کە تاك و کۆمەڵگاکان پێیدا تێپەڕیوون لە سەردەمێکی دیاریکراودا، سەرەڕای لێکدانەوەی دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و سروشتیەکان، دەکرێ ئەمە بەسەر لێکۆڵنەوەی بیروبۆچوونیشدا جێبەجێ بکرێت لەگەڵ ئەو بەها و بیر وباوەڕانەی لەخۆیان دەگرێت، ڕووداوەکانی مێژوو دەربڕی بیروبۆچوونی کەسەکانن لەگەڵ جوڵەی ئەو بیروبۆچوونانە و بڵاوبوونەوەیان لە کات و شوێنی دیاریکراودا و دەرکەوتنیان لەناو ڕووداوەکاندا، جێگای خۆیەتی کەمێك بوەستین لەسەر ئەو ئاڕاستە فیکریانەی دەرکەوتن یان بڵاوبوونەوە لە سەردەمە یەك بەدوای یەکەکاندا، بۆ ئەوەی خاڵی هاوبەش و جیاوازی بیروبۆچوونی ئەو ئاڕاستانە دیاری بکەین، هەروەها کاریگەرییان لە پێکهێنانی ڕۆشنبیری و شارستانی واقیعی ئوممەت لەو سەردەمانەدا، ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی لە بەشێکی تایبەتدا لێی دەکۆڵرێتەوە بەناونیشانی (زانستی مێژووی بیروبۆچوونەکان).

یەکەکانی زانستی مێژووی بیروبۆچوونەکان یەکەی فیکریە، کە توێژەری پسپۆڕ دەیەوێت دەریان بخات لەم زانستەدا، هەروەها بەدواداچوون بۆ بوونی پەیوەندی یان لێکترازان لەنێوانیاندا لەگەڵ تێبینی ئەوەی کە یەکە فیکریەکان جۆرێك لە جێگیرییان تێدایە، بەشێوەیەك کە توێژەر دەتوانێت

بیانکات بە مادەی شیکردنەوە دەربارەی دروستبوون یان داڕمانی شارستانیەتەکانی مرۆڤایەتی[١].

گرنگ ئەوەیە هەموو پسپۆڕێك بە دوای پەرەسەندنی بیروبۆچوونەکان بکەوێت لە بواری پسپۆڕییەکەیدا، چونکە حاڵەتی مەعریفی لەو پسپۆڕیەدا دەرکەوتنێکی لەپڕ نییە، بەڵکو دوای چەندین ڕوداووی یەك لە دوای یەك بەدرێژایی مێژوو پێکهاتووە، ئەم ڕووداوانەش کۆمەڵێك بیروبۆچوون بوون لە شێوەی ڕووداوگەلێکدا بەرجەستەبوون کە مێژوو تۆماری کردوون.

وەك نموونە لەسەر بواری سیاسەت ئاماژە دەکەین بە ئینسکلۆپیدیای بیروبۆچوونی سیاسیی کە لە فەڕەنسا دەرچووە، بە وردی و دورودرێژی مێژووی بیروبۆچوونە سیاسیەکانی ئەوروپای تۆمارکردووە، هەر لە یۆنانەوە تا سەدەی هەژدەهەم، بەو پێیە بیروبۆچوونە سیاسیە هاوچەرخەکان تەنها پێشکەوتن و قۆناغێکیترن لە زنجیرەی پەرەسەندنی ئەو بیر و بۆچوونانە، ئەم ئینسکلۆپیدیایە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە سێ بەرگدا چاپکراوە بە ناونیشانی مێژووی بیروبۆچوونە سیاسییەکان[٢]، ئەم کتێبە جیاوازی نێوان مەزهەبە سیاسیەکان و بیروبۆچوونە سیاسیەکان دیاریدەکات

---

[1]. نموونەی یەکەیەکی فیکری: بیرۆکەی پەرەسەندنی ئەندامی یان تیۆری داروین، سەرەتا وەکو تیۆری لێکدانەوەی نەشونماکردنی زیندەوەرەکان دەرکەوت، بەڵام دواتر ئەم بیرۆکەیە لە زانستەکانی تریشدا بڵاوبووەوە، لە شوێنی خۆی کە زانستی زیندەوەرزانی بوو گواستیەوە بۆ زانستی کۆمەڵناسی و زانستی سیاسی، دواتر داروینی کۆمەڵایەتی و داروینی سیاسی پەیدابوو.

[2]. توشار، جان، تأريخ الأفكار السياسية، ترجمة: ناجي الدراوسة، دمشق، دار التكوين، ٢٠١٠، ثلاث مجلدات.

بەوەی کە مێژووی مەزهەبی سیاسی بەشێکە لە مێژووی بیروبۆچوونی سیاسی، مێژووی بیر و بۆچوونەکانیش دابڕاو نییە لە مێژووی دامەزراوەکان و کۆمەڵگاکان و مێژووی ڕووداوەکان و ئاڕاستە ئابووریەکان و مێژووی فەلسەفە و ئاینەکان و مێژووی ئەدەب و تەکنۆلۆجیا[1].

## شەشەم: نەخشەکانی هزری جوگراف و جوگرافیای هزر

زاراوەی فیکری جوگرافی گرنگی دەدات بەو مەعریفەیەی کە مرۆڤ بەدەستیهێناوە دەربارەی زەوی و وەکو زانست تۆماری کردوون، زانستگەلێك کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە چوار هەزار ساڵ[2]، وە ئەم زاراوەیە ئەو بیروبۆچوون و تیۆرە فەلسەفیانەش دەگرێتەوە کە تایبەتن بە پێکهاتنی زەوی و دەرکەوتنی جۆرەکانی ژیان لەسەری، بەڵام توێژینەوەکان لە سەدەی بیستەمدا گرنگی زیاتریان دا بە ژیانی مرۆڤایەتی و پێویستیەکانی لە ناو زەویدا تا ئەوەی لە زەوی وەکو شوێن بکۆڵنەوە، بۆیە کۆمەڵێك چەمك دەرکەوتن وەکو سنووورداری سەرچاوەکان لەسەر زەوی، وە توێژینەوەی زۆر پەیدابوون لەسەر ئەو تێکچوونەی تووشی ژینگە دەبێت لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتیەکان و دەرکردنی گازە ژەهراویەکان، وە دیاردە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی ژیانی مرۆڤ بووە کاری لەپێشینەی فیکری جوگرافی و توێژینەوەکانی ژینگەی سروشتی.

---

1. هەمان سەرچاوە، ج١، ص٦.

2. .Rana,Lalita. Geografical Thought: A Sistmatic Record of Evolution, New Delhi (India), concept Publishing Company 2008,p.5.

ئەگەر فیکری جوگرافی لە بابەتەکانی زانستی جوگرافیا و لقەکانی بکۆڵێتەوە لەوانەش پرسەکانی تایبەت بە پەیوەندی ئاڵوگۆڕکراوی نێوان مرۆڤ و ژینگەی جوگرافی، ئەوا ئەو پەیوەندیە ئاڕاستەی جۆراوجۆری وەرگرتووە و چەندین چەمك و زاراوەی تێدا دەرکەوتووە، بەتایبەتی زاراوەی جوگرافیای فیکر.

توێژینەوە نوێیەکان لەو بابەتەدا وای دەبینن کە جۆراوجۆری و جیاوازی لە بونیادی فیکری گەل و ئوممەتاندا لە ژینگە جوگرافیە جۆراوجۆرەکاندا مەرج نییە زادەی کاریگەری شوێنی جوگراف و ئاو و هەوا و بەرزی و نزمی بن، بەڵکو پەیوەندی بە فاکتەری ترەوە هەیە.

یەکێك لەو کتێبانەی لەو بارەیەوە بڵاوکراوەتەوە کتێبی (جوگرافیای فیکر)ە لە ساڵی ٢٠٠٢دا[١]، کە توێژینەوەیەکی قووڵە لەبارەی دەروونزانیی کلتوورەکان، وە ئیمپریالیزمە ئەوروپیەکان کە هەوڵیانداوە دەست بەسەر ڕووبەرێکی فراوانی جیهاندا بگرن بەهەمانشێوە ویستوویانە عەقڵی گەلانیش داگیر بکەن دوای داگیرکردنی زەویەکانیان، بۆ ئەم مەبەستەش ئەنجامی لێکۆڵینەوە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانیان بەکارهێناوە کە زانا ئەوروپی و ئەمریکیەکان پێوەی خەریك بوون لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا، بەتایبەتی ئەو توێژینەوانەی پەیوەندیان بە گەشەکردنی توانا عەقڵیەکانی مرۆڤ و پێوەرەکانی زیرەکیەوە هەیە.

---

1 .Nisbett,Richard E. The Geography of Thought: How Asians and Westerners think Differently and Why, London: N0cholas Brealey Publishing, 2003.

بابەتەکانی تایبەت بە جوگرافیای فیکر دابەشدەبن بەسەر چەند لقێکەوە لەوانە جوگرافیای سیاسی و جوگرافیای کلتووری، بۆ نموونە جوگرافیای سیاسی تایبەتە بە توێژینەوەی کاریگەری جوگرافیا (ژینگەی جوگرافی) لەسەر بیروبۆچوون و هەڵسوکەوتی سیاسی، بەڵام جوگرافیای کلتووری لە گرنگی جوگرافیا دەکۆڵێتەوە لە ڕاڤەکردنی دیاردە مرۆییەکان، لەم بوارەشدا کتێب و توێژینەوەی تایبەتی زۆر هەیە، ئەوەندە بەسە ئاماژە بە کتێبێك بکەین کە (مایك کرانگ) دایناوە بە ناونیشانی (جوگرافایی کلتوری) و وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی[(١)].

گرنگە لەبارەی ئەم باسەوە چەمکێکی بنەڕەتیمان بیربکەوێتەوە لە توێژینەوە فەلسەفی و ئاینی و میدیاییەکاندا، ئەویش چەمکی (جیهانبینی Worldview )یە، وە گرنگە بزانین ئەم تێڕوانینە بۆ جیهان دەگۆڕێت بە گۆڕانی ژینگەی کلتووری و ئاستی شارستانی و ڕێگاکانی بیرکردنەوە لە کۆمەڵگادا، بەتایبەتی چۆنیەتی بیرکرنەوەی ئاینی، وە بابەتی جیهانبینی بەشێکە لە مێژووی بیروبۆچوونەکان و ئاڕاستە ئایدۆلۆژیە جیاوازەکان وەکو یەکتاپەرستی و بتپەرستی و سروشتپەرستی و خواپەرستی و یەکێتی بوون، ڕوون و ئاشکراشە کە ئەو مانایانەی زاراوەی (جیهانبینی) لەخۆیان دەگرێت تێکەڵن لەگەڵ بیروباوەڕی فەلسەفی و ئاینی، چونکە زاراوەکانی وەکو ئیمان و بیروباوەڕ و وێناکردنی هەمووەکی (التصور الكلي) بریتین لە کۆمەڵە بیروبۆچوونێك و چەمك و بیروباوەڕ کە وەڵامی پرسیارە گەورەکان لەبارەی بوونەوە دەدەنەوە، کە جیهانبینیش لەبارەیانەوە دەکۆڵێتەوە.

---

[1]. كرانغ، مايك، الجغرافيا الثقافية: أهمية الجغرافيا في تفسير الظواهر الإنسانية، ترجمة: سعيد منتاق، سلسلة عالم المعرفة، رقم ٣١٧، يوليو ٢٠٠٥، ص٨.

### حەوتەم: پرەنسیپەکانی قبوڵکردنی بیروبۆچوونەکان

ئەگەر فیکر سیفەتێکی مرۆڤ بێت لەوکاتەوە کە خوا دروستی کردووە و کردوویەتی بە جێنشین لەسەر زەوی و توانای پێبەخشیوە کە خودی خۆی بناسێت و درك بە دەوروبەری بکات و بەو ئازادیەی کە داویەتی پێی بۆ مانەوە لەسەر ڕێگای ڕاست یان لادان، وە ئەگەر بەرپرسیارێتی مرۆڤ لە بەرامبەر خوادا لە قیامەتدا بەرپرسیارێتی تاکەکەسی بێت، ئەوا شتێکی سروشتیە کە توانای مرۆڤەکان جیاواز بێت بۆ تێگەیشتن و درککردن، وە هەڵوێستیان جیا بێت لە گوێڕایەڵی و سەرپێچیکردن.

لە مۆدێلی ئیسلامیدا پێغەمبەر (ﷺ) نموونەیەك بووە بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکی قبوڵکردن و دیالۆگ، ئەگەر لە سەردەمی خۆیدا بەڵگەو نیشانەی قبوڵکردنی بیروبۆچوونی تایبەت بە تەشریعی ئیسلامی بووبێت لەناو خەڵکیدا بۆ بیروباوەڕ و پەرستشەکان، ئەوا لەو بابەتانەدا کە پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانە و ئەزموونی ژیانەوە بووبێت بە بڕیارەکانیدا چووەتەوە و ڕای هاوەڵانی وەرگرتووە، وە لەسەریشی پێویست بووە کە لەو بابەتانەدا پرس و ڕایان پێ بکات.

پێوەرەکانی قبوڵکردنی ڕای بەرامبەر و پرەنسیپەکانی، جیاوازیەکی زۆریان هەیە لەناو خەڵکیدا، جیاوازی بیروبۆچوون لە نێوان گرووپ و مەزهەبە جیاوازەکانی ئاینی و دونیاییدا هەر هەبووە، بەڵام لەسەر ئاستی فیکری ئیسلامی ئەوا کۆمەڵێك بنەمای گشتی هەن کە زۆربەی خەڵکی کۆکن لەسەر پەیڕەوکردن و قبوڵکردنیان، وە لەلایەن چین و توێژە جیاوازەکانی

کۆمەڵگاشەوە، ئەم بنەما گشتیانە بنچینەی وەرگرتن و ڕەتکردنەوەی بیروبۆچوونەکانن، بەڵام دەشبینین کە جیاوازی هەیە لە ڕاڤەکردنی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا، ئەو ئایەتانەی دەلالەتی زەننیان هەیە لە مانادا ئەوا جێگای هەڵهێنجان و ئیجتیهادن، هەروەکو لە هەڵگۆستنی بیروبۆچوون لە فەرموودەکانی پێغەمبەریشەوە (ﷺ) جیاوازی هەیە بەپێی جیاوازی تێگەیشتن لە واقیع و دابەزاندنی مانای دەقەکان بۆ واقیع.

قسەکردن دەربارەی پڕەنسیپ و بنەمای قبوڵکردنی هەر بیروبۆچوونێك ڕاماندەکێشێت بۆ بابەتی ئازادی فیکری و سنوور و پڕەنسیپەکانی ئەو ئازادیە، ئەمەش بابەتێکە زۆرجار تێکەڵی جۆرەکانیتری ئازادی دەکرێت، لەوانە ئازادی بیروباوەڕ و ئازادی ڕادەربڕین، بەڵام ئەم بابەتە وردەکاری و جیاوازی زۆری هەیە کە بوونی چەندین ئاڕاستەی فیکری دووپاتدەکاتەوە جیاواز لەو بڕیاردراوە فیقهیانەی پێیان ئاشناین، بەڵام بنەما و پڕەنسیپی گەورە لەم بوارەدا حوکمە فیقهیەکان نین کە تایبەتن بە بواری فتوادان، بەڵکو گەورەترین پڕەنسیپ بەدیهێنانی مەبەستە باڵا و گشتیەکانی شەریعەتی ئیسلامن لەبارەی مافی تاك و مافی کۆمەڵگا و مافی مرۆڤایەتی[1].

---

1. توێژینەوە و کۆنگرە و سیمیناری زۆر کراوە لەبارەی زۆریی ئازادی فیکری، بەڵام ئێمە تەنها ئاماژە بە یەکێکیان دەکەین، ئەویش ئەم توێژینەوەیەیە:

ـ عطية، جمال الدين، ضوابط الحريات الفكرية، مجلة المسلم المعاصر، العدد ٩٩، السنة الخامسة والعشرون، يناير – مارس ٢٠٠١، ص١٦٧–١٩٦.

## بەشی پێنجەم:

# هزر و زمان

## پێشەکی:

زمانزانین و شارەزایی لە زماندا چوار ئاستە: گوێگرتن و قسەکردن و خوێندنەوە و نووسین، ناکرێ نووسەرێك شتێکی لەبارەی فیکرەوە نووسیبێت و بیری لێنەکردبێتەوە، واتە بیرکردنەوەکەی بە یەکێك یان دوان لەو ئاستانەی زمانزانیندا نەڕۆیشتبێت کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد.

زانا زمانناسەکان ئەو ئاستانەی شارەزایی زمان بەو شێوەیەی سەرەوە کە ڕیز کراون، دەکەنە بنەمای بونیادنانی جیهازی فیکری و زمانەوانی لای مرۆڤ، وە گومان لەوەدا نییە کە گوێگرتن و خوێندنەوە دوو ڕێگای گرنگن بۆ گەشەپێدانی بونیادی فیکری لای مرۆڤ، بەڵام ئێمە هەست بە بوونی ئەم بونیادە ناکەین تا مرۆڤ قسە نەکات، یان شتێك نەنووسێت.

زمانیش ئەو قاڵبەیە کە فیکر تێیدا دەمەیەت و جێگیر دەبێت، فیکریش ناوەرۆکێکە کە ئەو قاڵبە زمانیە لەخۆی دەگرێت، ناوەرۆك شێوەی قاڵب دەگرێت و سنووربەند دەکرێت لە ڕووی ڕوونی و چاکی و نادیاری و خراپی، لەگەڵ ئەوەشدا بێگومان پەیوەندی نێوان زمان و فیکر پەیوەندیەکی ئاڵوگۆڕی و یەکتر تەواوکردنە، ئاڵوگۆڕیە، چونکە هەریەکێکیان کار لەویتر دەکات، تەواوکاریشە چونکە هەرکامێکیان پێویستی بە ئەویترە، هەرچەند یەکێکیان دەوڵەمەند بێت ئەویتر دەوڵەمەند دەکات، زمان خزمەتی فیکر

دەکات کاتێك یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ دەربڕین و بەرهەمێنانی فیکری بۆ ناو چوارچێوەی زمان، ئەوکات بیرۆکە دەبێتە بابەتی گفتوگۆ، لەهەمانکاتدا فیکریش خزمەتی زمان دەکات کاتێك یارمەتیدەر دەبێت بۆ هەڵبژاردنی گونجاوترین وشە و دەربڕین و مانابەخش، وە زمان دەوڵەمەند دەکات بە مانا و دەلالەتی کە پێویستیان بە وشە و زاراوە نوێ هەیە، کەواتە فیکر زمان دروست دەکات و بەویش دروست دەبێت.

## یەکەم: ڕەهەندی مێژوویی پەیوەندی هزر بە زمانەوە

ئاشکرایە کە گرنگیدان بە پەیوەندی نێوان زمان و فیکر دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی زوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، ئەگەر پشت بە سەرچاوە مێژووییەکان ببەستین ئەوە بەسە کە تێفکرین لەوەی لە قورئاندا هاتووە کاتێك بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاماژە بەم پەیوەندیە دەکات، وەك خوای گەورە دەفەرموێت ﴿وَعَلَّمَ آدَمَ الأَسْمَاء كُلَّهَا﴾ (البقرة: ٣١)، وە خوای گەورە باسی حەقیقەتی دروستکردنی مرۆڤی کردووە، بەدوایدا یەکسەر باسی حەقیقەتی فێرکردنی ڕەوانبێژیی کردووە لە دوو ئایەتی یەك لە دوای یەك ﴿الرَّحْمَنُ * عَلَّمَ الْقُرْآنَ * خَلَقَ الْإِنسَانَ * عَلَّمَهُ الْبَيَانَ﴾ (الرحمن: ١–٤)، هەروەها خوای گەورە زمانی پەیوەستکردووە بە ڕەوانبێژیەوە ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلاَّ بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ﴾ (إبراهيم: ٤).

بەڵام لە نووسراوە مێژووییەکانی مرۆڤایەتیدا کۆمەڵێك دەقی گرنگ هەن کە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی سوقرات و ئەرستۆ، وە ئەوانەشی کە دوای

ئەوان هاتوون لە فەیلەسوفە یۆنانیەکان و ڕۆمانیەکان، ئەو دەقانە مشتومڕی پرسیارگەلێکی تەقلیدی دەکەن لەوانە: بنچینەی زمان چیە؟ سیستمی زمان و بونیادەکەی چین؟ تەنانەت وشەی (لۆگۆس)یش کە بڵاو و ناسراو بوو لە مێژووی فیکری ڕۆژئاوادا، ئەوا بەکارهاتووە بۆ مانای زمان و عەقڵ و هزر لەیەککاتدا[1].

وە لە کەلەپووری ئیسلامیدا خەرمانێك لە دەقمان هەیە کە باس لە بنچینە و سەرهەڵدانی زمانی مرۆڤ و پەیوەندی بە جۆرەکانی بیرکردنەوە و تێگەیشتن و درککردن دەکەن، هەروەها باس لە وردەکاری بونیادی زمانی عەرەبی و گەشەسەندنی زانستەکانی و ڕۆڵی لە هەڵگرتنی ماناکانی قورئاندا دەکەن، لەوانە ئەو کارانەی دەدرێنە پاڵ ئەبو ئەسوەدی دوئەلی و ئیبنو ئەبی ئیسحاقی حەزرەمی و عیسای کوڕی عومەر و فەراهیدی و سیبەوەیهی و ئیبنو جیننی و جاحز و جورجانی.

---

[1] .Haris, Roy and Taylor, Talbot. Landmarks in Linguistic Thought, Volume: The Western Tradition From Socrates To Saususssre (History of Linguistic Thought), Vol.1, Routledge: 2 edition, 1997, pp21-28.

ئەم کتێبە کۆمەڵێك دەقی فەیلەسوفانی پێشوو دەهێنێت و لێیان دەکۆڵێتەوە بە درێژیی، لەڕووی ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی زمان لە فیکری کۆمەڵگا و مرۆڤایەتیدا، بەشێوەیەکی ئاسایی بە گفتوگۆکانی سوقرات دەستپێدەکات کە قوتابیەکەی ئەفلاتۆن نووسیویەتیەوە، دواتر باس لە کارەکانی ئەرستۆ دەکات، و ئاماژە بە کتێبی پیرۆز (Bible) دەکات، دواتر باس لە هەوڵەکانی ناودارانی بواری فیکری زمانەوانی دەکات لە سەدەکانی ناوەڕاستدا تا سەدەی نۆزدە، وە لە بەرگی دووەمی کتێبەکەدا باسی هەوڵەکانی سەدەی بیستەم دەکات.

زمان لای ئیبنو خەلدون بەهرەی دروستکراوە، واتە بە فێربوون بونیاد دەنرێت[1]، وە بەهرەکانی زمان گەشە دەکەن بە زۆر دووبارەکردنەوە، تا دەبنە بەهرەی چەسپاو، ئەم بەهرەی زمانەش وا لە قسەکەر و گوێگر دەکات کە توانای جیاکردنەوەی ڕاست و هەڵەی هەبێت، ئەمەش بە پشتبەستن بەوەی قسەکەران بە زمانێك لەسەری ڕاهاتوون بەبێ پێویستی هەبوونی یاساکانی ڕێزمان.

دەربارەی هەبوونی پەیوەندیش لە نێوان فیکر و زانست و زماندا، هەوڵی کۆمەڵێك زانای مسوڵمان دەبینین کە جیاوازی دەکەن لە نێوان بوون لە واقیعدا و بوون لە زەیندا و بوون لە زماندا، لەو هەوڵانەش قسەی ئەبو حامیدی غەزالی وەردەگرین کە دەڵێت: "دەربارەی دیاریکردنی ناو (الاسم) و ڕوونکردنەوەی حەقیقەتەکەی دەڵێین: هەموو شتەکان بوونێکی بەرچاویان هەیە لە واقیعدا، وە بوونێکی نادیاریان هەیە لە زەیندا، وە بوونێکیشیان هەیە لە ناو زماندا، هەرچی بوونی بەرچاوە ئەوە بوونی بنچینەیی و ڕاستەقینەیە، بەڵام بوونی ناو زەین ئەوا بوونێکی زانستی و وێنەییە، وە بوون لە ناو زماندا بوونی زارەکی و بەڵگەییە"[٢].

1. بەمەش ئیبنو خەلدون ئەو ڕایە هەڵدەوەشێنێتەوە کە دەڵێت زمان بە سروشتی و بۆماوەیی بەدەست دێت، هەروەها ڕۆڵی ڕەگەز و ڕەچەڵەك ڕەتدەکاتەوە لە دیاریکردنی سروشتی زمان و فێربوونیدا.

2. الغزالي، أبو حامد محمد بن محمد، المقصد الأسمى في شرح معاني أسماء الله الحسنى، تحقيق: بسام عبدالوهاب الجابي، قبرص، الجفات والجابي، ١٩٨٧، ص٢٥.

**دووەم: جوان دەربڕین لە نێوان هزر و زماندا**

جوان دەربڕین (البیان) وشەیەکی کاریگەرە لە قورئانی پیرۆزدا، دارِشتەکانی (بان) بەشێوەی ناو و کردار لە (٢٥٧) جێگادا هاتووە، قورئانی پیرۆز جوانترین دەربڕدراوە و ڕوونکەرەوەیە، کتێبێکی ڕوون و ئاشکراشە، بە زمانێکی عەرەبی ڕوون هاتووەتە خوارەوە و ئایەتەکانی ئاشکران، هەر پێغەمبەرێکیش نێردرابێت ئەوا بە زمانی گەلەکەی خۆی خوا ناردوویەتی و بۆ ئەوەی وەحیان بۆ ڕوون بکاتەوە.....هتد.

تێفکرین لە مانای ئەو شوێنانەی لە قورئاندا (البیان)ی تێدا هاتووە، ئەوە دووپات دەکاتەوە کە قورئان تەلیسم و ئەفسانە نییە ماناکەی نادیار بێت، بەڵکو ئایەتی ڕوون و ئاشکران و ماناکەیان ئاسانە، بەو زمانە هاتوون کە هاوەڵانی لێی تێگەیشتوون، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بەئاستێکی بەرز لە ڕەوانبێژی دابەزیون تا ڕادەی ئیعجاز.

ئیمامی شافیعی لە پێشینەی ئەو کەسانە دەژمێردرێت کە باسێکی تێروتەسەلی جوان دەربڕینی قورئانی کردووە، ئەویش لە کتێبە ئوسوڵیە ناوازەکەی (الرسالة)دا، تێیدا دەڵێت: "البیان – جوان دەربڕین ناوێکی کۆکەرەوەیە بۆ کۆمەڵێك مانا کە لە بنچینەدا یەکن و لە لق و پۆپدا فرە و جیاوازن"[(١)]، دواتر جوان دەربڕینی ئەحکامەکانی لە قورئاندا بۆ پێنج ئاست دابەشکردووە کە هەندێکیان ڕوونترن لە هەندێکی تریان.

---

[1]. الشافعي، محمد بن إدريس، الرسالة، تحقيق وشرح: أحمد محمد شاكر، دار الكتب العلمية، (د.ت)، ص٢١.

وە دەربارەی ئەو مانایە و پەیوەندی بەیان بە دەلالەتی زمانەوانیەوە، جاحز مانا و دەلالەت دابەشدەکات بۆ پێنج جۆر و دەڵێت: "بەیان ناوێکی کۆکەرەوەیە بۆ هەموو شتێك کە دەمامکی مانا لابەرێت.... وە هەموو جۆرەکانی دەلالەت لە مانا جا بە وشە بێت یان بە غەیری وشە، پێنج شتە، نە زیاد دەکەن و نە کەم: یەکەمیان وشە، ئینجا ئاماژە و عەقد (زمانی ژمارەیە بە پەنجە) و خەت (واتە نووسین) و لە کۆتاییدا ئەو حاڵەتە ئیعرابیەی کە وشە وەریدەگرێت و پێی دەڵێن (نصبە)"[1]، بەمەش پەیوەندی فیکری بە مانا و جۆرەکانی زمانی گوتراو و بیستراو و بینراو و حسابکراو و نووسراو، ڕوونکردووەتەوە.

هەروەها خەتیبی بەغدادی ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) دەهێنێت کە دەفەرموێت ﴿قیِّدوا العلم بالكتابة﴾ بە شەش ڕیوایەت، واتە زانست بهێڵنەوە و بیپارێزن بە نووسینەوە، یەکێك لەو ڕیوایەتانە هی عەبدوڵلای کوڕی عەمرە: ﴿أنَّ رسولَ الله (ﷺ) قال: "قيِّدوا العلم" قلت: يا رسول الله وما تقييده؟ قال: "الكتاب"﴾[2].

کەواتە نووسینەوە پلەیەکی بەرزی هەیە لە هونەرەکانی جوان دەربڕینی زمانەوانیدا، ئیبنو خەلدونیش دەربارەی پلەی بەرزی نووسین ئاماژە بۆ

---

1. الجاحظ، أبو عثمان عمرو بن بحر، البيان والتبيين، تحقيق وشرح : عبدالسرم هارون، القاهرة، مكتبة الخانجي، ط٧، ١٩٨٨، ج١، ص٧٦.

2. الخطيب البغدادي، أبوبكر أحمد بن علي بن ثابت، تقييد اعلم، صدره وحققه وعلق عليه: يوسف العش، حلب، سورية، دار الوعي، ١٩٧٥، ص١١٦.

ئەوە دەکات کە نووسین لە پیشە و کارە بەڕێزەکانە و دەڵێت: "نووسینەوە و ئـــەوەی بەدوایـــدا دێـــت لـــە وەرەقـــسازی و ڕێکخـــستنی لاپـــەڕەکان پێویـستیەکانی مـرۆڤ دەپارێزێـت لـە لەبیرچـونەوە و ئـەوەی لـە دەروونـی مرۆڤدایە دەیگەیەنێت بـە خـەڵکی دوور و نادیـار و بەرهـەمی بیروبۆچـوون و زانستەکان لە لاپەڕەکاندا بە زیندوویی دەهێڵێتەوە و پێگەی وجودی ماناکان بەرز ڕادەگرێت..."[1].

## سێیەم: تیۆرەکانی پەیوەندی نێوان هزر و زمان

هزر کارابوونێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی و زمانەوانیە، بۆیە دەبێتە بابەتی توێژینەوە بۆ دەروونزانی و کۆمەڵناسی و زمانناسی، ئەمە سەرەڕای جێبەجێکردنی ئەم زانستانە لە زانستەکانیتردا وەکو ڕاگەیاندن و ڕامیاری و ئابووری و ...هتد، لە پێشتریشدا پەیوەندی نێوان فیکر و زمان بابەتێکی گرنگی فەلسەفە بووە، هەر لە سەرەتاکانی فەلسەفەوە هەروەها بابەتی لقە گرنگەکەی فەلسەفە بووە کە بریتیە لە لۆجیك، ئەویش زانستی لێکۆڵینەوەی تێفکرینە، وە زمان ئامرازی دەربڕینی فیکرە کە فیکریش بۆخۆی ئەو مانایانەیە کە پرۆسەی تێفکرین پێی دەگات، وە زمان پێگەیەکی بەرچاوی هەیە توێژینەوەکانی کۆمەڵناسی و دەروونزانی و تیۆرەکانی ئەم دوو زانستە بە دیاریکراوی، کەواتە هەندێ بەرچاوڕوونی گرنگە لەبارەی تێزە گشتیەکانی

---

1. ابن خلدون، عبدالرحمن بن محمد، مقدمة ابن خلـدون، تحقيـق: علـي عبدالواحـد وافي، القـاهرة، دار نهضة مصر للطباعة والنشر والتوزيع، ٢٠٠٤، ج٢، ص٨٤٦.

ئەم تیۆرانە ئەگەر بێت و بخرێنە ناو بونیادێکی فیکری دامەزراوی تاکی مسوڵمانەوە، بەشێوەیەك کە توانای مامەڵەکردنی هەبێت لەگەڵیاندا بە تێڕوانینێکی شیکاریانە بەپێی مەنهەجیەتی ئاوێتەبوونی زانستەکان (التكامل المعرفي)، کە ئەویش لە تێڕوانینی ئیسلامیەوە سەرچاوەی گرتبێت، هەر بەمشێوەیەش زانای دەروونزانی مسوڵمان "مالیك بەدری" پێی هەستاوە لە کۆمەڵێك لە توێژینەوەکانیدا لە دەروونزانی و مومارەسەکردنی چارەسەری دەروونی، ئەو لەبارەی پەیوەندی نێوان زمان و فیکرەوە زۆر جیاوازی نییە لەگەڵ زۆرێك لە زانایانی دەروونزان کە جەخت دەکەنەوە لەسەر هەبوونی پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان فیکری مرۆڤ و زماندا، ئەمەش لەبەرئەوەی "زمان لای مرۆڤ تەنها ڕێگایەکی لێکتێگەیشتن و پەیوەندیکردن نییە، بەڵکو لەڕاستیدا ئەو سیستمە بنەڕەتیەیە کە مرۆڤ بۆ بیرکردنەوە و تێفکرین بەکاری دەهێنێت"[1].

---

[1]. بدري، مالك، التفكر من المشاهدة إلى الشهود، دراسة نفسية إسـلامية، مرجـع سـابق، ص٢٧-٢٩.

ئەمەی خوارەوە پوختەیەکە لە تیۆرەکانی پەیوەندی نێوان فیکر و زمان

| ژمارە | تیۆر | ناوی زانا | کۆچی دوایی | گوتەی تیۆرەکە |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ١. | هەڵسوکەتخوازیی السلوكية | واتسۆن —سنكر | ١٩٥٨ ١٩٨٥ | زمان جۆرێکە لە هەڵسوکەوت، تاك فێری دەبێت لەڕێگای لاساییکردنەوە و بەهێزکردن و دووبارەکردنەوە |
| ٢. | ئیپستیمۆلۆژیای پێکهاتەیی الابستمولوجيا التكوينية | بیاجێ | ١٩٨٠ | زمان مێژووی بیرو بۆچوونەکانە، زمان لەگەڵ گەشەکردنی بایۆلۆژی مرۆڤدا گەشە دەکات. |
| ٣. | حەتمیەت و ڕێژەیی زمان | سابیر – وورف | ١٩٣٩ ١٩٤١ | ئەرکی زمان: پەیوەندیکردن و دووبارەکردنەوە، زمان فیکر دیاری دەکات، بونیادی سیستمی زمان جیهانبینی دیاری دەکات. |
| ٤. | وێستگەی بایۆلۆژی هاوبەش | چۆمسکی | ..... | هەر زمانێك بونیادێکی ڕووکەشی جیاوازی هەیە لەویتر لەگەڵ هەبوونی بونیادی قووڵی لەیەکچوو، بنچینەیەکی فیتری هاوبەش لەنێوان مرۆڤەکاندا هەیە. |

وەك دیارە تیۆرە یەك لەدوای یەکەکان کە هەوڵیانداوە لە پەیوەندی نێوان زمان و فیکر تێبگەن هەر بەردەوام دەبێت، چونکە وا پێشبینی ناکرێت کە تەنیا تیۆرێك ئەم بابەتە یەکلایی بکاتەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو زانایانەی لەو بارەیەوە دەکۆڵنەوە لە باکگراوندی جۆار و جۆرەوە هاتوون، وەکو زانستەکانی فەلسەفە و کۆمەڵناسی و دەروونزانی، وە شیکردنەوەی تیۆری و پراکتیکی ئەم بابەتە خاڵی نییە لە پشتبەستن بە داتا و زانیاری بەسوودی ئەم زانستانە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا ئەمە بەس نییە، چونکە هەر تیۆرێك لایەنێك لە بابەتەکە ڕاڤە دەکات نەك هەمووی، بۆیە ئەم بابەتە بەکراوەیی دەمێنێتەوە بۆ گفتوگۆ و قسە لەسەرکردن، وە زانایانی زانستە سروشتیەکان و دەروونزانی و کۆمەڵناسی بەردەوام دەبن لە توێژینەوەکانیان لەبارەی پەیوەندی نێوان فیکر و زمان، جا لە ڕوانگەی فەلسەفەی سروشتی و کۆمەڵایەتی پەتیەوە بێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی وەحی خوایی، یان بە لەبەرچاوگرتنی ڕێنیشاندانی وەحی خوای و وەرگرتنی زانیاری زیاتر لە سایەی ئەو وەحیەوە، بەڵام ئەوەی پێی دەگەین و لێی دڵنیا دەبین لە کۆتایی قسەکردن لەسەر پەیوەندی نێوان فیکر و زمانەوە کۆمەڵێك بنەمان کە پێموایە ڕاجیاییەکی ئەوتۆیان لەسەر نییە، ئەوانیش ئەمانەن:

ـ ئاسان نییە پێمانوابێت فیکرێکی مرۆڤایەتی هەیە بەبێ ئەوەی زمانێك هەبێت دەریببڕێت، وە ناکرێ کاریگەری فیکر لەبەرچاو نەگرین لە

دەوڵەمەندکردنی زماندا، بۆیە پەیوەندی نێوان زمان و فیکر پەیوەندیەکی ئاڵوگۆڕی یەکتر تەواوکردنە.

ـ ئێمە بڕوامان وایە خوای گەورە یەکەم مرۆڤی دروستکردووە کە ئادەم باوکی مرۆڤایەتیە، وە هەر ئەویش توانای زمانی پێبەخشیوە بەشێوەیەکی تایبەت بەو، کە ئاسان نییە بەدڵنیایی بزانین چۆن بووە.

ـ توانای زمان بەشێکە لەو فیترەتە دروستکراوە کە لەمرۆڤدا دیزاین کراوە، وە پەیوەندی بە ئامرازەکانی بیستن و بینین و قسەکردنەوە هەیە، هەموویان والێکراون کە ڕۆڵ بگێڕن لە پەیوەندی نێوان زمان و فیکردا ﴿لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ﴾ (التين: ٤).

ـ دەکرێ وای بۆ بچین کە زمانی مرۆڤایەتی لە یەکەم سەرهەڵدانیەوە یەك زمان بووبێت، دواتر خەڵکی لە ناوچە جوگرافیە دوورە دەستەکان نیشتەجێ بوون و لق و لەهجەی جۆراوجۆری لێبووەتەوە تا لە دواتردا بوون بە زمانی سەربەخۆ و جیاواز.

ـ مرۆڤ لە هەموو سەردەمێکدا فێری زمان بووە و تەعبیری لە تێگەیشتنی خۆی کردووە بۆ شتەکانی دەوروبەری، لە ڕێگای ئەوەی بیستوویەتی لەو ژینگە زمانەوانیەی کە تێیدا ژیاوە.

**چوارەم: هزر و گەشەکردنی توانا زمانیەکاندا**

زمان ئامرازی پەیوەندیکردن و دەربڕین و تێفکرینە، بەقەدەر ئەوەندەی مرۆڤ وشە و دەربڕین و دەقی زمان لە زەینیدا بێت ئەوەندە نەرمی هەیە لە داڕشتنی بیروبۆچوون و دەربڕنی ڕوون و بەهێزی بەڵگە و کاریگەری زۆر، مرۆڤ زۆرێك لە توانا زمانیەکانی لە ژینگەی کۆمەڵایەتی دەوڵەمەند بە زمان وەردەگرێت، بەڵام درککردن بە زەرورەتی فراوانکردن و گەشەپێدانی ئەو ڕەگەزانەی زمان زیاتر دەبێت بە توانای سوودوەرگرتنی لەو ژینگەیە، ئەمەش وای لێدەکات کە ڕێگای جۆراوجۆر بگرێتەبەر بۆ ئەم گەشەپێدان و فراوانکردنە.

بە نیسبەتی زمانی عەرەبیەوە، فێربوونی قورئان و خوێندنەوەی و لەبەرکردنی باشترین ڕێگا و میکانیزمن بۆ بەهێزکردنی زمان و جێگیربوونی وشەکانی بە دروستی و دەوڵەمەندکردنی بیروبۆچوون و گەشەپێدانی مانا و نووسین، ئیبنو ئەسیر کاریگەری قورئان ڕووندەکاتەوە لەسەر گەشەپێدانی توانای زمان لە چەند شوێنێکی کتێبەکەیدا (المثل السائر) کە ڕوونترینیان ئەمەیە: "هەر کەسێك جێگاکانی ڕەوانبێژی و نهێنی جوانبێژی لە پێکهاتنی زمانی قورئاندا بۆ ڕوون ببێتەوە، ئەوا قورئانی بۆ دەبێت بە دەریایەك کە دوڕ و گەوهەری لێ دەردەهێنێت، دواتر لە قسە و باسی خۆیدا بەکاریان دەهێنێت، هەروەکو ئەوەی من کردوومە لە نووسینەکانمدا، تەنها قورئان بەسە بۆ ئەوەی ببێتە ڕێگا و ئامرازی بەکارهێنانی هونەرەکانی

قسەکردن"[١]، هەروەها لەبارەی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆزەوە دەڵێت: "نووسەر ئەگەر بیەوێت پەرە بەخۆی بدات تا ئاستی ئیجتیهادکردن لە نووسیندا، ئەوا پێویستی بە زۆر شت دەبێت کە لە پێشەکی ئەم کتێبەدا باسمکردوون، بەڵام یەکەم شت و بڕبڕەی پشت و لوتکەی هەموو شتەکان لەبەرکردنی قورئانی پیرۆزە، هەروەها زۆر لەبەرکردنی فەرمودەی پێغەمبەر (ﷺ) و شیعر"[٢].

ئاوێتەبوونی فیکری لە نێوان خەڵکیدا پێویستی بە میکانیزمی جۆراوجۆر هەیە کە هەریەکێکیان ئەرکێك بەجێ دێنێت کە ئەویتر بەجێی ناهێنێت، ئەم ئاوێتەبوونە ناکرێ تەنها کورت بکرێتەوە لە گفتوگۆ و سیمینار کردن، یان ناکرێ تەنها بریتی بێت لە نووسین و گۆڕینەوەی دەقی نووسراو، بەڵکو نووسین و قسەکردن دوو کاری تەواوکاری یەکترین، چونکە هەرکامیان ئەرکێك بەجێ دەهێنێ جیاواز لەویتر، وە توێژینەوەکانی بواری زمانناسی جێبەجێکاری و زمانناسی کۆمەڵایەتی جەخت لەوە دەکەنەوە کە بنچینەی هەموو زمانەکان گوتاری زارەکی بووە، بۆیە هەرچەندە لە ناو مرۆڤایەتیدا هەزاران زمان گەشەیانکردووە، بەڵام کەمێکیان ماونەتەوە، چونکە ئەو زمانانەی نەنووسراونەتەوە نەماون، وە ئەم توێژینەوانە پێیانوایە کە "گفتوگۆی زارەکی تایبەتمەندیەکی لکاوە بە زمانەوە... وە نووسین هێزێکی

---

1. ابن الأثیر، ضیاء الدین نصرالله بن محمد، المثل السائر في أدب الكاتب والشاعر، تحقيق: أحمد الحوفي وبدوي طبانة، القاهرة، دار نهضة مصر للطبع والنشر، (د.ت)، ص٦١.

2. هەمان سەرچاوە، ل١٠٢.

ئەوتۆ دەبەخشێت بە شێوە زمان (اللهجة) کە کێبڕکێی شێوە زمانێکیتر بکات کە نەنووسراوە و تەنها زارەکیە و بەسەریدا زاڵ دەبێت"[1].

بەهای نووسین لەوەدایە کە کاریگەریەکەی بە درێژایی کات دەمێنێتەوە، بەڵکو جاری وا هەیە کاریگەریەکەی هەر دەمێنێت، تەنانەت ئەگەر ناوەرۆکەکەشی ڕەتبکرێتەوە، یان بە تەواوی هەڵبوەشێنرێتەوە "بەڵام خۆ کەس ناتوانێت دەستی بەهیچ نووسینێك بگات لە ڕێگای کتێبەوە بۆ رەتدانەوە، چونکە ڕێگایەکی ڕاستەوخۆ نییە بۆ ڕەتکردنەوەی دەقێك لە ناو هەمان کتێبدا، بۆیە تەنانەت دوای ڕەتدانەوە و هەڵوەشاندنی بیروبۆچوونی کتێبێك، دەقەکە هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە ئەوە دەڵێت کە دەیڵێت، ئەمەش یەکێکە لەو هۆکاری بڵاوبوونەوەی ئەو قسەیەی کە دەڵێت (کتێب وادەڵێت)، بەو مانایەی کە قسەکە ڕاستە، هەروەها یەکێکە لەو هۆکارانەی بووە هۆی سوتاندنی کتێب، تەنانەت ئەگەر کتێبێك شتێکی گوت کە هەموو جیهان بزانێت کە ناڕاست و پووچە، ئەوا بە بەردەوامی تاهەتایە ئەو پووچیە دەڵێت تا ئەو دەقە بمێنێت، دەقەکان هەر بە سروشتی خۆیان سەرکێشن"[2].

---

[1] أونج، والتر ج، الشفاهية والكتابية، ترجمة: حسن البنا عزالدين، مراجعة: محمد عصفور، الكويت، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، سلسلة عالم المعرفة، رقم (١٨٢)، ١٩٩٤، ص٥٤.

[2] . هەمان سەرچاوە، ص١٥٨.

مرۆڤ تەکنۆلۆژیای گفتوگۆ و نووسینی گەشەپێداوە بەشێوەیەك بۆ گوێگرتن و خوێندنەوە بەردەستە لە هەرکاتێکدا بمانەوێت و بۆ چەندینجار دەتوانین بیخوێنینەوە، نەك هەر ئەوە بەڵکو شێوازی وا بەرهەمهێنراوە بۆ گوێگر و خوێنەر کە ئاوێتە ببێت لەگەڵ بابەتە خوێندراو و گوێ لێگیراوەکان کە دەتوانێت داوای ڕوونکردنەوە بکات یان پەڵپبگرێت، یاخود گفتوگۆ بکات و ڕازیبوون دەرببڕێت، هەموو ئەمانە ئەنجامدراون لەگەڵ پێشکەوتنی شێوازەکانی بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی موحازەرە و وتار و کتێب، گومانی تێدا نییە کە هەرکەسێك گرنگی بە ئاوێتەبوونی فیکری بدات جا ڕۆشنبیر بێت یان بیرمەند، یان بانگخواز، یاخود چاکساز دەبێت بچێتە ئەو گۆڕەپانە کراوەیە و پشکی خۆی هەبێت لە کارتێکردن و کاریگەری.

## پێنجەم: تێکدانی فیکر و زمان

گرنگە هەست بەو هەوڵە پووچگەراییانە بکەین کە لە هەوڵی بێ بەهاکردن و تێکدانی فیکر و زماندان، چونکە ناوەرۆکی زمان ماناگەلێکن جیاوازن لە بەهادا، وە جیاوازیشن لە ڕاست و دروستیدا، ئەم جیاوازیەش هەندێکجار بەپێی بەکارهێنەری زمان و مەبەستەکەی دەگۆڕێت، دەربڕین هەندێکجار ڕاستگۆیانەیە، بەڵام هەندێکجاریش درۆیە، دەکرێ درۆکردن لە نەزانینەوە بێت یان بەمەبەست بێت، وە قسەکەر وشەکانی هەڵدەبژێرێت بەشێوەیەك کە دەربڕی مەبەستە باش و خراپەکانی بێت، لەوانەیە ئەم وشانە مانای دیار و ئاشکرایان هەبێت یان نادیار و شاراوە، هەندێکجار خەڵکی دەبینیت وشە و

دەربڕینەکان تەئویل دەکەن، بەڵام ماناکانی دەشێوێنن، زۆرجار ئەم گێرەشێوێنی و بێ بەهاکردنە لەلایەن هەندێ بیرمەند و نووسەر و حکومەت و دامەزراوەی نێودەوڵەتیەوە دەکرێت لەکاتی بەکارهێنانی هەندێ زاراوە و وشە و وێنەوە، وە هەندێك مانای دیاریکراویان پێ دەبەخشن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی فیکری و سیاسی، نموونەی ئەمەش لە هەوڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕاگەیاندنی لۆکاڵی و جیهانیدا زۆرە.

شێوازەکانی تێکدانی فیکری و زمانی لە ئێستادا جۆرەها کاریگەری بەکاردەهێنێت تا ڕادەی بەرنامەڕێژی عەقڵەکان و شۆردنەوەی دەماغ و هەڵگێڕانەوەی دڵەکان، ئەمە مانای ئەوە نییە کە هەموو خەڵکی بە ئاسانی واز لەو قەناعەت و دابونەریتانە دەهێنن کە چەسپاوە لایان بەهۆی کاریگەری زمانەوە لەسەریان، چونکە زۆرێك لە خەڵکی ڕێژەیەك لە ئاگاییان هەیە کە لە مەبەستەکانی گوتاری زمانەوانی و ئامانجەکانی تێبگەن، بۆیە بەرەنگاری دەکەن و ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە لەگەڵ قەناعەتیاندا ناگونجێت.

## شەشەم: قسەکردن و وتەی دەروون

یەکێك لە بابەتەکانی پەیوەندی نێوان فیکر و زمان ئەو جیاوازیەیە کە زانایانی مسوڵمانی زانستی کەلام کردویانە لەنێوان قسەکردن و وتەی دەرووندا، وە بابەتی وتەی دەروون لە بنەڕەتدا لە وەسفی قورئانی پیرۆزەوە هاتووە بەوەی کە قسەی خوای گەورەیە، دواتر جیاوازیکردن لە نێوان قسەی خوا و قسەی مرۆڤدا، چونکە قسەی خوای گەورە لە هیچ

شتێکیتر ناچێت، ئەوانەی باسی وتەی دەروون دەکەن بە دیاریکراوی ئەشعەریەکانن، مەبەستیشیان لێی ئەو وتەیەیە کە گونجاوە بۆ زاتی پەروەردگار و لەسەرووی لەناوچوون و نەمانەوەیە، وتەیەکە ناچێتە چوارچێوەی دەنگ و شێوەیەکی دیاریکراوەوە، بەڵکو سیفەتێکی ئەزەلیە و سەرەتایەکی نییە، بەڵام باسوخواس لەبارەی وتەی دەروونەوە گواسترایەوە بۆ قسەی مرۆڤ و ژمارەیەك زانا پێوەی خەریك بوون، لەوانە: عەزودەدینی ئیجی (عضدالدين الإيجي–٧٥٦ك) و سەعدەدینی تەفتەزانی (٧٩٢ك) و شەریفی جورجانی (٨١٦ك)[١]، هەستاون بە لکاندنی "مەوجودی قسەی هەستپێکراو بە ئاوێتەبوونە دەروونی و عەقڵیە قووڵەکان، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە تێڕوانینێکی مەعریفی قووڵیان هەبووە بۆ تێپەڕاندنی ڕووکەشی زمان، وە هەوڵیانداوە سەرچاوەکانی بوونی قسە لەودیو هەستەوە بەدەست بهێنن، وە دوورنییە ئەگەر ئەم بەرچاوڕوونییە زمانەوانیانە وەك پێشەکیەك بژمێرین بۆ گریمانەی هەبوونی ڕاستی دەروونی بۆ سیستمی قسەکردنی مرۆڤ و یاساکانی زمان"[٢]....

---

[1]. الزين، عماد أحمد، التفكير اللساني عند علماء العقليات المسلمين، عمان، دار النور المبين للنشر والتوزيع، ٢٠١٤، ص٣٠٧–٣٢٥.

[2]. دەکرێ ئەم بەرچاوڕوونیانە بچوێنین بەوەی کە چۆمسکی وتوویەتی لەبارەی بنچینەی فیتری و هەمووەکی زمانەوانی.

## حەوتەم: دووتایی (الازدواجیە) زمانەوانی و دوالیزمەی زمانەوانی و کاریگەریان لەسەر هزر و کلتوور و شووناس

ڕای توێژەرانی عەرەب لەبارەی دەلالەتی زاراوەی دوالیزمەی زمانەوانی (Bilingualism) و دووتایی زمانەوانی (Diglossia) جیاوازە، ئەمەش لەبەر ئەو جیاوازیەی لە وەرگێڕانی ئەم زاراوانەوە لە زمانی بیانیەوە ڕوویداوە، تێبینی ئەوەش دەکرێت کە ئەو زمانە ئەوروپیانەی توێژەرانی عەرەب بۆی دەگەڕێنەوە ئەم زاراوانە بەشێوەیەکی نارێك بەکاردەهێنن[1]، بەڵام نزیکترین ئاڕاستە لە مانای ڕاستەوخۆ ئەوەیە کە ئیزدیواجیەی زمانەوانی واتا هەبوونی دوو ئاستی زمان لە تەنها یەك زماندا، بۆ نموونە زمانی عەرەبی فوسحا و عامی، ئەمەش سیفەتێکی کۆمەڵگایە بەشێوەیەکی گشتی کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا دەچەسپێت کە لە سێ نەوە کەمتر نییە، بەڵام دوالیزمەی زمانەوانی واتا بوونی دوو زمانی جیاواز، زمانێکی نیشتمانی و زمانێکیتر، لەوانەیە ئەو زمانە زمانێکی بیانی بێت لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگاوە بەکاردەهێنرێت لەکاتی پێویستدا یان لە بوارێکی تەسکدا، یان

---

1 .Chin, Ng Bee and Wigglesworth, Gillian. Bilingualism, New York, Rutledge Applied Linguistic.2007,pp5-8.
see also

- Myers-Scotton, Carlo. Multiple Voices; An introduction to Bilingualism, New York; Blackwell publishing Ltd, 2006, pp chapter2 on Dialect pp. 16-34, chapter3 on Bilingualism pp35-66.

- محمود، إبراهیم کاید، العربیة الفصحی بین الازدواجیة اللغویة والثنائیة اللغویة، المجلة العلمیة لجامعة الملك فیصل (العلوم الإنسانیة والإداریة)، المجلد الثالث، العدد الأول، ذوالحجة ١٤٢٣/مارس ٢٠٠٢)، ص٥٣–١٠٨.

لەوانەشە زمانی دووەم بێت بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکاربهێنرێت، یاخود کەسانێك هەبن دوو زمان فێربووبن بەهۆی خوێندنەوە یان بەهۆی پەروەردەبوونیان لە ژینگەیەکی دیاریکراودا[1].

توێژینەوەی زۆر هەیە لەبارەی ئیزدیواجیەی زمان و دوالیزمەی زمان کە پسپۆڕان دەیزانن لە بوارەکانی توێژینەوەی دەروونی و زمانەوانی و پەروەردەیی، ئەم توێژینەوانە فرە جۆراوجۆرن بەهۆی بنەما فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانیان، یاخود بەهۆی مەنهەجی تیۆری و مەیدانی و ئەزموونیەکان، هەروەها جیاوازن لەو ئەنجامانەی پێی گەیشتوون کە باس لە کاریگەریە باش و خراپەکانی ئەو دیاردەیە دەکەن لەسەر فێربوونی تاکەکەس و دروستبوونی کەسایەتی و هۆگری، وە لەسەر تۆکمەیی و ئاسایش و شووناسی کۆمەڵگا...هتد.

ئەوەی گرنگە بەلامانەوە لێرەدا کاریگەری ئەم دوو دیاردەیەیە لەسەر پرۆسەی تێفکرین و بیرکردنەوە و ئاستی وردی و ڕوونی دەربڕینی بیروبۆچوونەکان بەشێوەیەك قابیلی تێگەیشتن بن، لەبواری ئیزدیواجیەی زماندا توێژینەوەی بەپێز دەبینین جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی کە "زمانی عامی بێ توانایە لەوەی کە تەعبیر لە بابەتی ڕۆشنبیری و فیکری و فەلسەفی بکات، بۆیە قسەکەر لەبارەی ئەو بابەتانە دەبێت بگەڕێتەوە بۆ

[1]. الموسى، نهاد، ما كان وما هو كائن وما ينبغي أن يكون، ندوة الازدواجية في اللغة العربية، عمان، الجامعة الأردنية ومجمع اللغة العربية الأردني، ١٩٨٨، ص٨٤.

زمانی فوسحا، ئەگەر بیەوێت بە شێوەیەکی ورد مەبەستەکانی دەربڕێت"[1].

مەسەلی دووتایی و دوالیزمەی زمان، دەمانخاتە بیری دووتایی فیکری کە هەڕەشەیەکە بۆ سەر شوناسی هاوڵاتی لە کۆمەڵگای ئەم سەردەمەدا، چونکە لە کلتوورێکدا دەژی کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تۆڕەکانی پەیوەندیکردن دایدەمەزرێنن، ئەویش کلتوورێکە کاریگەریەکی قووڵی هەیە لەسەر شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤ، لەگەڵ ئەوەشدا کە هاوڵاتی لەم کۆمەڵگایانەی ئێمەدا لە نێوان شووناس و پەیوەندی ئاینیدا نەشونما دەکات کە نموونەیەکی باڵای دیاریکردووە و هەوڵی بەدیهێنانی دەدات، بەڵام کلتوری هاوچەرخ واقیعێکی دوور لەو دنیا میسالیە زاڵ دەکات کە مادە و ماڵ و سامان و سیاسەت بەسەریدا زاڵە.

ئاگادارکردنەوە لە هەڕەشەی دوالیزمە و دوتایی زمان، مانای ئەوە نییە کە فێری زمانی بیانی نەبین، چونکە فێربوونیان کاریگەری زۆری هەیە بۆ فراوانکردنی ڕۆشنبیری و فیکری مرۆڤی بیرمەند، یان ئەو کەسەی لەبارەی فیکرەوە دەدوێت، بەڵام زۆر بەکارهێنانی زاراوەی بیانی لە قسەکردندا بەتایبەتی قسەی زارەکی، شتێکی باش نییە، وە دەربڕینی کەسێك بۆ بیروبۆچوونێك بە پەنابردن بۆ زاراوەی بیانی کەموکوڕیە بۆی.

[1]. الزغلول، محمد راجي، الازدواجية في اللغة العربية، ندوة الازدواجية في اللغة العربية، عمان، الجامعة الأردنية ومجمع اللغة العربية الأردني، ١٩٨٨.

بەشی شەشەم:

# ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی هزر و تاقیگەکانی بونیادنانی بیروبۆچوونەکان

# پێشەکی

بەرهەمهێنانی فیکر تەنها تایبەت نییە بە دەستپێشخەری کەسەکان و داهێنانەیان بەتایبەتی لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا کە دامەزراوەی تایبەتمەندی بەرهەمهێناوە بۆ توێژینەوە و بەرهەمهێنانی بیروبۆچوون و گەشەپێدانیان، ئەم دامەزراوانەش ناوی جۆراوجۆریان لێنراوە وەکو: ناوەند و پەیمانگا و مونتەدا و کۆمەڵە...هتد، بە ئینگلیزی پێی دەوترێت (Think tanks) و بە چەند جۆرێك وەردەگێڕدرێت، کە هەموویان خۆیان دەبیننەوە لە کۆگای بیروبۆچوونەکان، یان تاقیگەی دروستکردنی دەماغ، بەڵام هەندێك دەیانەوێ مانایەکی سەلبی پێبدەن دەڵێن: دەماغگەلێك بۆ شەڕی فیکرەکان، یان کارگەی چەکی فیکر، بەڵام زۆربەیان لەسەر مانا کرداریە ڕاستەوخۆکەی دەوەستن، بۆ ناونیشانی دامەزراوەکە دەڵێن: ناوەندی توێژینەوە.

ئەم دامەزراوانە، فیکر بەرهەم ناهێنن بۆ ئەوەی پاشەکەوتی بکەن و هەڵی بگرن، بەڵکو بۆ ئەوە بەرهەمی دەهێنێت تا ئەو لایەنانەی بە ئامانجیان دەگرێت بتوانن سوودی لێوەربگرن بۆ بڕیاردانی دروست و گونجاو، بۆیە ئەو لایەنانە ئەوە چاوەڕوان دەکەن لەو دامەزراوانە کە بەو ئەرکەی خۆیان هەستن، بۆ ئەم مەبەستەش پاڵپشتی داراییان دەکەن و ئازادییان بۆ دەستەبەر دەکەن بۆ ڕێکخستنی کار و چالاکیەکانیان لە کۆڕ و کۆبوونەوە و

کۆنگرە و بڵاوکراوەدا، کە تێیاندا توێژەر و شارەزا و پسپۆڕی تایبەت بە بابەتی توێژینەوەکە ئامادە دەبن، جا لە ناو دامەزراوەکەدا بن، یان لە دەرەوەی، لە ناوخۆی وڵات بن، یان لە دەرەوە.

بابەتی توێژینەوە و گرنگیدان لەو دامەزراوانەدا جۆراوجۆرن، وەك بابەتی سیاسەتی ناوخۆ و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و پرسی ئابووری و بە بازاڕکردن و گەشەپێدان و بابەتی ژینگە و خێزان و منداڵ و فێرکردن و زۆر بابەتی تر.

## یەکەم: گەشەپێدانی بیروبۆچوونەکان

## لە نێوان داهێنانی تاکەکەس و کاری پێکەوەییدا

مێژووی فیکری مرۆڤایەتی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بیرکردنەوە و بەرهەمی فیکری لە زۆربەی سەردەمەکانی مێژوودا کردەیەکی ناوەکی تاکەکەسیە تا ڕادەیەکی زۆر، بەڵام هەندێك لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی پێویستی بە بیرکردنەوەی پێکەوەیی هەیە، جا ئەمە بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا بێت لەسەر بابەتێکی دیاریکراو لە نێوان کۆمەڵێك کەسدا بۆ گەیشتن بە بیرێکی هاوبەش، یاخود ئاڵوگۆڕی بیروڕا بێت لەسەر بیرۆکەی کەسێك بۆ گەیشتن بە قەناعەتێکی هاوبەش لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵەیەکدا، ئەمەش بەوە دەبێت کە ڕێککەوتنێکی پێشوەختە هەبێت لەسەر پلانێکی داڕێژراو کە ڕۆڵی بەشداربووەکان لە بیرکردنەوە و هەنگاوەکانی کارەکەیان دیاریکرا بێت بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی دیاریکراو، ئەمە بریتیە لە توێژینەوەی زانستی کە دامەزراوە تایبەتمەندەکان پێی هەڵدەستن.

هەندێك سەردەمی مێژوویی جۆرە بیرکردنەوەیەکی پێکەوەییان بەخۆیانەوە بینیوە، دەکرێت بیرورِا گۆڕینەوەکانی ئەفلاتۆن و گفتوگۆکانی ئەرستۆ لەو بابەتە بژمێرین، بەڵام نموونەی زۆر دیاری ئەم بوارە ئیمام ئەبو حەنیفەیە کە بیروڕای ئاڵوگۆڕ دەکرد لەگەڵ قوتابیەکانیدا، هەریەکێك لەوانیش ڕای خۆی دەگوت و گفتوگۆیان لەسەر دەکرد تا لەیەکتری تێدەگەیشتن "دوای ئەوەی هەر یەکێکیان سەرنجی خۆی دەردەبڕی ئەویش ڕای خۆی دەردەبڕی وەك ئەنجامی ئەو توێژینەوەیە، ئەوەش دەبووە پاڵفتەی ڕایەکان و هەموویان دانیان پێدا دەنا و پێی ڕازی دەبوون"[(1)]، ئەو مەنهەجەی ئەویش زیاتر نزیکبوو لە قوتابخانەیەك تا ئەوەی مامۆستایەك وانە بە قوتابیەکانی بڵێتەوە، ئەوەی کە زانراوە قوتابیەکانی ئەبو حەنیفە هەستاون بە کۆکردنەوەی ڕاوبۆچوونەکانی و نووسینەوەی فیقهەکەی، بەڵکو ئەوەیان کە لە هەموویان زیاتر گرنگی دەدا بە نووسینەوەی فیقهی مامۆستاکەی ئیمام موحەمەدی کوڕی حەسەن بوو، ئەمەش لەڕێگای ئەوەی کە ئیمام ئەبو حەنیفە پێی دەگەیشت لە ڕاوبۆچوون لەبەری دەکرد، یان لە هاوڕێیەکەیەوە ئەبو یوسف، دواتر دەینووسیەوە و دەیخستە بەردەستی ئەبو یوسف تا سەیری بکاتەوە، بۆیە نووسینەوەی فیقهی حەنەفی زیاتر فیقهێکی دەستەجەمعی بووە، هەروەها ئیخوانوسسەفا ڕاوبۆچوونەکانیان بەشێوەیەك دەردەبڕی کە کەسایەتی تاکەکانیان دەشاردەوە و وەك کۆمەڵەیەك کاریان دەکرد.

---

[1]. أبـو زهـرة، الإمـام محمـد، أبـو حنيفـة حياتـه وآراؤه وفقهـه، دار الفكـر العربـي، ط٢، ١٩٤٢، ص٨٧.

## دووەم: سەرهەڵدانی ناوەندەکانی توێژینەوە و ئامانجەکانیان و ئاڕاستەکانی کارکردنیان

بیرۆکەی دامەزراوە زانستیەکانی توێژینەوە بەمشێوەیەی ئەمڕۆ هەیە، تازەیە و پێشتر نە لە جیهانی ئیسلامی و نە لە جیهانی ڕۆژئاوادا نەبووە، ئەم دامەزراوانە بەهۆی پێویستی سەردەم و کەڵەکەبوونی شارەزاییەوە پەیدابوون، هەروەکو ئەم پێویستی و شارەزاییە بووەتە هۆی دامەزراندنی دامەزراوەی پسپۆڕی تر لە زۆربەی بوارەکانیتری ژیاندا.

سەرچاوەکانی مێژووی بیروبۆچوونەکان جیاوازن سەبارەت بە سەرەتای دامەزراندنی دامەزراوەکانی توێژینەوە لە جیهانی هاوچەرخدا، لۆرەنس ڕید پێیوایە کە ساڵی ١٧٨٧ بە یەکەم ساڵ دادەنرێت کە کۆمەڵێك کەس هەستان بە دامەزراندنی یەکەم ناوەندی توێژینەوە لە جیهاندا، ئەویش ئەوکاتەی تۆماس کلارسۆن لە بەریتانیا "کۆمەڵەی هەڵوەشاندنەوەی بازرگانیکردن بە بەندەی ئەفریقی" دامەزراند، ئەم کۆمەڵەیە کاری دەکرد لە پێناوی ئەم ئامانجەدا بەپشتبەستن بە کۆمەڵێك بیروڕا و ڕاستی، کە حاشاهەڵنەگر بوون لەبارەی شێوەکانی ناڕەحەتی و سەرکوتکردن و ئازاردان و بێبەهاکردنی کەرامەتی مرۆڤایەتی، کە ئەو بەندانەی لە ئەفریقیاوە دەهێنران تووشی دەبوون[1]، وە لە ساڵی ١٨٣١دا ڕووسیای قەیسەری "پەیمانگای مەلەکی بۆ توێژینەوەی بەرگری" دامەزراند، وە لە ساڵی ١٩١٠دا

---

[1] .Reed, Lawrence W. A Students Essay That Changed the World, London: Mackinac Center for public policy,2009, p3-4.

"دامەزراوەی کارینگی بۆ ئاشتی" لە واشنتۆن دامەزرا، بەڵام لەگەڵ ئەمانەدا زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە یەکەم ناوەندی توێژینەوە بەمشێوەیەی ئەمڕۆ ناسراوە "ناوەندی برۆکنگز" بووە، کە لە ساڵی ١٩١٦ لە واشنتۆن دامەزراوە.

ئێستا ناوەندەکانی باس و توێژینەوەی پاشکۆی سەرۆکایەتی حکومەت و وەزارەتەکان، دیاردەیەکی ئاشکران لە زۆربەی وڵاتاندا، تەنانەت هەندێك لەو ناوەندانە یەکەیەکن لە پەیکەری ڕەسمی دامەزراوەکانی دەوڵەت، کە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی توێژینەوەی تایبەت بەو کارانەی پەیوەستن بەو وەزارەتەوە و بودجەی ساڵانەشی لە وەزارەتەکەوە وەردەگرێت، ئەرکی ئەم ناوەندانەش زیاتر بریتیە لە پێشکەشکردنی داتا و زانیاری بنەڕەتی و ڕاپۆرتی خولی، وە دەتوانن بیروبۆچوونی نوێ پێشکەش بکەن بۆ گەشەپێدانی کاری وەزارەت، کاری ئەم یەکانە بەرنامەڕێژکراوە بەشێوەیەکی تەقلیدی وشك، بەڵام هەندێك ناوەندی تر هەن کە گرنگی بە توێژینەوەی فراوانتر دەدەن، کە پەیوەندییان بە سیاسەتی گشتی و تێڕوانینی ستراتیجی و پرسە گەورەکانەوە هەیە، ئەزموونی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان لەم بوارەدا بریتیە لە پێدانی ئازادی فیکری بەو ناوەندانە و یارمەتیدانیان بۆ ئەوەی سەربەخۆبن لە دەزگاکانی حکومەت، دەکرێ پەیوەست بن بە حیزبە ڕکابەرەکانەوە، یان بە زانکۆکانەوە، یان تەواو سەربەخۆ بن، وە پاڵپشتی دارایی زۆر وەردەگرن، ئەم سەربەخۆبوونە بنەمای ئازادیانە لە توێژینەوە

بەپێدانی کاتی تەواو و دارایی پێویست بۆ بەئەنجامگەیاندنی توێژینەوەکانیان بەبێ کاریگەری پرسە ڕاگوزەرەکان و کێشە بەپەلەکان.

ئەم ناوەندی توێژینەوانە بیروبۆچوونی ستراتیژی گەورە بەرهەم دەهێنن، لە بابەتەکانی سیاسەت و ئابووری و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و کێشە ژینگەییەکان و ململانێی بەرژەوەندیەکان و شەڕی فیکریدا، لایەنی زۆریش هەن کە شارەزای و بەرهەمی ئەم ناوەندانە دەکڕن بەوەی پەنایان بۆ دەبەن بۆ پێشکەشکردنی ڕاسپاردەکانیان بۆ بڕیاربەدەستەکان، جا لە حکومەتەکان بن، یان لە پارتە ڕکابەرەکان، یاخود لە کۆمپانیا گەورەکان.

زۆربەی ناوەندەکانی توێژینەوە هاوبەشن لە بەدیهێنانی سێ جۆر ئامانجدا، کە ئەمانەن: بەرهەمێنانی مەعریفە و بیروڕا بۆ خزمەتی ئەو لایەنەی بەئامانجی گرتووە، هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی توانای توێژەران لە ئەنجامدانی توێژینەوە لەو بوارانەدا کە ناوەندەکان مەبەستیانە، بە ڕاهێنان و گۆڕینەوەی شارەزایی، وە ڕۆشنبیرکردنی چینێکی کۆمەڵگا بە ڕەواجدان بە بیروبۆچوونەکانی ناوەندەکە و ئاڕاستەی بیرکردنەوەی ئەویش لە ڕێگای بڵاوکردنەوە و ڕووماڵی ڕاگەیاندنەوە، بەڵام هەندێك لەو ناوەندانە فشار دروست دەکەن بۆ ڕەواجدان بە کۆمەڵێك سیاسەتی دیاریکراو لەبارەی پرسی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، وە پەیوەندیان بە تۆڕێکی پەیوەندیکردنەوە هەیە بۆ کاریگەری دروستکردن لەسەر ناوەندی بڕیار لە لقەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری حکومەتەکاندا، سەرەڕای ئابووری و ڕاگەیاندن، هەروەها کۆمەڵێك شێوەی جۆراوجۆر لە شەڕی بیروبۆچوونەکان بەڕێوە

دەبەن لە نێوان کەسایەتیەکان و پارتەکان و حکومەتە ڕکابەرەکاندا، ئەمەش وایکردووە گومان دروست ببێت لەسەر چۆنیەتی پاڵپشتیکردنی داراییان و ڕاستی هەبوونیان.

نموونەی زۆر هەیە لەسەر ئەو ناوەندانەی فیکر، کە خزمەتی ڕکابەری بەرەی بەرژەوەندی و پێگە دەکەن، وە لەم ساڵانەی دواییدا بەرهەمێکی زۆریان هەبووە لەوەی پێی دەوترێت بیروبۆچوونی شەیتانی، کتێبێك لە فەڕەنسا دەرچووە ئاماژە بۆ هەندێکیان دەکات، وە زۆر نهێنی فیکری لای ئەوروپا و ئەمریکا ئاشکرا دەکات، کە ئەم نهێنیانە لەو ناوەندانەی فیکر بەرهەمدێن کە بە دەماغی شەڕی فیکرەکان دەژمێردرێن[1].

بەڵام ناوەندەکانی فیکر هەموویان لەو جۆرە نین کە ئاماژەیان پێدرا، بەڵکو سەدان ناوەندی هزری هەیە لە ڕۆژئاوا کە هەوڵدەدات "بونیادی فیکری" ستراتیژی دروست بکات بۆ خزمەتی جیهان و دەستبارگرتن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژینگەییەکان[2].

---

[1]. بوشيه، ستيفن، ورويّـو، مـارتين. مراكـز الفكـر: أدمغـة حـرب الأفكـار، بـيروت وأبـوظبي، دار الفارابي ومؤسسة محمد بن راشد آل مكتوم، ٢٠٠٩.

[2]. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە تەنیا نزیکەی ١٨٠٠ ناوەندی لەم جۆرە هەیە، لەوانـە ٤٠٠ ناوەندیان نزیکن لە ناوەنـدی بڕیـاری واشـنتۆن، دیارترینیـشیان پـەیمانگای بڕۆکینگـزە کـە گرنگی دەدات بە توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری، وە دامەزراوەی ڕاند کە لە کۆمەڵێك بواردا کار دەکات، لەوانە بەرگری و ئاسایشی نەتەوەیی، وە دامەزراوەی کارینگی تایبەت بە سیاسـەت و پەیوەندیەکانی دەرەوە، لە ئەوروپاش زیاتر لە ١٢٠٠ ناوەندی هزری هەیە، وە لەچین نزیکـەی ٤٢٥ ناوەند.

ئەگەر بوونی ناوەندە فیکریەکان نیشانەی دەوڵەمەندی بێت لە بونیادی فیکری هەر کۆمەڵگایەکدا، ئەوا کۆمەڵگاکانی جیهانی ئیسلامی کۆمەڵگای هەژارن لە ڕووی فیکریەوە تا ڕادەیەکی زۆر، پێویستیەکی زۆریش هەیە بۆ دامەزراندنی ناوەندی فیکری تایبەتمەند، چونکە ئەم ناوەندانە دەتوانن ڕۆڵی گرنگ بگێڕن لە بەرهەمهێنانی فیکر لە ڕێگای پڕۆژەی توێژینەوەی کۆمەڵکاریەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بناغەیەکی مەعریفی دادەنێن بۆ دەرکردنی بڕیاری گونجاو، یان پاساوی پێویست دەدەن بە بڕیاربەدەست بۆ دەرکردنی بڕیاری دروست.

ئەگەرچی ئامانجی ناوەندەکانی توێژینەوە جۆراوجۆر و فراوانن، بەڵام کۆکردنەوەی داتا بنچینەییەکان و ڕێکخستنیان و شیکردنەوەیان بۆ گەیشتن بە زانیاری بە بەها و گرنگ، ئامانجی هاوبەشی زۆربەی ئەو ناوەندانەیە، ئەم زانیاریانەش دەبنە بنەمای بڕیاردانی دروست، هەندێك لە ناوەندەکانی توێژینەوە، تایبەتمەندن بە جۆرێکی دیاریکراو لە زانیاری، وەکو پێوانەکردنی ڕای گشتی لەبارەی پرسە سیاسی و ئابووری و پەروەردەییەکانەوە...، ئەمەش وا لە ناوەندی بڕیاربەدەست دەکات کە بڕیاری گونجاو بدات، هەندێکجار پێوانی ڕای گشتی بەشێوەیەکی خولی دەبێت بۆ دیاریکردنی ئاڕاستەی گۆڕانکاری بە تێپەڕینی کات، یان گۆڕانی ئەنجامی ڕووداوەکان، یان هەڵوێست، یاخود بڕیارگەلێکی دیاریکراو.

هەندێك ڕاڤەی سیاسی لەسەر بنەمای ئاماژەدان بە پێوانی ڕای گشتی دەکرێت، کە لەسەر ئەو بنەمایە بۆچوون دەردەبڕدرێت بۆ هەندێك ئەنجامی

دياريكراو، وەكو ئەنجامی هەڵبژاردنەكان، وە ئەو بۆچوونە لای خەڵكی دروست دەكەن كە ئەنجامی هەڵبژاردنەكان هەمان ئەو ئەنجامە، یان نزیك لەوە دەبێت كە توێژینەوەكانی پێوانی ڕای گشتی دیاریكردووە، ئەم بڵاوكردنەوە و ڕاگەیاندنە فراوانە بۆ پێوانی ئەنجامەكان، لەوانەیە ڕێگایەكی كاریگەر بێت بۆ كارتێكردن لە ڕای گشتی بۆ ئەوەی بەرەو ئەو ئامانجە دیاریكراوە بڕۆن[1]، ئەمەش پێی دەوترێت یاریكردن بە ڕای گشتی.

نموونەی مەسەلەی ئەم یاریكردنە زۆرن، لەوانە ڕۆژنامەی گاردیان لە ژمارەی ڕۆژی ١٦ی مارسی ساڵی ٢٠١٤ ئاشكرایكردووە كە "وەزارەتی بەرگری بەریتانیا خەریكی بنیادنانی بەرنامەیەكی توێژینەوەی نهێنیە كە تێچووەكەی بە ملیۆنان جونەیه دەخەملێنرێت، لەبارەی داهاتووی شەڕی ئەلیكترۆنی، وەكو بەكارخستنی تەكنۆلۆژیای تازەپێگەیشتوو وەكو ئامرازەكانی ڕاگەیاندن و تۆڕە كۆمەڵایەتیەكان و تەكنیكەكانی كارتێكردنی دەروونی، كە دەكرێت سوپا بەكاریان بهێنێت بۆ كارتێكردن لە بیروباوەڕی خەڵكی". یەكێك لەو پرۆژانە پێی دەوترێت " تەكنیكی نوێ بۆ كارتێكردن لە بیروبۆچوونی خەڵكی و بەهەمهێنانی تێڕوانین"[2]. ئەم بەرنامانە لەلایەن وەزارەتی بەرگری بەریتانیەوە پاڵپشتی دارایی دەكرێن بە هاوبەشی

1 .Frankovic, Kathleen A. "Exit polls and pre-Election polls" in The Sage Handbook of public opinion Research, by Wofgang Donsbach and Michael Trougott. sage publication Ltd, 2007, p.570-579.

2 .Novel Techniques for public Sentiment and Perception Elictation.

کۆمپانیاکانی چەك و ئەکادیمیەکان و شارەزایانی بەبازاڕکردن و ناوەندەکانی توێژینەوە Think Tanks، لەگەڵ ئەوەدا کە پرۆژەی زۆر و جۆراوجۆر گەشەی پێدەدرێت کە تایبەتن بە چەك و پرسە سەربازیەکان و ڕای گشتی لەبارەی سوپاوە، ئەوا ڕاگەیاندنی ئەم پرۆژانە لە ژێر ناونیشانی گشتی و نادیاردا دەکرێت، وەکو "چالاکیەکانی کۆکردنەوەی داتا و پەیوەندیکردن" Information Activities and Outreach[(1)].

## سێیەم: لەبارەی بابەتی ناوەندەکانی توێژینەوە

لەم ساڵانەی دواییدا کۆمەڵێك توێژینەوە دەرکەوتن کە لە واقیعی ناوەندەکانی توێژینەوە دەکۆڵنەوە و قوڵبوونەتەوە لە ڕوونکردنەوەی سروشتی کارکردنیان و ئەو ئامانجانەی دەیانەوێ بەدی بهێنن، و ئەو پرسیارانەی دەیوروژێنن، بەتایبەتی یاریکردن بە ڕای گشتی و ڕاگەیاندن، سەرەڕای ئەو پێشنیازانەی دەیخەنە بەردەستی سیاسیەکان و پیاوانی خاوەنکار، یان ئەو پاساوانەی دەیهێننەوە بۆ بڕیارەکانیان، ئەم کۆمەڵانەی توێژینەوە گرنگی دەدەن بەتایبەتی بە سەرچاوەکانی دارایی ئەم ناوەندانەی توێژینەوە و ڕادەی دەرخستنی شەفافیەت لەبارەی ئەو سەرچاوانەوە، یەکێك لەو کۆمەڵانەی توێژینەوە کۆمەڵەیەکی ئەمریکیە پێی دەڵێن (Transparify) و ناوەندی (ئیدمۆند سافرا) بۆ مۆڕاڵ لە هارفارد ( at

1 .http://www.theguardian.%20com/uk-news/2014amar/16/mod-cyberwarfar-program

HarvardEdmond J. Safra Center for Ethics) وە دامەزراوەیەکی بەریتانی خۆی ناوناوە (کێ پاڵپشتی داراییتان دەکات؟ Who funds you)، وە کۆمەڵەی Transparify ئەنجامی توێژینەوەیەکی مەیدانی بڵاوکردەوە کە تاقانە بوو لەو بوارەدا، لەسەر ١٦٩ ناوەندی توێژینەوە ئەنجامیدابوو کە وەسفی Think Tanks یان بەسەردا دەچەسپێت، ئەویش لە ٤٧ وڵاتدا، توێژینەوەکە داتایەکی کەمی دەرخستبوو لە ڕووی باسکردنی سەرچاوەی دارایی لەلایەن ئەو ناوەندانەوە.

وە توێژینەوەکە ئەوەی دەرخستبوو کە لەنێوان هەر (سێ) ناوەندا تەنها یەکێکیان شەفاف بوون لە باسکردنی سەرچاوەی داراییان، وە ئەنجامەکان دەریانخستبوو کە تەنیا ٢١ ناوەند شەفافیەتی تەواویان هەبووە، هەروەها ١٤ ناوەندیان بەگشتی شەفاف بوون، بەڵام ١٣٤ ناوەندیان کەمترین ڕێژەی شەفافیان هەبووە یان هەر هیچیان ڕوون نەکردووەتەوە سەبارەت بە سەرچاوەی داراییان.

ئەوەی تێبینی دەکرێت کە ئەو ٢١ ناوەندەی زۆرترین ڕێژەی شەفافیەتیان هەبووە دابەش دەبن بەسەر ٢٦ وڵاتدا لە جیهان، ئەوەی جێگای سەرنجە ئەو ناوەندی توێژینەوانەی کە دەکەونە (کۆماری شاخی ڕەش) زۆر شەفافتر بوون لەوانەی کە لە ئەمریکابوون، ئەم نەبوونی شەفافیەتە لە ناوەندەکانی توێژینەوەدا پرسیارگەلێك دەوروژێنێت لەسەر

کار و بەرنامەی نهێنی ئەوان، بەمەش کارایی کەرتی ناوەندەکانی توێژینەوە ناهێلێت[1].

هەوڵەکان بەردەوامن بۆ بەجیهانیکردنی ناوەندەکانی هزر و کۆکردنەوەی داتای ورد لەبارەی خۆیان و چالاکیەکانیانەوە لە هەموو جیهاندا، بۆ ئەم مەبەستەش ساڵی ١٩٨٩ لە زانکۆی پەنسلڤانیای ئەمریکا بەرنامەیەك دارێژرا بۆ دروستکردنی بنکەیەکی داتابەیس لەسەر ئەم ناوەندانە، وە ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ئاراستە و ڕۆڵی ئەم ناوەندانە بەو سیفەتەی ڕەگەزێکی کاران لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا بۆ پرۆسەی دروستکردنی سیاسەت بە ئامانجی "بەدیهێنانی دامەزراوەی بەردەوام و بەشداری فەرمی ئەم ناوەندانە و کاراکردنیان بۆ بەرهەمهێنانی "توێژینەوەی سیاسەتەکان" لەسەر ئاستێکی پێشکەوتوو، کە توانای دروستکردنی ڕاوبۆچوون کارکردن لەسەر خەڵکی بەگشتی و دەستەبژێر بەتایبەتی لە بواری بەرژەوەندی گشتی"[2].

بەرنامەکە ساڵی ٢٠٠٧ دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی نەخشەیەکی جیهانی لەبارەی ئەم ناوەندە فیکریانە کە لە هەموو جیهاندا هەن، و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری هونەری و بەرنامەی بونیادنانی تواناکان لە ٨١ وڵاتدا، وە لە ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠١٣دا کە مانگی یەنایەتری ساڵی ٢٠١٤ بڵاوکرایەوە ئاماژە

---

1 .Transparify. How Transparentare Think Tanks about Who Funds Then? Tbillisi\georgia: Transparity, May 2014,p.3.

2 .McGann,James g>2013 Global go to Think Tank index Report. philadilphia, pa, usa, ThinkTanks and civil Socirties Program, university of Pennsylvania,2014,p.5.

بۆ ئەوە دەکات کە بەرنامەکە هەوڵدەدات بۆ دامەزراندنی تۆڕێکی هەرێمی و نێودەوڵەتی بۆ ناوەندەکانی هزر لەپێناوی ئاسانکردنی هاریکاری و بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی.

ناوی بەرنامەکەش "بەرنامەی ناوەندەکانی هزر و کۆمەڵگای مەدەنی"یە[1]، ڕاپۆرتەکە کە ١١٧ لاپەڕە بوو، لە بەرگی دەرەوەیدا نووسینێکی لەسەر بوو کە دروشمی بەرنامەکەی ڕووندەکردەوە، ئەویش ئەمە بوو: "یارمەتیدان بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان مەعریفە و سیاسەت"، هەروەها سێ نووسینی تری دانابوو کە ئامانجی ئاشکراکراوی بەرنامەکە و بواری کارکردنی دەردەخست کە ئەمانە بوون:

- گەڕان بە دوای ئەو ئاڕاستە و ئاستەنگانەدا کە ڕێگرن لەبەردەم ناوەندەکانی توێژینەوە و بەرهەمهێنانی سیاسەتەکان و کۆمەڵەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا کە گرنگی بە سیاسەت دەدەن.

- بونیادنانی توانای ناوەندەکانی هزر لە جیهاندا و پارێزگاریکردن لەو تواناییانە و بەهێزکردنیان.

- دابینکردنی گەورەترین و فراوانترین داتابەیس کە توانای لەخۆگرتنی زیاتر لە شەش هەزار ناوەندی فیکری لە جیهاندا.

ژمارەی ئەو ناوەندانەی توێژینەوە کە بەرنامەی توێژینەوەکە دەیانگرێتەوە ٦٨٢٦ ناوەندن لە جیهاندا، کە بەمشێوەیە دابەشبوون: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ١٧٨٠ ناوەند (٢٦,٠٧٪)، ئەوروپای ڕۆژئاوا

---

1 .The Think Tanks and Civil societies program.

١٢٧٠ ناوەند بەڕێژەی (١٨,٦٪)، چین ٤٢٦ (٦,٢٪)، هیند ٢٨٦ (٤,٢٪)، ژاپۆن ١٠٨ (١,٦٪)، وڵاتانی عەرەبی ٣٨٧ (٥,٧٪)، ڕاپۆرتەکە دابەشکاری زۆر لەخۆی دەگرێت بۆ ناوەندەکانی توێژینەوە لەسەر بنەمای دابەشبوونی جوگرافیان لە جیهاندا، وە ئەرکی تایبەتی ئەم ناوەندانە، و لایەنەکانی دەسکەوتی هەریەکێکیان کە وێنەیەکی گەورەتر لەبارەی کاری ئەم ناوەندانەوە دەنەخشێنێت لە سەر ئاستی جیهان.

ڕاپۆرتەکە گرووپێکی تایبەت نەکردووە بە وڵاتانی عەرەبی، بەڵکو لەڕیزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا ئەژماری کردوون، کە وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل و تورکیا و ئێرانن، ناوچەکەش باشترین ٥٠ ناوەندی توێژینەوەی تێدایە، کە بەشی تورکیا ٤ ناوەند و ئێران تەنها یەك ناوەند و ئیسرائیل ١١ ناوەند، پاشماوەی ناوەندەکانیتر بەسەر وڵاتانی عەرەبیدا دابەش بوون کە بەشی میسر ٩ ناوەند و ئیمارات ٤ ناوەند و هەریەکە لە ئوردون و قەتەر و کوێت و لوبنان ٣ ناوەند بۆ هەریەکێکیان، وە بۆ هەریەکە لە مەغریب و بەحرەین ٢ ناوەند، وە سعودیە و فەلەستین و تونس و لیبا و یەمەن یەك ناوەند.

گرنگیی ئەم بەڵگەنامەیە تەنها لەو ئەنجامانەدا نییە کە پێی گەیشتووە، بەڵکو لە بەکارهێنانی ئەو مەنهەجە بەرزەدایە کە زۆر وردە و کۆمەڵێك هەنگاو و ڕێوشوێنی گرنگ کە ژمارەیەك لە گەورە توێژەران دایانناوە و پیادەیانکردووە، ئەم جۆرە توێژینەوانە گرنگی تایبەتییان هەیە لەسەر سەرنجڕاکێشانی ئەم ناوەندانە بۆ کۆمەڵێك بابەتی گرنگ و لایەنی جۆراوجۆر

له کاری ڕێکخراوەییدا کە پێشتر جێگای سەرنج نەبوون، بەڵام دوای وروژاندنی پرسیار لەبارەی ئەم بابەتانەوە بوونە جێگای گرنگی و چوونە ناو بەرنامەی کاری ئەم ناوەندانەوە.

لەم دواییانەدا کۆمەڵێك کتێبی تایبەتمەند بڵاوکرانەوە، کە باس لە چەندێتی کاریگەری ئەم ناوەندانەی توێژینەوە دەکەن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەسەر پرۆسەی بەرهەمهێنانی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە کۆشکی سپی و کۆنگرێس، بەتایبەتی لە سیاسەتی دەرەوەدا، یەکێك لەو ناوەندانەی کە کاریگەریەکەی سنوورێکی گەورەی بڕیوە پەیمانگای برۆکینگز و دامەزراوەی کەلەپوور Heirtage Foundation و پرۆژەی سەدەی نوێی ئەمریکایە Project for the new American Century، هەندێك لە ناوەندەکانی توێژینەوەی بەناوبانگ بوون بە یاریزانی بنچینەیی لە گۆڕەپانی سیاسیدا، وە لە نیو سەدەی ڕابردوودا ناوەندەکانی توێژینەوە ببون بە ڕەگەزێکی بنەڕەتی لە پەیکەری سیاسەتی ئەمریکادا، ئەویش لە ڕێگای پێشکەشکردنی ئامۆژگاری بۆ سەرۆك و سیاسەتمەداران و قسەی شارەزایان بۆ دانیشتنەکانی کۆنگرێس.

زۆرێك لەو ڕاپۆرتانەی ناوەندەکانی توێژینەوە پێشکەشیان کردوون و لە ژێر ڕۆشنایی ئەواندا بڕیار دراوە بۆ ساڵانێك، بە جێگای مشتومڕ ماونەتەوە[1]، لەوانە گەشەپێدان و گواستنەوەی ڕۆکێتی بەرگری نیشتمانی،

---

[1]. دەتواندرێت زۆرێك لە نموونە بزانرێت لەسەر دەسەڵاتی ئەم ناوەندانەی توێژینەوە و کاریگەرییان لەسەر شەڕەکانی ئەمریکا لەلای مامۆستای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

وه شەڕی بۆشی کوڕ دژی تیرۆر، کتێبگەلێك و چەندین توێژینەوە، واقیعی ئەم ناوەندانەی توێژینەوەیان ڕوونکردووەتەوە، وە ئەوەیان دەربڕیوە کە کەموکوڕی و ناشەفافی هەیە لە پێدانی داتای بنەڕەتی و چۆنیەتی بەڕێوەبردنیان و ئەو دەسەڵاتەی هەیانە لە پایتەختی ئەمریکا یان ئەو دۆستایەتیەی دەکرێت بەرامبەریان وەکو بەخشینیان لە باج، هەروەها ئەنجامی ئەم توێژینەوانە ئەوەیان دەرخستووە کە ئەم ناوەندانە کاریگەری درێژخایەنیان هەیە لەسەر سیاسەتەکان، کە ئەم ناوەندانە پێشنیازیانکردووە لە بواری ئاسایش و ئابووری و ژینگەدا[1].

---

لە زانکۆی بۆستن کە خۆی بەشداری جەنگەکان بووە، کتێبەکەشی بە ناونیشانی سەربازیبوونی نوێی ئەمریکا: چۆن دەتوانیت ئەمریکییەکان هانبدەیت بۆ شەڕ.

-Bacevich, Andrew j. The New American militarism. how American are sedduced wars, Oxford and New York: Oxford university press, 2005.

[1]. لەو کتێبانەی کە واقیعی ناوەندەکانی توێژینەوەی ئەمریکایان باسکردووە و گومانیان وروژاندووە لەسەر کێشەی بەڕێوەبردنیان ئەم سێ کتێبەن:

- Abelson, Donald. A Capitol idea: Think Tanks and US Foreign Policy. Montreal, Canada, McGill-Queen s University press (August 14,2006.(
- Weidenbaum, Murray, The Competition of ideas: The World of the Washington Think Tanks, Piscataway, New Jersy: Transaction publishers (March 31,2011.(
- Medvets, Thomas. Think Tanks in America, Chicago: university of Chicago press,(september 6, 2012.(

## چوارەم: ناوەندەکانی توێژینەوە و ڕاگەیاندن

ناوەندەکانی توێژینەوە زۆر پشت دەبەستن بە ڕاگەیاندن، چونکە زۆرجار ئاڕاستەی ئایدیۆلۆژی هاوبەش هەیە لەنێوانیاندا، بەتایبەتی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن، کە ملیۆنان کەس دەیبینێت، ئەم کەناڵانە کەسایەتیەکانی ئەم ناوەندانە و ڕاپۆرتەکانیان دەردەخەن بە چڕوپڕی، وە هەندێکجار دامەزراوەی میدیای پەیوەست بەو ناوانەوە هەن.

دامەزراوەی (ترانسپاریفی transparify) لە پێگەی خۆیدا وتارێکی جین ئارمسترۆنگ[1]ی دابەزاندووە، کە ئافرەتێکی نووسەر و شرۆڤەکارە لە ناوەندێکی توێژینەوە، پێی دەوترێت "ڕێکخراوی دەستپێشخەری لێپرسینەوەی گشتی Public Accountability Initiative "، ئەم وتارە پەیوەندی نێوان ناوەندەکانی توێژینەوە و ڕاگەیاندن بە وردی ڕوون دەکاتەوە.

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە زۆر کاتدا ڕاگەیاندن پەیوەندی بەتینی نێوان پیشەسازی بەرگری و ناوەندەکانی توێژینەوە باس ناکات، بەتایبەتی ئەو گفتوگۆیانەی تایبەتن بە ئاسایشی نەتەوەیی[2]، وتارەکە نموونەیەکی دەربڕی ڕووماڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندنە بۆ

---

1. لەم بەستەرەوە سەیری وتارەکە بکە :

http://www.transparify.org/blog/2014/3/2/gin-armstrong

2. بەڵام هەندێك ڕێکخراوی تایبەتمەند هەن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم پەیوەندیانە و شیکردنەوەی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە.

ڕاپۆرت و توێژینەوەی ناوەندەکانی توێژینەوەی ئەمریکا، بەتایبەتی لە بابەتی ئەگەری هێرشی سەربازی ئەمریکا بۆ سووریا.

هەمیشە ڕۆژنامەنووسان چاوەڕوانی ئەوەیان هەیە لە توێژەران و کارمەندانی ناوەندەکانی توێژینەوە کە زانیاری و شیکردنەوەیان بدەنێ کە لاپەڕەکانیان پڕبکاتەوە، بەڵام شارەزایانی ناوەندەکانی توێژینەوە بەدوای ناوبانگ و دەرکەوتنەوەن لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا، ئەمەش کاتێك وەکو شارەزا و پسپۆڕ سوود لە ڕاوبۆچوون و شیکردنەوەکانیان وەردەگیرێت لە بەرنامە هەواڵیەکاندا، لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا، یان لە میدیای خوێنراودا، هەندێکیان وتار و شیکردنەوەکانیان لە چەند دەزگایەکدا بڵاودەکەنەوە لەیەککاتدا، لەمڕۆشدا ئامادەیی ناوەندەکانی توێژینەوە زیاتر بووە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی تەقلیدی و ئەلیکترۆنیدا.

## پێنجەم: ناوەندەکانی توێژینەوە لە جیهانی عەرەبیدا

ناوەندەکانی توێژینەوە لە هەر کۆمەڵگایەکدا بن، نیشانەی پێشکەوتنی زانستی و کلتووری و شارستانین، ئاماژەی زیندوێتی کۆمەڵگا و توانایەتی لە پەیوەندیکردن و بەکارخستنی شارەزایی فیکری و زانستی نوێ، لەهەمانکاتدا ژینگەی سیاسی و ڕۆشنبیری کۆمەڵگا و پێشکەوتنی شارستانی توانای کارکردنی کارا و کاریگەر بەم ناوەندانە دەبەخشن، لە ڕێگای چوارچێوەی یاسایی و پاڵپشتی دارایی و ئازادی سیاسی و سەربەخۆیی.

بەڕاستی جێگای داخە کە هەژاری و بێ بەرهەمی دەبینین لە جیهانی عەرەبیدا، لە ڕووی توێژینەوەو باسی تایبەت بە تۆمارکردنی داتا و ڕێژە و هەڵسەنگاندنی هەر بابەتێك یان پرسێکی تایبەت، ئەوەی کە هەشبێت زۆرتر هەوڵ و شارەزایی تاکەکەسیە[١]، بۆیە ئەگەر توێژەرێك بیەوێت زانیاری و داتای دەستبکەوێت کە بەهاداربێت و بەکەڵکی توێژینەوە بێت لە جیهانی عەرەبیدا، دەبێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو توێژینەوە و باسانەی کە دامەزراوە بیانیەکان کردوویانە، وە بابەتەکانی توێژینەوە لە ناوەندەکانی توێژینەوەدا جیاواز نین لە بوارەکانیتر لە ڕووی نەبوونی داتا و سەرژمێری و هەڵسەنگاندن.

ئەگەرچی پێویستە ئەو داتا و بابەتانەی ناوەندەکانی توێژینەوە پێشکەشی دەکەن ببنە بنەما بۆ ئەو بڕیارانەی بەرپرسە سیاسیەکان دەریدەکەن لە جیهانی عەرەبیدا لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و ئاسایشەوە، بەڵام لە واقیعدا بنەمای زۆربەی بڕیارەکان میزاجی کەسەکانن، یان هی ئەوانەی لە دەوروبەریانن لە ڕاوێژکارە بیانیەکان[٢]، وە کاتێك ناچار

---

[1]. ئەمە جگە لەو داتایانەی کە تایبەتن بە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن لە جیهانی عەرەبیدا کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆکانەوە، یان دامەزراوە ئاسایشیەکان تۆمار دەکرێن و هەڵدەگیرێن و زۆر بەباشی بەکاردەهێنرێن.

[2]. وەلید عبدالهادی لە توێژینەوەیەکیدا لەبارەی ڕۆڵی ناوەندەکانی توێژینەوە لە ئوردون، ئەوەی دەرخستووە کە بڕیاردەری سیاسی پشت نابەستێت بە داتا و ئەنجامەکانی ناوەندەکانی توێژینەوە تەنانەت ئەوانەشیان کە حکومەت خۆی

دەبن بۆ پشتبەستن بە داتا، ئەوا سەرچاوەکەیان نەتەوە یەکگرتووەکانە، بەتایبەتی بانکی نێودەوڵەتی سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی و ڕاپۆرتەکانی ناوەندی توێژینەوەی ئەمریکی و ئەوروپی.

ئەوەی تێبینی دەکرێت، دامەزراوە نێودەوڵەتی و ئەمریکی و ئەوروپیەکان توێژینەوەی سەربەخۆ لەبارەی جیهانی عەرەبیەوە ناکەن، بەڵکو لەگەڵ هەرێمێکی گەورەتر ئەژماریان دەکەن کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیایە MENA، لەمەشدا ئەو دامەزراوانە سوورن لەسەر ئەوەی پێگەیەکی باش بدەن بە داگیرکەری ئیسرائیل و تووركیا و ئێران و قوبروس.

ئەگەر بتەوێت داتا و زانیاری تایبەتت دەست بکەوێت لەبارەی وڵاتانی عەرەبیەوە لە توێژینەوە بیانیەکاندا، پێویستە توانایەکی زیاتر خەرج بکەیت بۆ جیاکردنەوەی داتاکانی وڵاتانی عەرەبی لەو هەرێمە فراوانەدا، ئەمەش زیاتر ڕوون دەبێتەوە لەو داتایانەدا کە توێژینەوەیەکی ئەمریکی پێشکەشی

---

پاڵپشتی داراییان دەکات، باشترین نموونەش ئەوەیە کە بڕیاردەری سیاسی کاتێك هەڵدەستێت بە گۆڕینی کابینەی حکومەت لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی ڕاپرسی نییە کە ناوەندی توێژینەوەی ستراتیژی لە زانکۆی ئوردون دەیکات لەبارەی جەماوەری حکومەتەکانەوە، بۆ ئەمە بڕوانە:

ـ عبدالهادي، وليد، دور مراكز الأبحاث في صناعة القرار السياسي الأردني١٩٨٩–٢٠١٠، بيروت، معهد عصام فارس للسياسة العامة والشؤون الدولية في الجامعة الأمريكية في بيروت، سلسلة برنامج أوراق العمل رقم١١ تشرين الأول ٢٠١٢، ص١٣–١٤.

کردوون لە زانکۆی پەنسلڤانیا بە ناونیشانی "بەرنامەی ناوەندەکانی هزر و کۆمەڵگای مەدەنی" و ڕاپۆرتەکەی لە جۆنیۆری ٢٠١٤دا بڵاوکراوەتەوە[1].

هەوڵماندا هەندێك وێنەی ئامادەیی ناوەندەکانی توێژینەوەی عەرەبی بخوێنینەوە لەم ڕاپۆرتەدا، بۆمان دەرکەوت کە ژمارەی دامەزراوەکانی توێژینەوە لە جیهانی عەرەبیدا کە شایانی ئەوەن ناویThink Tanks یان لێ ببنرێت، ٣٨٧ دامەزراوەن، کە دابەشبوون بەسەر هەموو وڵاتانی عەرەبی ئەندام لە کۆمکاری وڵاتانی عەرەبیدا، جگە لە سۆماڵ و جیبۆتی و جزورلقەمەر، کە ئەمەش کەمترە لە ٥,٧٪ی کۆی ناوەندەکانی توێژینەوە، کە ڕاپۆرتەکە دەیانگرێتەخۆی کە (٦٨٢٦ ناوەند)ن، وە لە ڕووی پلەبەندی وڵاتانی عەرەبیەوە کە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتوون میسر لە پلەی یەکەمدایە بە (٥٥ ناوەند)، ئینجا فەلەستین و عێراق بە (٤٣ ناوەند بۆ هەریەکێکیان)، ئوردون بە (٤٠ ناوەند) و تونس (٣٩ ناوەند) و یەمەن و مەغریب (٣٠ ناوەند بۆ هەریەکێکیان)، لوبنان (٢٧ ناوەند)، بەڵام سعودیە تەنها (٧ ناوەند)ی هەیە و ئیمارات (١٤ ناوەند) و کوێت (١١) و قەتەر (١٠ ناوەند).

---

1 .McGann, James g. 2013,Global Go Think Tanks index Report, philadilpgia, PA,USA, Think Tanks and Civil Sosieties Program, University of Pennsylvania, 2014 ، ڕاپۆرتەکە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بەرنامەی ناوەندەکانی توێژینەوە و کۆمەڵگای مەدەنی, Think Tanks and Civil Sosieties Program کە ساڵانە ئەم دەرخستەیە دەخاتەڕوو خزمەتگوزاریەکانی لە ٨١ وڵاتی جیهان پێشکەش دەکات، بڕوانە ڕاپۆرتەکە لاپەڕە ٥.

ئاشکرایە کە هەژاری لە توێژینەوەدا لە جیهانی عەرەبی لە کەمی ناوەندەکانی توێژینەوەدا دەردەکەوێت بە بەراورد بە وڵاتانی تری جیهان، بەڵام ئەم هەژارییە لە چەند لایەنێکیتریش دەردەکەوێت کە کەمتر نین لە کەمی ژمارەی ناوەندەکان، یەکێك لەوانە ئەوەیە هەندێك ناوەندی توێژینەوە لە وڵاتانی عەرەبی لە خشتەکانی ڕاپۆرتەکەدا وا دەرکەوتوون کە لە ڕووی ئەو پێوەرانەی کە دانراون بۆ جۆری بەرهەم کە ٢٨ پێوەرن زۆر هەژارن، یەکێك لەو پێوەرانە ڕادەی سەرکەوتوویی ناوەندەکە لە بەرهەمهێنانی بیروڕا و بەرنامەی داهێنەرانەدا، وە کاریگەری ئەو بەرنامانە لە گەشەپێدانی بەها کۆمەڵایەتی و باشکردنی شێوازی ژیان، وە توانای بەشداری پێکردنی دەنگی نوێ لە پرۆسەی دروستکردنی سیاسەتەکان، هەروەها پابەندبوون بە گەشەپێدانی پێوەر و بەرنامەی بەڕێوەبردن بۆ بەرهەمهێنانی بەڵگەی ورد لەسەر بنەمای توێژینەوە و شیکردنەوەی بابەتیانەی سەربەخۆ بێ کاریگەری بەرژەوەندی تاکەکەسی، یان ئەو دامەزراوەی پاڵپشتی دارایی دەکات، وە توانای کۆکردنەوەی بیرمەند و توێژەری دیار و بەتوانا و هێشتنەوەیان لەناو ناوەندەکەدا[1].

---

[1]. هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٣-١٤.

## شەشەم: پرسەکانی مسوڵمانان

## لە ناوەندەکانی توێژینەوەی ڕۆژئاوادا

لەدوای هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەتەوە لە ساڵی ١٩٩١، گرنگیدانی ناوەندەکانی توێژینەوەی ڕۆژئاوا لە هەڕەشەی سوورەوە، کە مەبەست لێی یەکێتی سۆڤیەت بوو، گۆڕا بۆ گرنگیدان بە هەڕەشەی سەوز، کە جیهانی ئیسلامیە، بۆیە ناوەندەکانی توێژینەوە و دەزگا ڕۆژنامەوانیە پەیوەستەکانیان کەوتنە توێژینەوە لەبارەی لایەنەکانی هەڕەشەی ئەو گرووپە ئیسلامیانەی هەوڵیان دەدا جەخت لەسەر شووناسی ئیسلامی گەل و دەوڵەتە ئیسلامیەکان بکەنەوە، حکومەتە ڕۆژئاواییەکانیش کەوتنە پۆلێنکردنی ئەو گرووپ و حیزبانە و پێوەلکاندنی تۆمەتی تیرۆر پێیانەوە، وە کەوتنە فشارخستنە سەر وڵاتانی جیهانی ئیسلامی بۆ بەرەنگاربوونەوەیان و دانانی سنوورێك بۆیان و وشککردنی سەرچاوەی داراییان و بنەبڕکردنی ئەو دامەزراوانەی لێیانەوە ئەندامیان بۆ پەروەردە دەکران.

زۆر بەکەمی ناوەندێکی توێژینەوەی ئەمریکی دەبینین گرنگی نەدات بە کاروباری جیهانی ئیسلامی، بەتایبەتی کاتێك ڕووداوی کاریگەر لە جیهانی ئیسلامیدا ڕوودەدات، ئەو ڕووداوانەش زۆرن، بۆیە ئاساییە کە ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی ببنە جێگای گرنگیپێدان و چاودێریکردن، نەك تەنها لای بڕیاربەدەست و سیاسییەکان و سەربازییەکان، بەڵکو لای ناوەندەکانی توێژینەوەش بە چاوپۆشی لە ئاڕاستەی بۆچوونیان.

بێگومان ئەنجامی هەر توێژینەوەیەکی زانستی بەرمەبنای جۆری ئەو پرسیارانەیە کە دەیوروژێنێت و توێژینەوەکە دەیەوێت وەڵامیان بداتەوە، بۆیە کاتێك پرسیارەکان تایبەت دەبن بە سیستمی سیاسی و جۆری دەسەڵاتدارەکانەوە، ئەوا ئەنجامەکانیش یە تەواوی جیاواز دەبن لەو پرسیارانەی تایبەتدەبن بە هەست و سۆزی خەڵکی ئاسایی و جۆری هەڵسوکەوتیان، وە کاتێك توێژەری نائیسلامی لە واقیعی پابەندیی بە ئیسلامەوە دەکۆڵنەوە لە جیهانی ئیسلامیدا، پرسەکان و ئەنجامەکان جیاواز دەبن، ئەو توێژینەوەیەی ناوەندی (پاو)ی ئەمریکی بۆ توێژینەوە (. Paw Research Center) ئەنجامیداوە، هیچ پرسیارێکی نەکردووە لەبارەی دەسەڵاتداران و سیستمی حوکمڕانیەوە، بۆیە داتا و زانیاریەکانیش دڵنیاکەرەوە بوون بۆ هەستی ئیسلامی، چونکە دەریخستووە کە زۆربەی مسوڵمانان لە سەرجەم جیهاندا پابەندییەکی قوڵیان هەیە بە ئیمان و بڕوایانەوە، وە دەیانەوێت یاسا و ڕێساکانی ئیسلام ژیانی تایبەتی و کۆمەڵگای سیاسیان دیاریبکات و حوکم بە شەریعەت بکەن(1).

بەڵام ئەو توێژینەوەیەی حسین عەسکەری و شەهرزاد ڕەحمان ئەنجامیاندا لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن، ئەنجامەکانی زۆر جیاوازبوون، کاتێك توێژەرەکان پێوەرێکیان دانا بە ناوی (نیشاندەری پابەندیی ئیسلامی Islamicity index)، کە هەستان بە جێبەجێکردنی میسالیاتی ئیسلام لە

---

[1]. Paw Research Center. The World sMuslims: Religin, Politics and sosiety, April 30,2013.

چەند بوارێکی ژیانی کۆمەڵگادا، وەکو: دەسکەوتی ئابووری، حوکمداری، مافەکانی مرۆڤ و مافی سیاسی، پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان... لە ٢٠٨ وڵاتدا لە وڵاتانی ئیسلامی[1]، توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە وڵاتانی ئیسلامی بەشێوەیەکی زۆر خراپ، ئیسلام بەکاردەهێنن، تەنانەت بەوە تۆمەتباری کردوون کە سیفەتی ئاینی (ئیسلام) کە بانگەشەی بۆ دەکەن تەنها بۆ زاڵبوون و دەسەڵاتە، وە هەردوو توێژەر ئەوەیان دووپات کردووەتەوە کە زۆربەی ئەو وڵاتانەی بانگەشەی ئیسلامیبوون دەکەن، وڵاتی ستەمکار و گەندەڵ و دواکەتوو و نائیسلامین تا خەیاڵ بڕ دەکات.

---

1 .http://www.irishtimes.com/news/social-affairs/religion-and-beliefs/ireland-closest-to-islamic-economic-teachings-1.1826354

## حەوتەم: ناساندێکی هەندێك ناوەندی توێژینەوە لە جیهاندا

| ژمارە | ناوی ناوەند | مێژووی دامەزراندن | وڵات | ئامانج |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ١. | دامەزراوەی کارینگی بۆ ئاشتی جیهانی | ١٩١٠ | ویلایەتە یەکگرتووەکان | توێژینەوەی سیاسەتی دەرەوە بۆ سنووربەندکردنی جەنگ و پێشکەشکردنی تێڕوانینی شیکاری بەراوردکاری کە بەشداری بکات لە ئاڕاستەکردنی پێشکەوتنی سیاسی |
| ٢. | پەیمانگای بڕۆکینگز | ١٩١٦ | ویلایەتە یەکگرتووەکان | پەیامەکەی بریتیە لە گەشەپێدان و پاڵپشتی توێژینەوە لە بوارە گشتیەکانی ئابووری و بەڕێوەبردنی حکومەت و زانستی سیاسی و کۆمەڵایەتی |
| ٣. | پەیمانگای پاشایەتی بۆ کاروباری نێودەوڵەتی (چاتام هاوس) | ١٩٢٠ | شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا) | گفتوگۆی ڕاشکاوانە لەبارەی پرسەکانی وزە و ژینگە و سەرچاوەکان و ئابووری جیهانی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و یاسای نێودەوڵەتی و توێژینەوەی لۆژیك. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤. | پەیمانگای ژاپۆنی بۆ کاروباری نێودەوڵەتی | ١٩٥٩ | ژاپۆن | لێکۆڵینەوەی کاروباری نێودەوڵەتی و پرسی ئاسایش، وە لە سیاسەتی دەرەوەی ژاپۆن دەکۆڵێتەوە، پێشنیاز پێشکەش بە حکومەت دەکات و بەرچاوڕوونییش بە خەڵکی. |
| ٥. | ناوەندی ئەهرام بۆ توێژینەوەی سیاسی و ستراتیژی | ١٩٦٨ | میسر | توێژینەوەی بابەتەکانی ستراتیژی و سیاسی و ئابوری و سەربازی و کۆمەڵایەتی پەیوەندیدار بە میسر و وڵاتانی عەرەبی و جیهان. |
| ٦. | ئەکادیمیای چینی بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان | ١٩٧٧ | چین | گەشەپێدانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان و دەستەبەری بەردەوامی زیندوێتی ئوممەت لە ڕێگای زانست و فێرکردن، وە هەوڵدانی پێویست بۆ بواری کێبەرکێی جیهانی. |
| ٧. | ئەنجومەنی هەواڵگری نیشتمانی نێودەوڵەتی | ١٩٧٩ | ویلایەتە یەکگرتووەکان | هەماهەنگی لە نێوان دەزگاکانی زانیاری و هەواڵگری سیاسی و حکومی و حیزبی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و خوێندنەوەی داهاتوو. |
| ٨. | ناوەندی عەرەبی بۆ باس و توێژینەوەی سیاسی/ قەتەر | ٢٠١٠ | قەتەر | دەستنیشانکردنی کاروباری وڵاتانی عەرەبی و شیکردنەوەی سیاسەتی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری. |

## ئەمەش ناوی ناوەندەکان و پێگەی ئەلیکترۆنیانە کە دواجار زانیاریم لێوەرگرتوون بە مێژووی ٢٠١٥/٩/٦:

١ ـ پەیمانگای برۆکینگز:

brookings institution(1)

٢ ـ پەیمانگای پاشایەتی بۆ کاروباری نێودەوڵەتی (چاتام هاوس):

royal institute of international affairs - chatham house(2)

٣ ـ دامەزراوەی کارینگی بۆ ئاشتی جیهانی:

Carinegie endowment for international paece(3)

٤ ـ ئەکادیمیای چینی بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان:

The Chinese Acadimy of Social scinece (CASS)(4)

٥ ـ پەیمانگای ژاپۆنی بۆ کاروباری نێودەوڵەتی:

The Japan Institute of International Affairs (JIIA)

٦ ـ ناوەندی عەرەبی بۆ باس و توێژینەوەی سیاسی/ قەتەر(٥).

٧ ـ ناوەندی ئەهرام بۆ توێژینەوەی سیاسی و ستراتیژی(٦).

٨ ـ ئەنجومەنی هەواڵگری نیشتمانی نێودەوڵەتی:

Worid national Intelligence Council(7)

---

1. https://www.brookings.edu/opinions/history-and-humiliation/
2. https www bibliotecapleyades.net/socioplitica/esp-sociopol_cfr_10.htm.
3. http://carnegieendowment.org.
4. www.bic.cass.cn/english/index.asp.
5. www.dohainstitute.org.
6. http:// acpss.ahram.org.eg.
7. http://fas.org/irp/nic.

# کۆتایی

ئەم بابەتە لەبارەی بونیادی فیکریەوە بوو، وا چاوەڕوان دەکرێت کە بونیادی فیکری بونیادێکی ڕێکخراو و تۆکمە بێت، وە بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەیەکی گشتی کە وەسفێکی دیاریکراوی بداتێ جیای بکاتەوە لە وەسفەکانیتر، بەردەوام دەگۆڕێت و لە فراوانبوون و قوڵبوونەوەدایە، بابەتی بونیادنانیش فیکرە، کە خەسڵەتێکی مرۆڤە وەك دروستکراوێك کە خوا ڕێزی لێناوە، ئەمانەتێکیشە لای هەموو مرۆڤێك کە دەبێت بیپارێزێت و باش چاودێری بکات، ئەویش پابەندی دەکات بە گەشەسەندنێکی تەندروست و پێشکەوتن بەرەوباشتر چوون.

کاتێك خوێنەر دەگاتە ئەم ئاستەی خوێندنەوە، مافی خۆیەتی بپرسێت: چی خوێندووەتەوە؟ بەزۆری لەم کاتەدا چاودەگێڕێتەوە بەسەر ناونیشانەکانی بابەتە خوێندراوەکە، لەوانەشە بڕوانێتە لیستی ناوەڕۆکی بابەتەکە، بۆئەوەی ڕەگەزە فیکریە گەورەکانی بیربکەوێتەوە، کە نەخشەی بیروبۆچوونەکان لەخۆی دەگرێت کە دەیخوێندەوە، هەروەك لەوانەیە سەرلەنوێ هەندێك ناونیشانە لاوەکی بخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ ڕووکارەکانی ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی بیر بکەوێتەوە، هەندێکجار وادێت بە خەیاڵی خوێنەردا کە بابەتە خوێندراوەکە بۆ کەسانی خێزانەکەی یان

ناسراوێکی باس بکات، بۆیە ئەوە دیاریدەکات کە دەیەوێت باسی بکات، یان خۆی ئامادە دەکات بۆ هەندێك پرسیار کە لێی بکرێت، وە ئەو تێبینیانەی کە ئەم دەیەوێت باسیان بکات.

بەڵام بەدڵنیاییەوە خوێنەر شتگەلێکی بیردەکەوێتەوە کە نەیخوێندووەتەوە، هەندێك ناونیشان دێت بە خەیاڵیدا کە دەگەڕێت بەدوایاندا تا بزانێت لەم بابەتەدا خوێندوویەتیەوە، لەوانەیە سەرلەنوێ چاوبگێڕێتەوە بە نەخشەکاندا بۆ ئەوەی بزانێت ئەم ناونیشانانە هەن یاخود نا؟ لەمەشەوە ئەرکێکیتر بۆ خۆی بڕیار دەدات کە بگەڕێت بەدوای شتیتردا بۆ خوێندنەوە.

دواتر بابەتگەلێك خۆیان دەخزێننە ناو زەینی خوێنەرەوە کە پێشتر خوێندوونیەتەوە، بۆیە دەکەوێتە بیرکردنەوە لەم بابەتەی کە تازە خوێندوویەتیەوە تا بەراوردی بکات لەگەڵ ئەوانەی پێشتر خوێندبوونیەوە، وە کاتێك شێوەی لەیەکچوو و جیاوازی هەردوو لای بۆ دەردەکەوێت دەکەوێتە پۆلێنکردن بۆ ئەوەی ئەم بابەتەش بخاتە خانەکانی ئەو بابەتانەی پێشتر خوێندراونەتەوە، بۆ نموونە ئەم بابەتە فیکری ئیسلامیە، بەڵام لەوانەیە بچێتە خانەی قوتابخانەیەکی فیکری دیاریکراوەوە، لەمەشەوە ناوی نووسەر و کتێب و بیرمەندانی سەر بەم قوتابخانەیە دێتەوە بیری.

ئەمانە نموونەی ڕاکێشانی زەینی و جوڵەی عەقڵ و ئەندێشە و هاتوچۆی فیکرن، هەمووشیان وێنەی چالاکی عەقڵی مرۆڤن کە دەربڕی حاڵەتی تەندروستی بەکارخستنی توانا فیکریەکانی ئینسانن، وە هەر لاوازیەك لە

ئەنجامدانی ئەم چالاکیانە کە خوێنەر لەخۆیدا هەستی پێبکات ئەوا لە ئەنجامی نارێکیەکە لە رێکخستنی پرۆسەی تێفکرین کە پێویستی بە چارەسەرکردنە.

وا چاوەڕوان دەکرێت لە خوێنەر کە شتێك فێرببێت لەبارەی ڕێژەی سەرنجڕاکێشان لەلایەن پێگە فیکریەکانەوە کە کەسانێك لە دەستەبژێری کۆمەڵگا بەڕێوەیان دەبەن، هەروەها ئاستە جیاوازەکانی بونیادی فیکری کە چینەکانی دەستەبژێر پێی جیادەکرێنەوە و ئەو تایبەتمەندیانەی زۆرینەی خەڵکی پێی دەناسرێنەوە، ئەوانەی ئاسان نییە پۆلێنیان بکەین، وە خوێنەر ئەوەش فێردەبێت کە حاڵەتێکی ئاساییە لە کۆمەڵگادا کە ئاستەکانی بونیادی فیکری جیاوازبن لەلای تاکەکان و چینە جیاوازەکان، ئەم جیاوازیەش کارێکی باشە، چونکە هەر تاکێك ئاستێکی فیکری دیاریکراوی هەیە، وە هەرتاکێك ڕۆڵی تایبەتی خۆی هەیە، ئەم ڕۆڵانەش یەکتری تەواو دەکەن لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکی فیکری لە کۆمەڵگادا.

پێمانوایە کە خوێنەر پرسیار دەکات لەبارەی بونیادی فیکری خۆیەوە لەنێو ئەم وێنانەدا کە خوێندوویەتیەوە لەبارەی بونیادی فیکرییەوە، بێگومان دەپرسێت: چ بیروبۆچوونێکی هەڵگرتووە؟ وە کام قوتابخانەی فیکری لێیەوە نزیکە؟ وە کام نەخشەی فیکری دەربڕی کۆی بیروبۆچوونەکانی و ڕەگەزە سەرەکیەکانیەتی؟ چ فاکتەرێك کاریگەری لەسەر پێکهاتنی ئەم نەخشەیە هەبووە؟ چۆن و کەی کاریگەری دروست کردووە؟ وە بەچی ڕادەیەکە ئەو کاریگەریە؟ وە دەکرێ حەزی ئەوەی لا

دروست ببێت که شوێنی خۆی دیارییبکات له ئێستا بەدواوه، که ئایا دەیەوێت له شوێنی ئەو: زانا، ڕۆشنبیر، بانگخواز، چاکساز، فەیلەسوف یان بیرمەندە بێت؟

پێمانوایه که خوێنەر پرسیار بکات لەبارەی پەیوەندی نێوان فیکر و هەڵسوکەوت و مانای پێکەوە گونجانیان، یان مانای جیاوازبوونیان، بێگومان نمونەگەلێك بازدەدەنه ناو زەینی لەو کەسایەتیه گشتیانەی که هەبوون له هەردوو حاڵەتی گونجان و دژیەکی فیکر و هەڵسوکەوتیان، وه ئەو حاڵەتەش هەڵدەبژێرێت بۆ خۆی لەنێوان ئەو دوانەدا.

وا چاوەڕوان دەکرێت له خوێنەر که پرسیار بکات لەبارەی دیاردەکانی کەسایەتی تاکی مرۆڤ و پێگەی بونیادی فیکری لەو کەسایەتیەدا به بەراورد به بونیادی سۆز و ویژدانی، ئایا دوو بونیادی جیاوازن؟ وه چۆن کاردەکەنه سەر کەسایەتی تاك؟ و پەیوەندی بابەتی و خودی له هەریەکێك لەو دوو بونیادە چیه؟

ئەگەر ئەم نووسینه توانی ئەم پرسیارانه و هاوشێوەکانی بوروژێنێت لای خوێنەر، وه جوڵاندی بۆ ئەوەی بەدوای وەڵامیاندا بگەڕێت، ئەوا ئەم بابەتی نووسینه بەشێك له ئامانجەکانی خۆی پێکاوه.

والحمد لله رب العالمين